





# ڕێبازی قاسملوو؛
# ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات

## ٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خوێنەری بەرێز

به بۆنەی ٣٥مین ساڵوەگەڕی تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری کاریزماتیک و لێهاتووی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەوڵم داوە کۆمەڵێک بابەت، وتار و وتوویژی کەسایەتی بیانی و کوردی غەیرە حیزبی لە دووتویێ نامیلکەی(ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات) لە چوار بەشدا دەخەمە بەرچاوی ئێوەی بەرێز.

بەشی چوارەم و کۆتایی: ١٥ وتارو بابەت و ١٠٠ لاپەڕەیە.

دەستخۆشی لە هەموو نووسەرانی دیمانە و وتارەکان دەکەم. رووح و رەوانی کۆچکردوان شاد و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ ئەم کەسانە کە ئێستا لە ژیاندا ماون بەئاوات دەخوازم.

# پێڕست:

١- قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟ ........................................ ئەنوەر حسێن (بـازگر) ..... ٣
٢- ئەو رۆژەی دوکتور قاسملوو تێرور کرا من لە پاریس بووم .................................. ئەحمەد ئەسکەندەری ..... ٧
٣- بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی ............................ دیمانە: ئازاد مستۆفی ..... ١١
٤- دوکتور قاسملوو: ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد .......... موستەفا زەنگین ..... وەرگێڕان: سیپان ڕۆژهەڵاتی ..... ١٧
٥- مینا قاسملوو: باوکم وتی "ئولۆف پالْمە" نییە تا پۆلیس پارێزگاری لێ بکات ........................................ ٣٧
٦- بە بۆنەی دەستوێڕاگەشتن بە دوو وێنەی دوو ڕێبەری سیاسی کورد، قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق .... حەسەن قازی .... ٤٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

٧- تێڕوانینێکی مافناسانە لەسەر دۆسیەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی .................... فاراز فیروزی ..... ٤٩

٨- من سێ ڕۆژ لەگەڵ قاسملوو لە بەهەشت بووم .......................... بیرەوەری و نووسینی: تەمووریٚ خەلیل ..... ٥٢

٩- لە ورمێ تا ڤییەنا ................................................................ پەیسەرپرێس ..... ٥٨

١٠- د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم ...................................... مەلا بەختیار ..... ٦٦

١١- کوردایەتیی دوکتور قاسملوو باسێک لەسەر کتێبی کوردستان و کورد ............................ شەهلا دەباغی ..... ٧٢


١٢- ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....................... د. هۆشمەند عەلی ..... ٨١

١٣- داهێنانێکی بوێرانە و سەردەمیانەی دوکتور قاسملوو لە گوتاری چەپدا .......................... هیوا کوردی ..... ٨٦

١٤- قاسملووی ژیرو زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر .... مارک کراڤێتس و: قادر وریـا ..... ٩٢

١٥- عەبدولڕەحمان ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا وەک ئاڵا چەقیوە و بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە. ..............................

................................................................ ن: مووسا عەنتەر - و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی ..... ٩٧






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟



**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

**قسە لەسەر کەسێک دەکەین کە سیاسەتمەدار، دیبلۆمات، پێشمەرگە، تێکۆشەر، نووسەر، کاریزما، قسەخۆش، دیموکراسیخواز، چەپ، مارکسیست و سۆسیالیست، کەسێکی نەتەوەیی، دیموکرات، کەسایەتییەکی سیاسیی گلۆباڵ، کەسایەتییەکی ئەنترناسیۆناڵ.**

بەڵام تیرۆرکردنی واتا باس لە ڕووداوێک دەکەین، کە هەر دەڵێی دوێنێ ڕووی داوە، هێندە بەسوێ و ئازارە، ڕەنگە هێشتا قبووڵکردنی سەخت و دژوار بێت، یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و یەکێک لە ڕابەرانی کاریزمایی حزبی دیموکرات بە فیزیکی لە ناوماندا نییە، بەڵام ئایدیا و ئارمان و ڕێبازەکەی هێشتا سیمبوولی شۆڕش و قوربانیدان و خۆڕاگرییە، وەکو خۆیشی دەڵێت: "باشترین خەڵات بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگەکەیانە". واتا کۆبوونەوە و ڕێزگرتن لە د. قاسملۆ و پرۆتستۆکردنی ئەو کردەوەیە، هەر ڕێک درێژەپێدانی ڕێگەکەیەتی. چونکە گەر حزبی دیموکرات، سەدان سەروەریی مێژوویی، سیاسی و نیشتیمانیی گەورەی هەبووبێت، یان هەبێت لە ناویاندا، یەکێک لە شانازی و سەروەرییەکانی قاسملۆیە. ئەوەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە سکرتێری حزبی دیموکرات بووە، نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوەی د. قاسملۆ بۆخۆی کەسایەتییەکی گلۆباڵ بوو تا لۆکاڵ.

ئەو لەسەر ئاستی دونیا، وەکو یەکێک لە ڕابەرانی کورد دەناسرا و سەیری دەکرا، پێش ئەوەی وەکو سکرتێری بناسرێت،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

دەکرا قاسملۆ هێشتا لەناوماندا بوایە. یان لەگەڵ حزبی دیموکراتیش نەبوایە، بەڵام هیچکام لەوانە لە ڕۆڵ و کاریگەری و کەسایەتی و سیمبوولیزمی ئەوی کەم نەدەکردەوە. هەرگیز نەدەگوترا بەوەها حاڵێکیشەوە وەک یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتیمانی قبوڵ نەکرێت. ڕەنگە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم ڕۆڵەی د. قاسملۆ بێت، کاتێک باسی قازی دەکرێت، بێ سێ و دوو باس لە قاسملۆش دەکرێت.

یان کاتێک باس لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، لە پاڵ دەیان شەهید و سەرکردەی تردا، ناوی قاسملۆ دێتە گۆڕێ. تەنانەت کە باس لە یەکێک لە نزیکترین دۆستە خۆرئاواییەکانی کورد دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانیدا، مومکن نییە قاسملۆ بەحس و باس نەبێت، یان کە باس لە حزبی دیموکرات دەکرێت، بێ سێ و دوو بڵێن حزبەکەی قاسملۆ.

بۆیە، هەندێکجار یان زۆرتر لە جارێک، حزبی کوردی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەیی دەبێت کە سەرکردە و کاریزماکانیان تەنها و تەنها بە موڵکی حزبێکی بچکۆلە دەبینن، تا سەرکردەیەکی کوردستانی، یان هیومانیست، یان گلۆباڵ. بۆیە حزبی دیموکرات، هەرگیزا و هەرگیز نابێت ڕێگە بدات، قاسملۆ، فکر، ئایدۆلۆژیا و کاریزمابوونی و ڕێباز و خەت و وجوود، تەنانەت شەهیدبوون و مەرگیشی بە تەنیا بە سەروەری بۆ دیموکرات بزانێت و بەس.

مەبەستمە بڵێم، گەر حزبی دیموکرات وەها بیر بکاتەوە لەهەمبەر د. قاسملۆ، بێگومان هەوڵێکە بۆ بچووککردنەوەی کەسایەتییەکی گەورە، لە چوارچێوەیەکی بچووک و لۆکاڵی حزبی، کە یەکەم زەرەمەند خودی حزبی دیموکرات دەبێت. - کە بۆچوونی من، حزبی دیموکرات. گەر بە عەلەنی ئەووەی ڕانەگەیاندبێ، کە قاسملۆ هی هەموانە یان لانیکەم هی ئەکسەریەتی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە زۆرتر وەکو سکرتێری حزبەکەی ناساندوویەتی، دەتوانم نموونەی زۆر بێنمەوە بە تایبەت بۆ ئەو ڕابەرانەی کە شەهیدبوون یان گیانیان لە دەست داوە، کە دەکرا هەر لە ڕێگەی خودی حزبەکانیانەوە گەورەتر نیشان بدرێت و بکرێنە سیمبوولی هەموان، موڵکی هەموان، بەڵام کە نەیانکرد، حزبەکانیان زەرەریان کرد چونکە بەوە دڵی هەزاران کەسیان ڕەنجاند، کە کاریزمایەک وەکو موڵکی حزبێک ناسێنرا.

لەمبارەیەوە حزبی دیموکرات لە بەرامبەر قازی محەمەد باشتر مامەڵەی کرد و شوێنی خۆیشی گرت و تا ئەم ساتەش لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان وەها سەیری دەکرێت کە موڵکی هەموو کوردە و پێم وایە لە چل ملیۆن کەس، چوار کورد نادۆزیتەوە دژی قازی محەمەد بێ و بە موڵکی خۆی نەزانێت. ئەم تێڕوانینە مانای ئەوە نییە کە حزبی دیموکرات شانازی بە قاسملۆ نەکات، بەڵام دەبێ ڕێگە بدات، ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی خەڵکانی تریش بە هی خۆیانی بزانن. چونکە ئەوە واقیعە، گەر غیابی مام جەلال بە (ی.ن.ک) دیارە، کە بێگومان دیارە. گەر غیابی مەلا مستەفا بە پارتییەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

دیارە. کە دیارە. گەر غیابی ئۆجەلان بە(pkk)وە دیارە، کە بێگومان دیارە، گەر غیابی فوئاد مستەفا سوڵتانی بە کۆمەڵەوە دیارە، بێگومانیشم کە غیابی د. قاسملۆش بە حزبی دیموکراتەوە دیارە. بەڵام گەر ئەنجامگیری ئەم بۆچوونە کۆ بکەینەوە، غیابی هەموویان بە کورد و کێشە ڕەواکەیەوە دیارە. غیابی هەموویان، چەندە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوتی حزبەکانیان هەیە، چەند هێندە کاریگەریی لەسەر گەلی کورد و خەبات و تێکۆشان و ناسینەوەی بزووتنەوەکەوە هەیە.

ئەم بۆچوونەی من ڕەنگە خەڵکانێک بە سۆز و عاتیفەی بزانن، ڕەنگە گلەیی ئەوانە ڕاستیشی تێدا بێت، چونکە ئامار و فاکتێکی کۆنکرێتیم پێ نییە، ئەگەرچی سەددەرسەد یەقینم هەیە. بەڵام ئەمە کاری حزبی دیموکراتە، سەبارەت بە قاسملۆ ئەمە بکاتە فاکت و لە ڕێگەی دراسە، لێکۆڵینەوە و دروستکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بیخاتە بەردەست. ئەگەرچی دەبێت دان بەوەشدا بنێم. هێشتا هەندێک لە دژەکان، یان لە مێژوویەکی خوێناویی ڕابردوو تێنەگەیشن و نەناسین و تەئیدی ئەم فاکت و لێکۆڵینەوانە نەکەن، یان پێیان وا بێت قاسملۆش بێ کەموکوڕیی نەبووە و هەرگیز وەکو کارەکتەری سەرەکی و کاریزماتێکی نەتەوەیی نایناسن، کە دەکرێت ئەوەش بە بۆچوونێک بزانین.

دەبێت ئەوەش بە ئاسایی و ئاسانی قبووڵ بکەین، کە دوژمنانی گەلی کورد لەپێشەوەی ئەو بۆچوونەن بەردەوام ئەوە دەڵێنەوە و دەیانەوێت کەسایەتی د. قاسملۆ و خەت و ڕێبازەکەی کەم بکەنەوە، کە زۆر درۆزنانە ئەمانە دەڵێن، چونکە دەیان ساڵ بە دوایدا وێڵ بوون، کە تیرۆری بکەن سەرئەنجام بە داخەوە کە کردیان. واتا تیرۆرکردنەکەشی کە هەر لەو کاریزماتیک و گەورەیی و بەهێزییەوە بوو، چونکە پێیان وا بوو، بە تیرۆرکردنی قاسملۆ بزووتنەوەکە، حزبەکە و خەباتەکە کۆتایی دێت. بەڵام بە هەڵەدا چوون.

د.قاسملۆ بەو پێیەی زوو لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆرئاوادا تێکەڵ بوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورە خۆرئاواییە مۆدێرنەوە، کە ڕەنگبێت هەندێک لەو چەمک، فەلسەفە و بۆچوونانە بۆ ئەوکات بۆ گەلی کورد تازە بوو، بەڵام قاسملۆ توانی ئەو چەمک و مەفهومانە بگوازێتەوە، کە لە ئێستای خەباتی سیاسیی گەلی کورد، ناوچەکە و جیهانیشدا کاریگەریی گەورەیان هەیە و داناوە.

**یەکەم**: د. قاسملۆ گەر خاوەنی تێزی گواستنەوەی دیموکراسیی خۆرئاوایی نەبێت بۆ کوردستان: یان لانیکەم لە ڕۆژهەڵات، بەڵام یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەم میتۆد - ڕێبازە - گواستنەوەی دیموکراسی- چەمکەکانی لیبرالیزم _ ئازادییە شەخسییەکان - فەردییەکان - بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

**دووەم**: د. قاسملۆ ڕۆڵی هەبوو لە گواستنەوەی فکر و ئایدیای سۆسیال دیموکراسی: و زوو درکی بە گرنگیی ڕێباز و ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی کردبوو، کە چینی ناوەڕاست، چەندە ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەیە دەتوانێت خزمەتی گەورە بە شۆڕش بکات. واتە قاسملۆ لە دەورانێکدا کە گەرمەی ڕەوت و ڕێبازی مارکسیزم - ماوئیزم - قسەوباس بوو لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، فکری لە گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کوردستان دەکردەوە، کاریگەریشی دانا، ئەگەرچی خودی قاسملۆ خۆیشی کەسێکی چەپ و مارکسیست بوو، چ لە دەورانی گەنجیی سەردەمی حزبی تودە، چ دواتر وەکو کەسایەتی کوردی سۆسیالیست مایەوە بەڵام دەکرێت بڵێین دیسان د. قاسملۆ، یەکێکە لە ڕابەرانی گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

**سێیەم**: بیروڕای د. قاسملۆ بە خەباتی چەکداری هیچ پارادۆکسێکی تێدا نییە، لەگەڵ خەباتی دپلۆماسی و ئاشتیخوازانەی، بەو دەلیلەی قاسملۆ دەیان ساڵ لە خەباتی چەکداری شەهید نەبوو، بەڵام لە پێناو ئاشتی، خەباتی دپلۆماسی ڕێگای بەخت کرد.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەو ڕۆژەی دوکتور قاسملوو تێرور کرا من لە پاریس بووم.



**ئەحمەد ئەسکەندەری**

**Den 13 juli 1989 Dr Abdullrahman Ghassemlou och hans medarbetare Abdulla Ghaderi-Azar mördades i Wien medan de höll på att förhandla med representanter från den iranska regimen. De mördades mitt under förhandlingen. De misstänkta gärningsmännen greps kort efter morden av österrikisk polis för att därefter överlämnas till den iranska ambassaden i Wien.**

ساڵی ١٩٨٩ دووسەدەمین ساڵی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بوو. هەربۆیە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٤ی ژووئیەی ئەو ساڵە زۆر تایبەتی بوو و توووریستێکی ئێجگار زۆر لە پاریس بوون.

ڕۆژی ١٤ی ژووئیە لە ماڵی دۆستێکم میوان بووین و من گوێم لە دەنگوباسی سەعات هەشتی بەیانی ڕادیۆ بی‌بی‌سی جیهانی بە زمانی ئینگلیسی گرتبوو. یەکەمین خەبەر تێرۆر کردنی دوکتور قاسملوو و عبداله قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە پاریس بوو. زۆر زەحمەت بوو باوەڕکردنی ئەو هەواڵە چونکوو هەم تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ئورووپا زۆر چاوەڕواننەکراو بوو و هەم هیچ زانیارییەک نەبوو لەوەی کە دوکتور قاسملوو لە ڤییەننا بووبێت. ڕادیۆ بی‌بی‌سی جیهانی، دوای دەنگوباس لە لێکدانەوەی هەواڵەکەدا لەگەڵ باقر معین (کە ئەودەم بەرپرسی بەشی فارسی ڕادیۆ بی‌بی‌سی بوو) قسەیان کرد. لێکدانەوەی ئەوم زۆر پێ سەیر بوو. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کێ دەتوانێ لە پشت ئەو تێرۆرەوە بێت،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

**گوتی "بەم دواییانە بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات جیابوونەتەوە.**

**... لەوانەیە ئەوان بن!!"**

**دوای بیستنی هەواڵەکە لە ڕادیۆ بی‌بی‌سی‌یەوە، من بە پەلە دەرکەوتم بۆ ئەوەی خەبەرەکە بە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بگەیەنم کە هێشتا هەواڵەکەیان نەبیستبوو.**

**نووسەر و ڕۆژنامەوان خاتوو کارۆل پرونهووبێر لە کتێبەکەی خۆیدا ( The Passion and death of Rahman the kurd) "خولیا و مەرگی ڕەحمانی کورد" دەڵێ: سەعات هەشتی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٤ی ژووئییە ١٩٨٩ وەزیری ناوخۆی ئوتریش (نەمسا) ئاگادار کرایەوە کە ئەو تێرۆرانە سیاسین و سێ ئێرانی هاتوون و ئەو سێ کوردەیان تێرۆر کردووە... دەشڵێ تێرۆریستەکان پاسپۆرتی دیپلۆماتیکیان پێ بووە بە بێ ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش لە بوونی ئەم کەسانە لە سەر خاکی وڵاتەکەیان ئاگادار کرابێتنەوە. کارۆڵ سەبارەت بە لانیکەم سێ کاسێتی قسەوباسەکانی کۆبوونەوەکە بە وردی دەدوێت کە لە کیفە دەستییەکەی دوکتور قاسملوودا بینراوەتەوە و هەروەها باس لە دەستکاری کردنی ئەو کاسێتانە دەکات کە لەوانەیە یان کاری ئێرانییەکان بێت یان دەزگای پۆلیسی ئاسایشی ئوتریش...**

**لە سیهەمین ساڵی تێرۆری دوکتور قاسملوودا جێگای خۆیەتی کە حیزبی دیموکرات سەبارەت بەو کاسێتانە و ناوەرۆکەکەی ڕای گشتی کوردستان و جیهان ئاگادار بکاتەوە.**

**ڕۆژی ١٤ی ژوئییە لە پاریس ڕۆژنامە دەرنەدەچوو و ڕێوڕەسمی دووسەد ساڵەی شۆڕشی فەرانسە هەموو شتێکی داپۆشیبوو. بەڵام بەدوای بی‌بی‌سی دا وردە وردە هەواڵەکە لە ڕادیۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە جیهاندا بڵاوکرایەوە.**

**لەو کاتەدا هیچکەس ئاگادار نەبوو کە خولێکی تازەی گفتوگۆ لە ڤییەننا دەستی پێکردبوو و ئەوە نوێنەرانی ڕژیم بوون کە تێرۆرەکانیان ئەنجام دابوو. ڕۆژی دواتر هەموو ڕۆژنامەکان سەبارەت بە کەسایەتی دوکتور قاسملوو و حیزبی دیموکرات و کوردستان بە دووروردرێژی ڕاپۆرتیان نووسیی. کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بە گشتی و لە فەرانسە بە تایبەتی ڕق و تووڕەیی زۆریان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران نیشان دەدا.**

**کەسانی وەکوو دوکتور بێرنارد کووشنێر - پزشک و ماوەیەکیش وەزیری دەرەوەی فەرانسە - کە بەتایبەت دۆستایەتی نزیکی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو، لە زۆربەی کاناڵەکان و ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوتن و سەبارەت بەو تیرۆرە لێکدانەوەیان دەدا.

ئەوەی جێگای داخ بوو، ئەوە بوو کە نە حیزبی دیموکرات و نە هیچ لایەنێکی تر لەو ڕۆژانەدا کە لە هەموو لایەک باسی ئەو تیرۆرانە بوو، بانگەوازێکیان بڵاو نەکردووە بۆ خۆپیشاندان لە دژی ئێران کە بێگومان دەنگدانەوەی ئێجگار زۆری دەبوو.

## لە بیرەوەرییەکانی هاشمی رفسنجانی لە ساڵی ١٣٦٨دا ئەم دێڕانە سەبارەت بە دوکتور قاسملوو دەبینرێت:

### شنبه ٢٤ تیر = ١٥ جولای:

شب جلسه سران قوا در دفتر آقای موسوی اردبیلی بود. درباره مسأله (ترور عبدالرحمن) قاسملو، چین و مسائل داخلی... مذاکره کردیم.

### یکشنبه ٢٥ تیر = ١٦ جولای:

مسأله قتل (عبدالرحمن) قاسملو (رهبر حزب دمکرات کردستان) انعکاس وسیعی دارد؛ معمولا عامل قتل را از قول عراق یا مخالفان ایران حدس می‌زنند تا ساعت ده در جلسه علنی بودم.

### چهارشنبه ٢٨ تیر = ١٩ جولای:

در گزارش‌ها مطلب مهمی نیست. پلیس اتریش دستور توقیف دو نفر از مأموران ایران را به اتهام نقش ایران در کشتن قاسملو داده است.

### جمعه ٣٠ تیر = ٢١ جولای:

آقای (محمود) واعظی (معاون وزیر خارجه)، تلفنی از تهران خبرداد که وزیر خارجه اتریش گفته است، ایران در قتل



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

**قاسملو به احتمال زیاد دیده می‌شود. گفتم برای جواب مشورت کنید. گفت اتریشی‌ها خوب برخورد کرده‌اند. مـأمور ایرانـی را تبرئه کرده و به ایران اعزام داشته‌اند.**

**سەشنبه ٣ مرداد = ٢٥ جولای:**

**آقای مهدی‌نژاد آمد. درباره قتل (عبدالرحمن) قاسملو (رهبر حزب دموکرات کردستان) گفت، بعد از آنکه اتهام‌ها برطـرف شد، اتریشی‌ها خوب برخورد کرده‌انـد. آنهـا (محمد) جعفری (صحرارودی) را تبرئـه کـرده و بـا تشریفات بـه ایـران اعـزام داشته‌اند. آقای (علی) آقامحمدی آمد. به ملاقات جعفری (دیپلمات ایران) رفته بـود. پیشنهاد داشت کـه مصاحبه کنـد و از برخورد اتریشی‌ها تشکر نماید؛ به خاطر جلوگیری از توطئه‌ها علیه ایران.**

**شنبه ٧ مرداد = ٢٩ جولای:**

**آقـای (محمـد) جعفـری صـحرارودی (دیپلمـات مجـروح) آمـد. حـالش نسـبتا خـوب اسـت. در اتـریش در جلسـه مـذاکره بـا (عبدالرحمن) قاسملو، چند تیر کاری خورده، ولی به خیر گذشته است. مهاجمان او را در جلسه و به قصد کشت هدف قـرار داده‌اند، اما از زدن تیر خلاص خودداری کرده‌اند. ماهیت مهاجمان هنوز مشخص نشده است. در بـازجویی، اتریشـی‌ها خـوب برخورد کرده‌اند**

**لەم کارەساتەدا هەروەها دوکتور فازل ڕەسووڵ کە وەکوو لایەنی سێهەم و لەگەڵ نوێنەرانی ئێران بەشـداریی کۆبوونەوەکـانی کردبوو، تێرۆر کرا.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی دیمانە: ئازاد مستۆفی ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو



**دیمانە: ئازاد مستۆفی**

**سامانێکی مەعنەویی مەزنی لە حیزبی دێموکرات، کوردستان، خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ستاند**

"بێ هۆ نییە کە دەڵێن دوکتور قاسملوو نەک هەر تەنیا ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافویستی کوردستان بوو، بەڵکوو لە ڕێبەرە کاریزماتیک و ئاوانگاردی پێواژۆی دێموکراسی خوازانە لە ئێران بووە. هەر بۆیەش تیرۆری ئەم کەسایەتییە و نەبوونی ئەو، زەربەیەکی بەهێز بوو؛ کە وە جەستەی ڕەوتی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای گێشتن بە ئازادی و دێموکراسی کەوت.

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سییەمین ساڵیادی تیرۆری د قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن بە دەست دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی باقی ڕەوتە سیاسیەکان لە مەڕ تایبەتمەندییە دیارەکانی د.قاسملوومان پرسیوە."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**



## د.کەریم عەبدیان «کەسایەتیی»، سیاسیی عەرەب و بەرپرسی ماڤی مرۆڤی ئەهواز لە واشینگتۆن

ناوی دوکتور قاسملووم بۆ یەکەم جار کاتێک کە لە نیویۆرک خوێندکار بووم و وەک چالاکێکی سیاسی کارم دەکرد، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە هاوڕێ کوردە تێکۆشەرەکانم لە ئەمریکا بیستبوو. هەر لەو ساڵانەدا و دواتر کە بوومە بەرپرسی نێودەوڵەتیی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران و چالاکییەکانم لە ئاستی ڕێبەری بە دژی شا توندەی پێ درا، زیاترم لەسەر ئەو زانی و خوێندەوە و پەیامم بۆ نارد و لەوێدا باسی ئەوەم بۆ جەنابیان کردبوو کە، خەباتی ئێمەش وەک گەلی عەرەبی ئەهواز لە ئێران هاوتەریب دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد درێژەی هەیە و ئێمە پێکەوە هاوسەنگەرین. دوای تەواو بوونی خوێندن لەساڵی ١٩٧٦ی زایینی بە نهێنی گەڕامەوە ئێران کە گیرام و بۆ ماوەی ٢ساڵان لە بەندیخانەی ئێڤین زیندانی کرام و هەر لەوێش بوو کە دەگەڵ زۆرێک لە خەباتکار و تێکۆشەرە ڕاستەقینەکانی کورد هەم لە زیندانی ئێڤین هەمیش لە زیندانی قەسر هەروەها لە کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی، دەگەڵ هاوڕێیانی د.قاسملوو قسەم دەکرد و دوای ئازاد بوونیشم و دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەردەوام پێوەندییەکانم دەگەڵ ڕێبەرانی کورد پاراست. پێوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ دوکتور قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێک توندوتۆڵ و هەتا شەهیدیش بوو هەر بەردەوام بوو. ئەگەرچی ئێمە لە ساڵەکانی هەوەڵ هیندێک جیاوازیی ڕوانگەی سیاسیمان دەگەڵ د.قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکرات هەبوو، بەڵام کاک دوکتور نەک هەر تەنیا ڕێبەرێکی کورد بەڵکوو بەڕاستی ئەومان وەک یەکێک ڕێبەرانی نەتەوەی خەباتکاری عەرەب و هەروەها لە ڕێبەران و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتی سەرجەم گەلانی شۆناسخواز، ژێردەستە و پەراوێزخراوی کورد، عەرەب، تورک، بەلووچ و تورکمان و... دەزانی و ئێستاش دەزانم. هەربۆیە بەم هۆکارانەی باسم کرد بەڕاستی بۆشایی و نەبوونی د.قاسملوو هەر وەک گەلی کورد، هەست پێدەکەم. ئەو کە لە فەڕانسە، ناوندی کۆبوونەوەی گەلانی ژێردەستی ئیستعماری جیهانی سێهەم، لە سوربۆن دەرسی خوێندبوو و لێی ژیابوو و باش دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور ئاگادار بوو، لەو ڕوانگەیەشەوە ماموستایەکی باش بوو بۆ هەمووومان.



https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)



### «محەمەد نەزەری»، ئەندامی ڕێبەریی ئەنجومەنی یەکگرتوویی تورکمان

ڕەوانشاد دوکتور قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی زانا و پراگماتیست لە سیاسەتمەدارانی دێموکرات و ناوداری ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە. ئەو باوەڕێکی قوڵی بە پێویست بوونی مێژوویی خەڵکی ئێران بە دامەزراندن و نەهادینە کردنی دێموکراسی بۆ دەرباز بوون لە زوڵم و زۆری هەبوو و درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی کردبوو درووشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کاتێک کە ئێمە، واتە چالاکانی سیاسی تورکمان لە حیزبی تودە و ڕێکخراوی ئەکسەریەت جیا بووینەوە و ناوەندێکی کولتووری و سیاسیی سەربەخۆمان دامەزراند، بەپێی ڕاپۆرتی گوتەبێژ و ڕێبەری ئەوکاتی ناوەندەکەمان، ئەم هەوڵەی چالاکانی سیاسیی تورکمان جارێکیتر وەک سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧، لەلایەن حیزبی دێموکرات بە سەرکردایەتیی د.قاسملوو هاوکاری و پشتگیری کراین و بەو ڕوانینە یەکیەتی خوازانەیە، ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو نەتەوەیە ساڵانێکە کە درێژەی هەیە.

دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی چالاکیە سیاسیەکانی خۆی، تەنانەت بە مەرگی جەرگبڕی یەکجارەکیشی بۆ بە جیهانیبوونی پرسی کورد و داخوازییەکانی ئەو گەلە ڕۆڵێکی مێژوویی و لەبیر نەکراوی گێڕاوە. یادی بەڕێز و ڕێگای بەردەوام بێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)



### «عەزیز دادیار» نووسەر و چالاکی سیاسی بەلووچ

**«سعدیا! مرد نکو نام نمیرد هرگز**
**مرده آن است که نامش به نکویی نبرند»**

نەمر د.قاسملوو، کەسایەتیی سیاسیی جیهانی، گەورەیی خۆی هەروا بەسووک و سانایی وەدەست نەهێنابوو، ئەو وێڕای خۆشەویستی خەڵکی نیشتمانەکەی، خەڵکی هەموو دوونیای خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو سوسیالیستەکانی جیهان، دۆستایەتیی ناوبراویان بە شانازییەوە وەردەگرت و ئەو بە یەکێک لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی جیهانی حیزبە سوسیالیستە نێونەتەوەییەکان دەژمێردرا. قاسملوو یەکێک لەماموستایان و بناخەدارێژەرانی، یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو خەڵکی ئێران بوو، درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان هەرماوترین دروشمی سیاسی لە ڕێگای یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو ئێرانیەکان بووە.

ئەو لەنێو سیاسەتمەدارانی ناسراوی ئێرانی، یەکێک لە ئاوارتەترین سیاسەتمەدارنی وڵات بوو کە «سازانی سیاسی» لە کرداری خۆی، وێڕای مەرگ و نەمانی خۆی، لە مەیدانی سیاسەتدا، شرۆڤە کرد. کاتێک کە حکوماتی ئاخوندی، ڕێوی ئاسا ویستیان خەڵکی کوردستان بە چەواشەکاری و درۆ لێی داماڵن و ئەو وەک کەسێکی دژە ئاشتی نەتەوەیی بناسێنن، ئەو گیان و ڕۆحی خۆی خستە نێو گۆمی زێڕینی ڕاستی و گیان لەسەردەست ئامادەی خەبات دەگەڵ مردنێک بوو هەتا سیاسەتی مەلا و کاربەدەستانی ڕێوی حکومات بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکا. ئەگە جار جارە لە سیاسەتەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران، لێرە و لەوێ، ئەمجۆرەی هیندێ لە گرووپە سیاسیەکانی کوردستان بە ڕخنە و لۆمە، کەموکووڕیەکی لێ دەگرن، هیچ لە سیاسەتەکانی و کەسایەتیی شوێندانەری جیهانیی ئەو زاتە کەم نابێتەوە، چوونکە ئەو ناوازە و ئاوارتەیەک لە جیهانی سیاسەتدا نەبوو و هەموو کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی، تووشی ئەو خاڵانە بوونە و ئەویش وەک هەموو مرۆڤێکی سیاسی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و ڕیالیستی جیهان بووە.

د. قاسملوو لە بەرەو پێشبردنی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد لەئێران، بەردەوام ڕێگای درووستی یەکیەتیی نەتەوەیی دەگەڵ هەموو خەڵکی دەویست، هەربۆیە ئەمڕۆ، هەموو ئێرانییەکان، ئەو وەک گیانبازی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی دەناسن و لە ئەمانیدا وێڕای شین گێران سڵاو و سپاس دەنێرن بۆ ڕووح و ڕەوانی ئەو بلیمەتە و یادی هەردەم بەرز ڕادەگرن.



«ڕئووف کەعبی»، ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتیی فیداییانی خەڵقی ئێران

دوکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو هەم بۆ کوردستان و هەمیش بۆ کۆمەڵگەی ئێران سامانێکی سیاسیی لە ڕادەبەدەر بوو کە توانیی کاریگەرییەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگەی خۆی دابنێ. ئەم سامانە مەزنە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر مێزی گوتوبێژ لە ئێمەی ستاند، زەربەیەکی گەورە بوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات و کوردستان و کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. من، بەڕێزیانم بۆ یەکەم جار لە میتینگە مەزنەکەی مهاباد کە چاوپێکەوتنێکی کورت بوو دیت، ئەم دیدار و جڤینانە بەردەوام هەبوون و بەڕێزیان کەسایەتییەک بوون کە هەر جارێ کە دەمدیت، شتێکی تازەی لێ فێر دەبووم، د.قاسملوو دەگەڵ هەبوونی جیاوازی بیروڕا کاریگەری لەسەر بەردەنگەکەی خۆی دادەنا.

د.قاسملوو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران هەوڵی ئەوە دا کە بەرەیەک لە هێزە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکان پێک بێنی و دواتر هێزەکان بەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە دوکتور قاسملوو وەک زەرورەتێک دەیدی، گەشتن. پێوەندیە بەربڵاوەکانی لە، پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بووە هۆی ئەوە کە بتوانێ باشتر پرس و داخوازییەکانی کورد لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان باس بکا. ناوبراو لە یەکەم کەسایەتییەکانی کورد بوو کە توانیبووی بەو ئاستە بەربڵاوە پرسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

کورد لە جیهاندا بێنیتە بەرباس و بیناسێنیت.

وێڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتەی نێو ژیانی و دووری لە نیشتمان و وڵات و خوێندن لە زانستگە و وەرگرتنی بڕوانامە، دوکتور قاسملوو توانی ژان و دەردی خەڵکی کورد بگەیەنێتە کۆمەڵگە ئوروپاییەکان. کاتێک کە د.کوشنێر کە ئەو کات وەزیری ساخلەمیی فەرانسە بوو و لە مەراسیمی ناشتنی دوکتور قاسملوو قسەی کرد گوتی: «د.قاسملوو ماموستای دێموکراسیی من بوو». ئەمە نیشاندەری چالاکییەکانی پێشووی دوکتور قاسملوو لە بەرگری و ناساندنی خەبات و تێکۆشانی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی جوولای ۲۰۱۹



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دوکتور قاسملوو: ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد




**موستەفا زەنگین**

**وەرگێڕان: سیپان ڕۆژهەڵاتی**

## کورتە

**ئاشکرایە کە دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٨٩دا، هەم لە بواری تیۆری و هەم لە بواری پراکتیکدا ڕۆڵێکی سەرکەوتووانە و داهێنەرانەی هەبووە، ئەو تایبەتمەندییە لە قۆناغی یەکەمی سەرکردایەتیکردنەکەیدا بەئاشکرا دەبینرێت، بەڵام لە نێوان قۆناغەکانی یەکەم و دووەمدا لە بواری چۆنیەتی و ناوەرۆکدا جیاوازییەکی واتادار هەیە، ساڵانی نێوان ١٩٤٧-١٩٤١، کە دەتوانین بە قۆناغی یەکەمی قاسملوو ناوی بێنین، لەسەر هێڵی کلاسیکی مارکسیست - لینینیست دەڕوات و بابەتەکان لەسەر ئەم هێڵە شرۆڤە دەکات، لە قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧١، کە قۆناغی سەرکردایەتیکردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، قوربانیی بەو هێڵە داوە و لە کۆمۆنیزمەوە بەرەو سۆسیالیزمی دیمۆکراتی ڕۆیشتووە و هێڵی بەرگریکردن لە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیی هەڵبژاردووە.**

**ئەو ئەزموونە تیۆری و سیاسییەی دوکتۆر قاسملوو لەو حەوزەیەدا بەدەستی هێناوە، بووە هۆی ئەوەی کە بە ڕوانینێکی جیاواز بابەتە بنچینەییەکانی وەکوو خەباتی نەتەوەیی کورد، سۆسیالیزم، ئازادی و دیمۆکراسی بە تێگەیشتن و ناوەرۆک**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و میتۆدێکی جیاواز شی بکاتەوە.

دوکتۆر قاسملوو کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕوانینی چینایەتی (پێشەنگایەتی)ی مارکسیسیت ـ لینینیستی پەسەند کردبوو، لە قۆناغی دووەمدا تیۆری و تێزێکی جێبەجێ کردووە، کە پێی لە بابەتی چینایەتی بەرزتر بووە و چینی کرێکاری وەکوو هۆکاری سەرەکیی کۆمەڵگە و هێز پەسەند کردووە و لەسەر ئەم بنەمایە تیۆری و کارێکی نوێی داڕشتووە.

لە قاسملووی سەردەمی نوێدا دەبینین، کە نەتەوە و کۆمەڵگە جێگەی چینایەتی دەگرێتەوە، گەشەکردنی فکرێکی بەم شێوەیە لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات، کە لە قۆناغی نوێدا وەکوو (پۆستمارکسیزم) هەڵیسەنگێنین.

دەتوانین بڵێین تیۆریی «پۆستمارکسیسزم»، کە زیاتر لە لایەن تیۆریسیەنی ناوداری ئارژانتینی، «ئێرنێستۆ لاکلائۆ» و هاوسەرکەی، «چانتال مۆفێ»وە دەناسرێت، سەرلەنوێ لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی سەردەم خوێندنەوەی نوێیان بۆ تیۆریی مارکسیستی کردووە و هەوڵیان داوە ناوەرۆکی سەرەکیی ئەو تیۆرییە سەرلەنوێ دابڕێژنەوە، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێت.

دەتوانین بڵێین ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی پۆستمارکسیزم جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕوانینی چەپی کلاسیک، چین (تەبەقە)، وەکوو تاکە بنەمای سیاسی پەسەند دەکات، بە واتایەکی دیکە، بە ڕوانینێکی (دیترمینیست) هەردوو شێوازی سیاسەتی چینایەتی و ئوسوولگەرایی چینایەتی مەحکووم دەکات.

ئەو شرۆڤەیەی پۆستمارکسیزم، کە لە لایەن ئەو ژنومێردە، «لاکلائۆ» و «مۆفێ»وە کراوە، لە دوای ساڵی ١٩٧١ لە ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوودا گەشە دەکات و لە دوای ساڵی ١٩٨٣ بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ئەندێشەی د. قاسملوودا ڕەنگ دەداتەوە. ڕەخنەی دوکتۆر قاسملوو لە سۆسیالیزم ئەوەیە کە دیمۆکراسی سنووردار دەکات و ڕەخنەی لەوە گرتووە، کە گەورەترین کێشە، نەبوون، یان ناتەواوبوونی دیمۆکراسییە و، وەک جێگرەوە (ئالتەرناتیڤ)ی ئەمە، بۆ ئەوانەی کە بە ڕێگاکەلی ئازاد و دیمۆکراتدا دێنە سەر دەسەڵات، وەکوو ستراتیژییەکی سۆسیالیست، تیۆریی «سۆسیالیزمی دیمۆکرات»ی داڕشتووە، کە دبێتە بنەمای سەرەکیی ئەم مەقالەیە، کە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین و شرۆڤەی دەکەین. هەروەها دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دیمۆکراسیی سیاسی، یەکسانیی ئابووری، پێگەی ناوەندی و دیاری دیمۆکراسی و ئازادی، ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریا، ڕوانینی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر نموونەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

بەرگریکردن لە مافی ژنان و پلۆرالیزم بە واتای بەشداریی سیاسی لەو بابەتانە دەبن، کە لەسەر پێگەیشتنی قاسملووی پۆستمارکسیزم، گفتوگۆ لەبارەیانەوە دەکەین.

### پێشەکییەکی کورت

دوکتۆر قاسملوو ڕۆژی ١٠ی ئاگوستی ١٩٨٣ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا، کە ئەوکات سکرتێری گشتی بووە، نامیلکەیەک لەژێر سەرناوی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» پێشکێش دەکات.[1] ئەو نامیلکەیە بە واتای تێپەڕبوونی دوکتۆر قاسملووە لە تیۆریی ڕادیکاڵی مارکسیست - لینینیست، کە تاوەکوو کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ بە بنەمای سەرەکیی ئیدیۆلۆژی و سیاسیی خۆی دادەنێت، بەرەو سۆسیالیزمی دیمۆکرات، یان وەکوو هەندێک نووسەر دەڵێن، بەرەو سۆسیالدیمۆکراسی، کە دیارە گەیشتووەتە لووتکەی ئەو باوەڕە.

ئەو ڕووداوەی کە کاریگەریی گەورەی لەسەر دوکتۆر قاسملوو دانا و بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو باوەڕە، ڕووداوی «بەهاری پراگ» بوو، کە ٥ی ژانویەی ساڵی ١٩٦٨ بە بڕیاری سیاسی لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، بە سەرۆکایەتیی ئەلیکساندر دوبچێک، بۆ ئازادیی چێکوسلۆڤاکیا دەستی پێ کرد و لە ٢١ی ئاگوستی هەمان ساڵدا بە دەستوەردانی سەربازیی هێزەکانی شووروەویی ئەوکات کۆتاییی هات.

قاسملوو، کە لەو سەردەمەدا لە پراگ دەژیا، لە نزیکەوە هەوڵەکانی جێگرکردنی سۆسیالیزم بە شێوازی شووروەوی و توندوتیژییەکانی ئارتەشی سووری بینیوە. قاسملوو کە لە ئەنیستیتۆی ئابووری لە شاری پراگی پایتەختی چێکوسلۆڤاکیا مامۆستا بوو، بەهۆی ئەوەی کە پشتگیریی لەو بزووتنەوە چاکسازییە کردبوو، کە لە لایەن دوبچێکەوە دەستی پێ کردبوو، هەروەها بەهۆی دژایەتیکردنی داگیرکردنی چێکوسلۆڤاکیا لە لایەن سەربازانی شووروەوییەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە زانکۆ دوور خرانەوە و بوونە یەکێک لە زیانبەرکەوتووانی ئەو پشتگیرییە.

نابێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین، کە ئەم ڕووداوانە کاریگەرییەکی سەرەکییان لەسەر بیری سیاسی و ئیدیۆلۆژیی دوکتۆر قاسملوو داناوە.

ژیانی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا و لە کاتی بەشداربوونی لە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستاندا لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکات.[2] بەڵام ئیسماعیل بازیار لە نووسینێکدا لەژێر ناوی «قاسملوو،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ»دا دەڵێت: «تێکەڵبوونی دوکتۆر قاسملوو بە شێوەیەکی چالاکانە لەنێو سیاسەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنی لە زانکۆی پاریس، کە بەشداریی لە چالاکییەکانی حیزبی توودەدا کردووە.»

لە ڕاستیدا ئەگەر تەماشا بکەین، لەو سەردەمە و لە قۆناغی دواییدا، حیزبی توودەی ئێران، کە نوێنەرایەتیی بیرێکی کۆمۆنیستیی ڕادیکاڵی دەکرد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەردووکیان بە یەک شێوەی ڕێکخستن کاروبارەکانیان جێبەجێ کردووە. تەنانەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەکوو لقی حیزبی توودە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی بینیوە.

بارودۆخی سیاسەتی گشتیی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو سەردەمەدا لە ئێران ڕوویان داوە، کاریگەریی سەرەکییان لەسەر دوکتۆر قاسملوو داناوە بۆ ئەوەی ببێتە لایەنگری تیۆریی مارکسیست ـ لینینیستی ڕادیکاڵ. هەرچۆنێک بێت، شەڕی دووەمی جیهانی تازە کۆتایی هاتووە و شوورەوی هێزی سەرەکی لە تێکشکاندنی نازیسمدا بووە و، حیزبی توودەش، کە کۆمۆنیستیکی ڕادیکاڵ بووە، بەهێزترین و کاریگەرترین ڕێکخستنی ئەو سەردەمەی ئێران بووە.

دوکتۆر قاسملوو بۆ خۆی دەڵێت، هاتنی ئارتەشی سوور بۆ ئێران و سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەرانبەر فاشیزمدا بووە هۆی ئەوەی کە لە نێوخۆی ئێراندا هەست و سۆزێکی زۆر بۆ شوورەوی پەیدا ببێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین، د. قاسملوو کە ساڵی ١٩٤٩ بە مەبەستی خوێندنی لیسانس (بەکالۆریۆس) لە پاریس بووە، لە ئەنجامی فشارە سیاسییەکاندا چووە شاری پراگی پایتەختی چێکوسلۆڤاکی و، لەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیزمەوە.

تێزی دوکتۆراکەی عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە ساڵی ١٩٦٢ لەژێر ناوی «کورد و کوردستان»دا نووسیویەتی، وەکوو بەڵگەیەکی تیۆرییە کە د. قاسملوو تاوەکوو ساڵی ١٩٦٠ لایەنگری تیۆریی مارکسیست ـ لینیسیتی ڕادیکاڵ بووە.

هەروەکوو چۆن یاروسلاڤ مارتینە، لە پێشەکیی چاپی ئینگلیزیی کتێبەکەدا، کە ساڵی ١٩٦٥ چاپ کراوە و، هەروەها حەمید بوزئەرسلان لە پێشەکیی چاپی تورکیی کتێبەکەدا، کە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کراوە، باسی دەکەن، ڕوانگەی مارکسیست ـ لینینیستی تێدا دەبینرێت و کتێبەکە لەسەر بنەمای زانستی سیاسەتی ئابووریی مارکسیستی نووسراوە.

بەڵام پێویستە بگوترێت کە د. قاسملوو لە تەواوی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە هەمان جۆش و حەماسەتەوە لەسەر ئەم هێڵە ئیدیۆلۆژی و سیاسییە نەڕۆیشتووە؛ ئەگەر بتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێڵی چەپ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاراستووە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا بە یەک ڕیتم نەڕۆیشتووە.

وەک لە سەرەوەش باسمان کرد، قاسملوو لە سەردەمی سەرەتاییدا (١٩٤٧ - ١٩٧٠) لایەنگر و پارێزەرێکی سەرسەختی مارکسیزم - لێنینیزمی ڕووسی بووە، بەڵام لە قۆناغی دواییدا ئەو قاسملووەی کە دەتوانین پێناسەی بکەین (١٩٧١ - ١٩٨٩)، ڕوانگەی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیی هەڵبژرادووە، بە واتایەکی دیکە، لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسەوە گۆڕاوە بۆ سۆسیالیزم.

لەگەڵ بوونی دەرفەتی گفتوگوکردنی ئەم گۆڕانەی دوکتۆر قاسملوو لە مارکسیزمەوە بۆ لیبرالیزم، ئەو بابەتە لە لایەن عەلی مونەزەمی، نووسەری کتێبی «اندیشەهای دکتر قاسملوو»، وەکوو گۆڕانی سەردەمی ئایزایا بەرلین وەسف کراوە.[3]
ئەزموونی ئیدیۆلۆژی و سیاسیی دوکتۆر قاسملوو لەو قۆناغەدا دەتوانین بە «سەردەمی پێشوو» وەسف بکەین، کە گۆڕانێکی ڕیشەییی لە هزر و تێگەیشتنیدا بەدی هێناوە.

قاسملوو کە لە ڕاستیدا پارێزەری سۆسیالیزمی ڕیالیستی بە فۆرمی شوورەوی بووە، لە سەردەمی دواییدا، کە دەتوانین بە «قۆناغی کۆن» ناوی بەرین، دەبێتە لایەنگر و پارێزەری سۆسیالیزم.

دەتوانین بڵێین بۆشاییەک لەو پێگە ناوەندییەدا دەبینێت، کە بۆ چینی کرێکار لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دانراوە و لە جەبری ئابوورییەوە دەکەوێتە ڕێگەیەکەوە کە گرنگی بە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدات. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە پێگەیەکی تایبەت و جیاواز بە دیمۆکراسی دەدات و، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو سۆسیالیزمە نوێیەی دایدەڕێژێت بە دیمۆکراسی تەجهیز بکات.

ئەمانە و گەلەک بابەتی دیکەی لەو شێوەیە دەبنە کەرەستەی سەرەکیی ئێمە بۆ بەرگریکردن لە ڕوخساری کوردانەی پۆستمارکسیزمی دوکتۆر قاسملوو، یان «ڕووی پۆستمارکسیزمی کورد».

تیۆریی پۆستمارکسیزم و دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ، کە بە دووانەی «ئێرنێستۆ لاکلائۆ و چانتال مۆفێ» دەناسرێن، دەبنە بنەمای سەرەکی بۆ شیکردنەوەی ڕوخساری پۆستمارکسیزمی قاسملوو، بەڵام پێش ئەوە، پێویستە هەندێک شت لەسەر پۆستمارکسیزم و دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ بڵێین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

لە داویی ساڵانی ١٩٢٠دا، بەتایبەت لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا، ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی کلاسیک دەستی پێ کرد. زیاتر لۆکاچ، کۆرچ و گرامشی، وەکوو سەرتەڵ (پێشەنگ)ی ئەو ڕەوتە دەناسران و لە ئەدەبیاتدا وەکوو تیۆرییەکی ڕۆشنبیری ناوی دەبرا و بە ناوی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی تۆمار کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، بنەمای ئەو تیۆرییە لەسەر بناغەی هێزی ئیدیۆلۆژیی کولتووری و ئیستاتیستی دەڕوات، کە فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگە دایاننـاوە. تایبەتمەندییەکی نوێ کە لە ناوەندی ڕۆشنگەریی مارکسیسزمی ڕۆژئاواییدا جێ دەگرێت، جگە لە بابەتگەلی وەکوو ئازادی، یەکسانی و جیهانیبوون، بیر و بەرهەمەکانی کارل مارکسی سەردەمی گەنجیەتیی لە خۆیدا هەڵگرتووە.[4]

لەو بارەیەوە پێری ئەندێرسۆن دەڵێت، لایەنگرانی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، لە دوای ساڵانی ١٩٢٠، لە فەلسەفە دوور کەوتوونەتەوە و، سەرەتا ڕوویان لە سیاسەت کردووە و دواتر گرنگییەکی زۆریان بە ئابووری داوە، کە کۆڵەکەی سەرەکیی بیرکردنەوەی مارکس بووە و پشتیان کردووەتە بابەتگەلی وەکوو «سیاسەت» و «ئابووری» و، دەتوانین بڵێین مارکس بەرەو سەردەمی گەنجیەتی ڕۆیشتووە.[5]

لەگەڵ ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد، تیۆریسیینە سەرەکییەکانی قوتابخانەی فرانکفورت، کە بە قوتابخانەیەکی ڕەخنەگرانە دەناسرێت، بە بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانیان لە بەردەوامبوونی مارکسیزمی ڕۆژئاواییدا ڕۆڵیان هەبووە.

ڕاستە کە دوارۆژی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی و گفتوگۆکردن لەسەر بیر و باوەڕی پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە گرنگە، بەڵام لێرەدا تاکە شتێک کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە، ئەو زەمینە و دەرفەتەیە کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ و سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠دا هاتووەتە ئاراوە و بووەتە هۆی گەشەکردنی پۆستمارکسیزم؛ تەنانەت دەتوانین پۆستمارکسیزم وەکوو دوایین قۆناغی گەشەکردنی مارکسیزمی ڕادیکاڵی ڕۆژئاوایی باس بکەین.[6]

هەریەک لە ئێرنێستۆ لاکلائۆ و چانتال مۆفێ، وەکوو بناغەدانەرانی تیۆریی پۆستمارکسیزم دەناسرێن، کە ساڵی ١٩٨٥ «هێژمۆنی و ستراتیژیی سۆسیالیستی بەرەو سیاسەتێکی دیمۆکراسیی ڕاستەقینە»یان پێشکێش کردووە.

نووسەرانی ئەو بابەتە وەکوو ئاماژەکردن بە بابەتێکی کە بڕیارە گفتوگۆی لەسەر بکەن، بە ڕستەی «بیری چەپ لەم سەردەمەدا لەسەر چواڕێیانێکە» دەست پێ دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

ئەوان لە بۆچۆنەکەیاندا پشتیان بەو گۆڕانکارییە سیاسیانە بەستووە کە لەسەر ئاستی جیهان لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٦٠ تاوەکوو ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٨٠ بەردەوام دەبن و ڕووداوگەلی وەکوو داگیرکردنی پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، کۆدەتای لێهستان (پۆڵەندا)، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ڤیێتنام و کامبودیە و، سەرهەڵدانی بزاڤە نوێیەکانی سۆسیۆپۆلیتیک ڕوویان داوە. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بابەتگەلی تایبەت بە گەنگەشەکردنی سۆسیالیزم بە شێوازی جودا جودا گەشەیان دەکرد و، لە وڵاتانی سۆسیالیستی ڕیالیست، کە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوون، ڕەخنەگرتن لە مارکسیزم زۆر قووڵتر بووەوە.

لەم قۆناغەدا ژنومێردەکەی لاکلائۆ_موفێ، کە خاوەنی ئەم هزرە ڕەخنەییەن، دەڵێن لەگەڵ بەردەوامبوونی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر سۆسیالیزم و ڕێگاکانی بەرەو سۆسیالیزم توانیویانە وەڵامی زۆر پرسیار بدەنەوە.[7]

بەکورتی بە بڕوای لاکلائۆ - مۆفێ، ئەو سۆسیالیزمەی کە هەبووە تووشی قەیران بووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە سیاسەتی چەپ نەیدەتوانی وەڵامی داواکاریی بزووتنەوەکانی ژنان، هاوڕەگەزخوازان، پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنییەکان، ئەنتی فاشیزم و سیاسەتە ژینگەییەکان بداتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو تێگەیشتنە سۆسیالیزمەی کە هەبووە، کەوتبووە ناو تێگەیشتنێکی هەڵەوە، کە گەورەیی و هێژمۆنیی خۆی لە چینی کرێکار و لە تایبەتمەندیی «جیاوازیی چینایەتی»دا دەبینی و، چینی کرێکاری وەکو «بکەری جیاواز» لە سەنتەری گۆڕانکارییەکاندا هەژمار کردووە، کە دەبێتە هۆی بێواتابوونی سیاسەت.[8] واتا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، زۆربەی ئەو ئاکتەرە سیاسیانەی لەخۆ نەدەگرت، کە بە ناسنامەی جیاواز و لە بوارە جیاوازەکاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی خەباتیان دەکرد؛ واتا نەیدتوانی بیانبینێت.

ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ باس لە ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی مارکسیسزمی ئۆرتۆدۆکس و کلاسیک دەکەن، کە لە لایەن ئەوانەوە شیکردنەوەی گرنگ بۆ ئەو شێوازەی مارکسیزم دەکرێت کە دەتوانێت لە سەردەم و کۆمەڵگەدا بگونجێت. واتا ئەمە کاتێک بەدەست دێت کە لەسەر ئاستی جیهان واز لە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە بێنین کە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان بۆ چینی کرێکار دانراون؛ واتا بۆ ناسینی ستراتیژیی سۆسیالیزمی نوێ، دەبێ واز لە سۆسیالیزمی پێشوو بهێنین، کە لەسەر بنەمای چینایەتی بنیات نراوە.

لەمەوبەدواوە دەبێ ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ خۆیان یەکلا بکەنەوە، کە لەنێو مەیدانی پۆستمارکسیستدا وەستاون، چیتر ناتوانن درێژە بە بیرۆکەی جیاوازیی چینایەتی و تایبەتمەندییەکانی مارکسیسم و بۆچوونی مێژوویی دەربارەی فرەوانبوونی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم، وەک کۆمەڵگەیەکی شەفاف بدەن.

ئەو، لەو بڕوایەدایە کە بوونی هێژمۆنێک بە ئامانجی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دووانەی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازی و دیمۆکراسی، دەتوانێت سوودمەند بێت و، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سوود لە گۆڕین، فرەوانترکردن و گەشەپێدانی گفتوگۆکانی نەومارکسیزم وەربگیرێت.[9]

ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ جەخت دەکەن لەسەر ڕەتکردنی تێگەی چینی کرێکار، کە بە چینێکی جیهانی ناسراوە، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی فرەیی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی دیمۆکراسی، یان گەشەپێدانی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵدا.

واتای «ئانتاگۆنیزم» لێرەدا ئەو پەیوەندییەیە کە هەر ناسنامەیەک لەگەڵ پێناسە، یان ناسنامەیەکی دیکەدا هەڵیدەبەستێت. ئانتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لە ناسنامە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتوانێت خۆی وەکوو تۆخم و بنەمای سەرەکی و بەرچاوی فکری دامەزراندنی کۆمەڵگە پێناسە بکات.

فرەیی ناسنامە و ئەکتەری کۆمەڵایەتی، یان وەکوو مۆفێ دەڵێت، «جەمسەربەندیی ئاگۆنیستیک»،[10] لە تیۆریی «لاکلائۆ- مۆفێ»دا وەکوو بنەمای سەرەکیی پرۆژەی پۆستمارکسیزم دەناسرێت، کە ئەوان لەژێر ناوی بنەمای «سەرەکیی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ»دا بەرگریی لێ دەکەن، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا کە دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ هەیە، نابێ لێکدژییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کۆدەنگییەوە چارە بکرێن، بەڵکوو دەبێ بەریەک بکەون و بە شێوەی دژایەتیکردن چارە بکرێن. واتا ئەم دووانە بەو شێوەیە، هەم دژایەتیی ڕۆڵی ئاشتی تاکەکەسی لە پێگەی لیبراڵ و نادیمۆکرات و، هەمیش دژایەتیی ئەو پێگە تایبەتە دەکەن، کە مارکس بە چینی کرێکاری دەدات، ڕەتکردنەوە و پێنەدانی هیچ تایبەتمەندییەکی جیاواز و ناوەندی بە هیچ ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، وەکوو چینی کرێکار و بەدەستهێنانی هێژمۆنی بە ڕێگەی بەریەککەوتن (ئانتاگۆنیزم)، تایبەتمەندییەکی ئەو بیرۆکەیەیە، بە واتایەکی دیکە، لە بواری بەریەککەوتنی کۆمەڵگەدا نابێ هیچ ئەکتەر و فاکتەرێک هێژمۆنیی هەبێت.

وەک چۆن «دەمیر» ئاماژەی پێ کردووە، بنەما و ناوەڕۆکی پرۆژەی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ بە «فرەوانبوون و قووڵبوونی شۆڕشی دیمۆکراتی» بەدەست دێت، کە ئامانجەکەی ڕادیکاڵکردنی ئازادی و یەکسانییە لە سەرجەم کۆمەڵگەدا.[11] مەبەست ئەوەیە کە بیرۆکەی فرەیی کۆمەڵایەتی و ئەکتەرەکانی ببێتە بنەمای سەرەکیی دانانی پرۆژەیەکی سۆسیالیستی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دەرفەتی پۆستمۆدێرنیزم لە هزری قاسملوودا

دەتوانین ژیانی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو لە بواری ئیدیۆلۆژیکدا بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین؛ ژیانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٧١، کە وەکوو یەکەمین قۆناغ دادەنرێت و لە دوای ١٩٧١ـەوە قۆناغی دووەم سەرهەڵدەدات.

لە قۆناغی یەکەمدا کە د. قاسملوو لەسەر هێڵی کلاسیکی مارکسیست - لینینیست دەڕوات، بە شێوەیەکی چینایەتی دەیڕوانییە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری. بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٧١ـەوە واز لە هزری کۆمۆنیست دێنێت، کە چینی کرێکار، وەکوو تاکە فاکتەری خەباتی کۆمەڵایەتی دەبینێت و دەچێتە بەرەی سۆسیالیزمی دیمۆکراتییەوە، کە دیمۆکراسی بە بنەما دادەنێت. بەو شێوەیە، قاسملوویەک دەبینین کە لە سیاسەتی چینایەتی و کەمینەی ئابووری تێپەر دەبێت و بیری جیهانی و کۆمەڵایەتیی تێدا بەرجەستە دەبێت و گرنگی بە بواری سیاسی دەدات. ئیسماعیل بازیار دەڵێت: «دوکتۆر قاسملوو لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەگۆڕێت بۆ چەپێکی میانڕەو، یان چەپێکی زانستی.» بەپێی قسەکانی بازیار، قۆناغی یەکەمی ژیانی ئیدیۆلۆژی و سیاسی (١٩٤٧ - ١٩٧١) سەرەتا چەپ و دواتر کورد بووە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە باسمان کرد لە دوای ساڵانی ١٩٧١وە سەرەتا کورد و دواتر چەپ بووە. بازیار بەئاشکرا دەڵێ: «قاسملوو لە قۆناغێکدا (کلاسیک) کە کێشەی چینایەتی لە پێش کێشەی جیهانی دادەنێت، چووەتە بەرەیەکەوە کە کێشەی جیهانی پێش کێشەی چینایەتی دەخات، بەڵام ئەگەر لەم قۆناغەدا زیاتر بیر و بۆچوونەکانی قاسملوو شی بکەینەوە، شتی زیاترمان بەدەست دەکەوێت، کە ئەمە لە نامیلکەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»دا بەئاشکرا دەبینرێت، کە قاسملوو لە کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی ئاگوستی ١٩٨٣دا پێشکێشی دەکات، کە ئەوکات سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بووە. قاسملوو لە ڕێگەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»ەوە بە حیزبەکەی دەڵێت کە «ئامانجی ئێمە بۆ دواڕۆژ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستییە کە بتوانێت وەڵامی کێشەکانی کوردستان بداتەوە.» کاتێک پرسیار دەکرێت سەبارەت بەوەی کە ئێوە مارکسیست، لینینیست، یان کۆمۆنیست، یان حیزبێکی چینایەتی نین، بۆ باس لە سۆسیالیزم دەکەن؟ دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێت کە ئەوان حیزبێکی دیمۆکراتی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازن. لێرەدا مەبەست لە پێشکەوتنخواز ئەوەیە کە لەگەڵ چارەکردنی کێشەی نەتەوەی کورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، چارەیەک بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بدۆزنەوە. لە ڕاستیدا دەبینین کە لە ڕوانگەی د. قاسملوودا دوو بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی هەن، کە ئەوانیش بابەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتین. بەم ڕیزبەندییەی کە دوکتۆر قاسملوو کردوویەتی، پێویستە تێ بگەین، کە بۆچی گرنگی بەم دوو بابەتە دەدات؟ لەبەر ئەوەی بۆ خۆی دەڵێت: «ئەگەر حیزبێک گرنگی بە بابەتی نەتەوەیی بدات، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتییەکان پاشگوێ بخات، یانیش بەپێچەوانەوە بابەتی نەتەوەیی لە پلانی دووەمدا دابنێت و زیاتر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە کێشەی چینایەتی بدات، حیزبێکی سەرکەوتوو نابێت و شکست دەهێنێت.»
دوکتۆر قاسملوو بە سوودوەرگرتنی لە ئەزموونی کوردانی باشووری کوردستان لە عێراق باس لەو بابەتە دەکات. بە بڕوای ئەو، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تەنیا گرنگیی بە باتی نەتەوەیی داوە، پارتی کۆمۆنیستی کوردستانیش تەنیا لە ئاست کرێکاران و ڕەنجدەراندا خەریکی کێشەی چینایەتی بووە و بەو هۆیەوە هەردووکیان سەرکەوتوو نەبوون. ئەو هەڵوێستەی دوکتۆر قاسملوو کە لێرەدا دەبینرێت، لە ئاستی چینایەتی دەردەچێت و چین وەکو تاکە فاکتەری کاریگەری کۆمەڵگە نابینێت. بەمە دەتوانین لێرەدا ئەمە ببینین کە قاسملوو دەبێتە هاوبیری پۆستمارکسیزمی لاکلائۆ، مۆفێ، کە چینی کرێکار وەکوو تاکە بکەر و دیارکەری کۆمەڵگە نابینن. دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێگە بۆ چارەکردنی کێشەگەلی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتێکدا دەبینێت، کە بە ئازادی و دیموکراسی هاتبێت و بە سۆسیالیزمی دیموکرات وەسفی دەکات. دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی، کە گرنگی بە دیموکراسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی نەدات دەبێتە چەکێک لە دەستی تاقمێکی ڕادیکاڵدا کە هەوڵ دەدەن لەو ڕێگەیەوە بیری خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. بۆ ئەوەی دیموکراسیی ڕادیکاڵ بتوانێت ببێتە گەرەنتەری بەدەستهێنانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک، دەبێ کۆمەڵگەیەک پێک بهێنرێت کە سێکۆچکەی یەکسانیی ئابووری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دیموکراتیی تێدا پارێزراو بێت، قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە لە ڕێی سۆسیالیزمی دیموکراتێکەوە دەسەڵاتێکی دیموکرات جێی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرە دەگرێتەوە کە لە ئێران هەیە، ناعەدالەتیی سیاسی چارە دەکات و لە ئاکامدا هەژاری و نایەکسانیی ئابووری لە ئێران و کوردستاندا ناهێڵێت.

دەتوانین ببینین کە دوکتۆر قاسملوو لە قۆناغی نوێی ژیانی سیاسی و ئیدیۆلۆژیخۆیدا لەجێی ئابووری، گرنگی بە سیاسەت دەدات، جگە لەوە، ئەو «سۆسیالیزمی دیموکراسی»یە نوێیەی کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێت دایبمەزرێنێت، دەڵێت کە ئەم سیستەمە ئیداری و سیاسییە لە کوردستاندا تەنیا بە بەدەستهێنانی ستاتۆ (کیان، یان هەرێم)ی ئۆتۆنۆم بەدەست دێت و لێرەدا بە ڕێژەیەکی کەم، زیاتر بایەخ بە بابەتی ئیدیۆلۆژیک دەدات تا بابەتی سیاسی.

لەوەش زیاتر، ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە چوارچێوەی خودموختاریدا باسی لێوە دەکات، بۆ چارەکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان و ئەو سۆسیالیزمە نوێیەش بە مەبەستی چارەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامدەر دەبن و، بە دەستهێنانی خودموختاریش وەکوو پێشمەرجی بیناکردنی سۆسیالیزمی دیموکراتیک وەسف دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن دەستبەرداری بن.[12]



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

وەکوو چۆن کاوە بەهرامی لە بابەتی «دوکتۆر قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دیمۆکرات»دا دەڵێت: «لە قۆناغی نوێی ژیانی دوکتۆر قاسملوودا ئەو بابەتە سەرەکییەی کە وەکوو ژنومێردەکەی «لاکلائۆ و مۆفێ» جەختی لەسەر دەکات، دیمۆکراسییە.» ئەو، دوو هۆکار بۆ ئەم ڕژدبوونە دێنێتەوە:

**یەکەم**، دیمۆکراسی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەدەستهێنانی سەرجەم داواکارییە سۆسیالیستییەکاندا؛

**دووەم**، ئەو شێوازە ئۆتۆنۆمییەی کە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داوا دەکەن لە ڕێی دیمۆکراسییەوە بەدەست دێت. هەربۆیە بە بڕوای ئەو، تەنیا لە دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینەدا خەڵک دەتوانێت بە ئازادی ڕای خۆی بڵێت و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە ئازادی دەتوان کار و چالاکی بکەن.

دوکتۆر قاسملوو تەنیا بۆ حیزبەکەی خۆی داوای دیمۆکراسی ناکات، بەڵکوو دەڵێ ئەم داواکارییە بۆ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن. لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە نابێ بە هیچ شێوەیەک خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی کاریگەری لەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دیمۆکراسی دابنێت و پەراوێزی بخات. لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێژیمێکی دیمۆکرات نەبێت، ناتوانن مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دابین بکەن و تا ئەوکاتەی کە سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەستەبەر نەکرێن، ڕێژیم بە تەواوی مەعنا ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک نییە. ئەگەر دیمۆکراسییەکی بەهێز و هەمیشەیی نەبێت ئەو دەسەڵات (ستاتۆ) سیاسی و ئیدارییەی کە لە کوردستان دادەمەزرێت، هەمیشە مەترسیی نەمان و لەنێوچوونی لەسەر دەبێت و مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم سەربەخۆییە تەنیا کاتێک بەدەست دێت، کە لە ئێران دیمۆکراسییەکی بەردەوام هەبێت.[13]

دوکتۆر قاسملوو لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ «راه ایران» دەڵێت: «لە نێوان ئۆتۆنۆمی و دیمۆکراسیدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، لەبەر ئەوەی کە هەردووکیان زۆر بابەتیان هەیە، تێکەڵکێشی یەکدی دەبن.» واتا دوکتۆر قاسملوو ئۆتۆنۆمی بە بەشێکی تەواوکەری دیمۆکراسی دەبینێت و، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەگەر دیمۆکراسی هەمەکی (گشت) بێت، ئۆتۆنۆمی «پاژ»ە و، ئەو هەمەکییە لە کۆکردنەوەی پاژەکان پێک دێت و تەواو دەبێت و دەڵێت: «ئەگەر ڕۆژێک ئێرانی ئیسلامی داواکارییەکانی ئێمە لەبارەی کوردستانەوە قبووڵ بکات، ئەوە بۆ ئێمە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت.»

لەو چوارچێوە سۆسیالیستییە نوێیەدا، کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێت دایمەزرێنێت، ئەو بابەتە سەرەکییەکەی کە لە ڕەخنەی خۆیدا بەرانبەر سۆسیالیزمی ڕیالیستی باسی لێوە دەکات، دیمۆکراسی و ئازادییە.

بە زمانێکی ڕوونتر، کێشەی سەرەکیی ئەو سۆسیالیزمە ڕیالیستییەی کە هەیە، ئەوەیە کە هەم لە بواری تاکەکەسی و هەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

لە کۆمەڵگەدا دیموکراسیی سیاسی، یان سنووردار کراوە، یان هەر نییە. لە ڕاستیدا دەڵێت، لەو ستراتیژییە سۆسیالیزمەی کە دەیەوێت دایمەزرێنێت و بانگەشەی بۆ دەکات، دیموکراسی و ئازادی دوو پایەی سەرەکین، کە ناتوانن دەستبەرداری ببن. ئەوان نایانەوێت کە دیموکراسی و ئازادی سنووردار بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، خەبات دەکەن بۆ فرەوانترکردن و قووڵکردنی ئازادی و دیموکراسی. دیارە کە ئەم دوو خاڵە جەوهەرییە، واتا دیموکراسی و ئازادی، سەرەکیترین پێداویستیی شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانی کورد و خەڵکی ئێرانن، کە بە ساڵانە لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی زۆردار و دیکتاتۆردا زەوت کراون. ئەو سۆسیالیزمەی کە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارە بۆ بنبەست و کێشەکانی ئێران دادەمەزرێت، بەبێ ئەم دوو بنەمایە نابێت.

لە ڕەخنەی د. قاسملوو دەربارەی سۆسیالیزمی ڕیالستیدا لەجێی سنووردارکردنی دیموکراسی، جەخت لەسەر سۆسیالیزمێک دەکاتەوە، کە دیموکراسی فرەوان و بەهێز بکات، وەکوو لاکلائۆ و مۆفێ دەڵێن، بۆ هێژمۆنیی ستراتیژییەکی چەپ، لەجیاتی چۆڵکردنی مەیدانی دیموکراسی، بەپێچەوانەوە، دەبێ بە فرەوانترکردنی زەمینەی دیموکراسی لە ڕێگەی خەباتی دیموکراسییەوە زەمینەی هاوبەش بۆ سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکان و حکوومەت بدۆزرێتەوە.[14]

ئەو بەرگرییەی مۆفێ و لاکلائۆ بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک لە «دیموکراسیی ڕادیکاڵ»ی دەکەن، وەکوو چۆن عەلی مونەزەمی شرۆڤەی دەکات، هاوتەریبە لەگەڵ بیرۆکەی «مارکسیزمی دیموکراسی»ی دوکتۆر قاسملوو.

بە بۆچوونی د. قاسملوو، ئەو سۆسیالیزمی دیموکراسییەی کە بنیات دەنرێت، هەم بە بەرژەوەندییە ئابووری و سۆسیالیستییەکانی و هەم بە ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکانی، واتای بەشداریی ڕاستەوخۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتدا دەگەیەنێت. لەو سیستەمە سۆسیالدیموکراسیەدا کە بۆخۆی هەوڵی بنیاتنانی دەدات، نابێ تاک لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا سەرکوت بکرێت. دوکتۆر قاسملوو جیاوازی لە نێوان سێ جۆری دیموکراسیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دادەنێت. ئەم سێ شێوازە دیموکراسییە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیست و سەرمایەداری بەراورد دەکات. لە سەرەتادا دیموکراسیی ئابووری لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا بەهێزە، لەبەر ئەوەی کە داهاتە نیشتمانییەکان لەو وڵاتاندا بە شێوەیەکی عادڵانەتر دابەش دەکرێن. د. قاسملوو لێرە باس لە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش دابەشکردنی داهاتە نیشتمانییەکان لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا نییە، بەڵکوو بەراوردکردنێکە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئاخۆ ئەو داهاتە بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش دەکرێت، یان نا؟

د. قاسملوو بەرگری لەوەش دەکات کە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستدا بە ڕێژەیەک باشترە لە وڵاتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

سەرمایەدارییەکان، کەواتا لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا حکوومەت لەگەڵ پێشکێشکردنی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خوێندن، نیشتەجێبوون و تەندروستی، لەو هاوکارییانەشدا کە لە بواری هونەری و کلتووریدا پێشکێشی کردوون، زۆر عادڵانە بووە و هیچ تایبەتمەندییەکی بە کەس نەداوە. بەڵام دوکتۆر قاسملوو دەڵێت، دەربارەی دیمۆکراسیی سیاسی بارودۆخەکە جیاوازە. بە واتایەکی دیکە، بە بۆچوونی ئەو، پێویستە مافی ئەوە بدەین کە دیمۆکراسیی سیاسی لە وڵاتانی لیبرال ـ سەرمایەداریدا زۆر پێشکەوتووە. واتا دەتوانین بڵێین لەو وڵاتانەدا، ئازادیی تاک لە بوارەکانی ئازادیی بیرورِا و میدیا، گەشتوگوزار و بەشداریی سیاسی لە دەسەڵات و ڕەخنەگرتندا فرەوانترە. هەروەها پێویستە بڵێین کە دوکتۆر قاسملوو باس لە دوو لایەنی سەرەکیی دیمۆکراسی تاکەسەکی و گشتی دەکات. دیمۆکراسیی سیاسیی تاکەکەسی، ژیانی تایبەتیی تاکەکەسە، واتا تاک هەرچۆنێکی بیهەوێت ژیانی تایبەتیی خۆی بنیات دەنێت و بەو شێوازە دەژیت؛ بەو جۆرەی کە دەیەوێت شێوازی فیزیکیی تاک دابڕێژێت. بابەتەکانی تایبەت بە ئازادیی جلوبەرگی تاکەکەسی، لە خاڵە هەر دیارەکانی ژیانی تاکەکەسین لە دیمۆکراسیی سیاسیدا. لە جێگەیەک کە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ، یان دەوڵەت دەست پێ دەکات، باس لە هێڵی گشتیی سۆسیالدیمۆکراتی دەکرێت. لە بابەتی وەکوو ئەوەی تاک بتوانێت بۆچوون، یان ڕەخنەی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵات، یان بەڕێوەبەرەکەی بڵێت. دوکتۆر قاسملوو لەنێو وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا بە ڕێژەیەکی کەم تایبەتمەندیی ڕیزپەڕ (استثناء) بۆ هەریەک لە یۆگوسلاڤیا و مەجارستان (هەنگاریا) دادەنێت و دەڵێت، دیمۆکراسیی سیاسی بۆ تاکەکەس و بە شێوەی گشتی نییە.

دوکتۆر قاسملوو ڕەخنە لە شێوازی سۆسیالدیمۆکرات لە وڵاتانی سۆسیالیستی و هەروەها دیمۆکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتانی لیبرال ـ سەرمایەداری، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەیە، دەگرێت و دەڵێت، لە هەردوو بلۆکەکەدا دیمۆکراسییەکی تەواو نییە. بەڵام د. قاسملوو لە نێوان ئەم سێ شێوازە دیمۆکراسییەدا پێشەنگایەتی بە دیمۆکراسیی سیاسی دەدات. د. قاسملوو کە بۆ نیشاندانی هەبوونی دیمۆکراسی باس لە نوێنەرایەتی و بەشداربوون دەکات و یەکسانیی کۆمەڵایەتی وەکوو بەرچاوترین نیشانە بۆ ئەو مەبەستە دادەنێت.[15] (اندیشەهای قاسملوو: ٩٨) کە باس لە بەشداربوون و نوێنەرایەتی دەکەین، نابێ بەبێ ئەوە تێ پەڕین کە بڵێین، دوکتۆر قاسملوو بە ناوی دیمۆکراسییەوە بڕوایەکی قووڵی بە پلۆرالیزم (بەشداریی فرەلایەن) هەبوو. لەلای دوکتۆر قاسملوو کە پلۆرالیزم بە ڕێگەیەکی سەرەکیی گەیشتن بە دیمۆکراسی دەبینێت، بوونی تەنیا یەک پێکهاتەی سیاسی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم.

د. قاسملوو جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە بە ناوی پلۆرالیزمەوە لە کۆمەڵگەیەکدا دەبێ لایەنی سیاسیی جیاواز هەبێت و ئەمانە لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات و خەڵک کێبڕکێ بکەن. خەنیمە سیاسییەکان کە وەکوو پێداویستییەکی سەرەکیی دیمۆکراسی لەنێو پلۆرالیزمدا جێ دەگرن، دەتوانن وەکوو ئەو (ئانتاگۆنیزم - لێکدژی)یە بن، کە لاکلائۆ و مۆفێ باسی لێوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەن. هەرچۆنێک بێت، خەنیمەکان دوژمنی یەکتر نین، ئەوان ڕکابەری یەکترن، کە لەسەر بابەتەکان ناکۆکن. یان وەک «ڕازمینگ کۆچەی» کە باس لە ژنومێردەکەی «لاکلائۆ و مۆفێ» دەکات و دەڵێت، لەنێو ئانتاگۆنیزمدا دەڵێن:
«خەنیمەکەت بۆ ئەوە دروست بووە، کە ڕکابەرایەتیی تۆ بکات و بەو شێوەیە قبووڵی بکە.»[16]

وەکوو چۆن شاهۆ حوسێنی لە مەقالەیەکدا لەژێر ناوی «لە دیمۆکراسیی ڕادیکاڵەوە بەرەو سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک»[17] دەڵێت: «د. قاسملوو کە هەردوو کێشەی سیاسی و ئابووری، وەکوو دوو کێشەی سەرەکیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران دەبینێت و باسیان دەکات و بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر وەکوو هۆکاری سەرەکیی هەبوونی ئەو دوو کێشەیە پێناسە دەکات.»

لەم بەینەدا بەپێی بیرکردنەوەی د. قاسملوو، بە شێوەیەکی گشتی لە سیستەمی سۆسیالیستیدا یەکسانیی سیاسی نییە و یەکسانیی ئابووری هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە سیستەمی سەرمایەداریی بورژواییدا یەکسانیی ئابووری نییە و یەکسانیی سیاسی هەیە. لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە، دەتوانین ئەوە ببینین کە د. قاسملوو سڵاوێکی لە لیبرالدیمۆکراسی کردووە (ئاوڕی لێ داوەتەوە). لە ڕاستیدا ئەمە وەکوو یەکێک لەو بابەتە سەرەکیانەی کە بەرگریی لێ دەکات، هەڵوێستێکە لە بابەتی ئازادیی تاک و دیمۆکراسیدا دێتە بەردەممان. سڵاوێکی بەم شێوەیە، بە واتایەکی گەورەتر، ئەگەر بڵێین وەکوو وتەکانی لاکلائۆ و مۆفێ دەربارەی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ دێتەوە، زێدەڕۆییمان نەکردووە. لەبەر ئەوەی ئەوانیش لیبرالدیمۆکراسی، کە هاوتەریبی چینی بورژوایە، لە بنەڕەتەوە ڕەت ناکەنەوە. بەپێچەوانەوە بەو واتایە، کە قاسملووش هاوبیرە لەگەڵیان، لەنێو سۆسیالیزمدا، تاکی چینی کرێکار تەنیا بەرهەمهێنەر نییە، بگرە هاوکات لە بواری سیاسیشدا بە هاووڵاتی هەژمار دەکرێت. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە سیستەمی لیبرالیدا دیمۆکراسی تەنیا سنووردار نابێت بە ئازادیی تاکەکەس، بەڵکوو دەبێ لە بواری ئابووریشدا گەشە بکات.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو سۆسیالیزمە نوێیەی کە د. قاسملوو دەیەوێت بنیاتی بنێت جیایە لەو سۆسیالیزمەی کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا هەیە، بە بڕوای ئەو، شێوازەکانی سۆسیالیزمی هەیی (مەوجوود) ناتوانێت وەڵامدەری کێشەکانی تاکی کورد و کوردستان بێت و دەڵێت: «دەبێ سۆسیالیزمێک بنیات بنێین، کە وەڵامدەری داواکارییەکانی تاکی خۆمان بێت.»

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەربارەت بەوەی کە «چ جۆرە سۆسیالیزمێک»؟ د. قاسملوو بە ئاماژەکردن بە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا دەڵێت: «دەبێ هەر نەتەوە و وڵاتێک بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، سۆسیالیزم بنیات بنێن. بۆ ئەمەش دەبێ


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرنگی بدەین بەو بڕیار و هەڵسەنگاندنانەی کە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا لە ٢٤مین کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٨٢ بە مەبەستی بنیاتنانی سۆسیالیزمێکی نوێ باسی کردوون.» د. قاسملوو دەڵێت: «پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا کە ئەو کۆنگرەیەی لەژێر دروشمی «بنیاتنانی سۆسیالیزمێک بە ڕەنگی فەرەنسایی» گرتووە، هەوڵی داوە کە سۆسیالیزمێک بەپێی تایبەتمەندیی وڵاتی خۆیان بنیات بنێت.»

لە ڕاستیدا دەبێ بەگەرمی پێشوازی لەم هەڵوێستەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بکرێت، کە گەورەترین پارتی کۆمۆنیستی ئەورووپای ڕۆژئاوایە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی یەکیتیی سۆڤیەت هەبووە، کە ویستوویەتی سۆسیالیزمێک بەم شێوازە بنیات بنێت. سەرەڕای ئەمەش، دەڵێت، کە ئەو سۆسیالیزمەی لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا هەیە، بۆ کوردستان گونجاو نییە و بەئاشکرا دەڵێت، کە گەلی کورد لە کوردستان دەبێ بە لەرچاوگرتنی هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی خۆی، سۆسیالیزمێکی نوێ و تایبەت بە خۆی بنیات بنێت و، داوای شێوازێکی نوێ «سۆسیالیزمێک بە ڕەنگی کوردستان» دەکات. بە بڕوای د. قاسملوو دەبێ بنەمای ئەم سۆسیالیزمە دیمۆکراسی بێت. لە کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسادا دەڵێت، کە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پێداویستییە نوێیە هەمەجۆرەکانی خەڵک لە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەورووپا دەبێ کۆمەڵگە پێش بکەوێت و بنەمای ئەو پێشکەوتنەش دیمۆکراسییە. پێری ئەندێرسۆن دەڵێت: «نیشانەکانی لیبرالبوونی سنووردار و نەرمینواندن لە بەرانبەر کۆمۆنیزمدا لە وڵاتانی ئەورووپا لە ساڵانی ١٩٦٠ وەدیار کەوتن، کە لە کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسادا، وەکوو «دیمۆکراسیی پێشکەوتوو» باسی لێوە کراوە.»[18]

لە ڕاستیدا د. قاسملوو بۆخۆی لە دوکیومێنتارییەکی «بی.بی.سی فارسی»دا، کە ئەو میدیایە لەسەر «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» ئامادەی کردووە، بەڕوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕەت دەکاتەوە و بەمەش دیار دەبێت، کە ڕێگاکانی چەندە لەگەڵ مارکسیست ـ لینینیستی کلاسیک جودا کردووەتەوە. د. قاسملوو پشتگری لە ستراتیژییەکی نوێی پۆستمارکسیزم دەکات، کە پرۆلیتاریای دیکتاتۆری و شۆڕشگێڕیی زۆرداری ڕەت دەکاتەوە و، هاوڕای بیرمەندی نوێخوازی ئەڵمانیا «ئێدوارد بەرنشتاین»ە. هەرچەندە ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە واتای ڕەتکردنەوەی پرۆلیتاریا نایەت، بەڵام هاوتەریب و هاوسەنگە لەگەڵ پێگەی تایبەت و ڕەخنەی پرۆلیتاریا لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا. د. قاسملوو بەرگریکردنی بەشێک لە ئەندامانی حیزبەکەی لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە بێواتا و بێجێ دەبینێت و ئەمەش، بەوە گرێ دەدات کە حیزبەکەی ئەو، حیزبێکی «دیمۆکراتیکی نەتەوەیی»ـە . ڕەتکردنەوەی ئەم بابەتە لە لایەن د. قاسملوو تەنیا لە بەرژەوەندیی لایەنگریکردنە لە دیمۆکراسی. لەبەر ئەوەی ئەو، دژی سۆسیالیزمێکە کە دیمۆکراسی و ئازادی لە ناوەرۆکیدا نەبێت. هەڵبەتە د. قاسملوو لەبارەی ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە خۆی لە سوودوەرگرتن لە «ڕەوابوونی مارکسیستی» بەدوور ناگرێت. بە بڕوای ئەو، بەر لە هەرشتێک مارکس، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا وەکوو ئامانجێک نابینێت، بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامانجی سەرەکیی ئەو، «لەنێوبردنی سەرجەم چینەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێچین»ـە و، لەو ڕێگەیەدا وەکوو قۆناغێکی کاتی هەڵویستەی لەسەر دەکات. تەنانەت سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین، «ماو تسی تۆنگ»، نەک پرۆلیتاریا، بەڵکوو بەرگری لە «دیکتاتۆریەتیی دیمۆکراسیی گەل» دەکات.

لە کۆتاییدا، نامەوێت تێپەڕ بم، بەبێ ئەوەی باس لەو خاڵە بکەم، کە لەبەر ئەوەی د. قاسملوو بۆ مەسەلەی کورد و کوردستان باسی لە دامەزراندنی سۆسیالیزمێکی نوێ کردووە، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەک بووەتەوە، کە لە «ڕووبەڕووبوونەوەی سەرمایەداری»ـەوە دێت. لە بابەتی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» کە بۆ پرۆگرامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشکێشی کردووە، لە لایەن ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵییەکانی وەکوو کۆمەڵە و «ڕاە کارگر»ەوە ڕەخنەی لێ گیراوە و دەڵێن، گوناهێکی سۆسیال دیمۆکراسیی کردووە و هەموو مەبەستەکەیشی ئەوە بووە، «ئاو بکاتە ئاشی سەرمایەدارییەوە». ئەوەی کە لەنێو ئەو نامە (دەق)ـەدا باس لە (مارکسیست ـ لینینیست) نەکراوە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی خراپ لەسەر سۆسیالدیمۆکراسی تۆمەتبار کراوە. خودی د. قاسملوو دەڵێت، لەبەر ئەوەی لە گوتار و سلۆگانەکانیدا باسی لە سەرمایەداری نەکردووە، ڕەخنەی لێ گیراوە، بەڵام ئەو، دەڵێت بەر لە هەرشتێک لە کوردستان دەبێ بڵێن «کامە سەرمایەداری؟» لەبەر ئەوەی لە کوردستان سەرمایەداری نییە. ئەو، دەڵێ کاپیتالیزم (سەرمایەداری) ئەوە نییە، کە هەندێک کەس بیری لێ دەکەنەوە، کە پەیوەندیی بە ماڵ و مڵکەوە هەبێت، بە ئاماژەکردن بە کارل مارکس، دەڵێت کە ئەمە «شێوازێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە»، لە لایەک کەسی خاوەنسەرمایە، واتا کاپیتالیست و، لە لایەکی دیکە، چینی کرێکار هەیە و، شێوازێکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندیی بە «زاڵم و زۆڵملێکراو»ەوە هەیە. لەم شێوازەدا، چینی کرێکاران کەرەستەی بەرهەمهێنان نین و ناچار کراون هێزی جەستەییی خۆی بە خاوەنی سەرمایە بفرۆشن، کە ئەو ئامێرانەیان قۆرخ کردووە. د. قاسملوو لەم خاڵەدا جیاوازی دەخاتە نێوان کاپیتالیست و دەوڵەمەند لە کوردستان و دەڵێت، لە کوردستان سەرمایەداری نییە. ئەو، بەرگری لەوە دەکات، کە هەموو کاپیتالیستێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەموو دەوڵەمەندێک کاپیتالیست نییە و، ئەم وەڵامەش دەداتە ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی لێ دەگرن، کە لە کوردستان دژایەتیی کاپیتالیزم ناکات:

«کاپیتالیست و دەوڵەمەند یەک شت نین، هەموو کاپیتالیستێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەموو دەوڵەمەندێک کاپیتالیست نییە. لە کوردستان دەوڵەمەند هەیە، بەڵام کاپیتالیست نییە. هەربۆیە لە کوردستان پێویستیمان بە شوعاری دژی کاپیتالیزم نییە. ئەم قۆناغە، قۆناغێکە کە پێویستە خەباتی نەتەوەیی و دیمۆکراتیی تێدا بکرێت. لەبەر ئەوەی کەسانی خاوەنسەرمایە لە کوردستان، چینێکی ڕێکخراو و یەکگرتوو نین و، دژایەتیی داواکاریی نەتەوەیی و دیمۆکراسییانەی ئێمە ناکەن. بە پێچەوانەوە لە زۆربەی شارەکاندا بورژوا و بورژوازە بچووکەکان، هاوکاریی خەباتی نەتەوەییی کورد دەکەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەیانەوێت ڕۆڵیان هەبێت.» جگە لەوە، د. قاسملوو، خۆی دەڵێت: «ئەو سۆسیالیزمە دیمۆکراسییەی کە ئەو بەرگریی لێ دەکات، بە واتای ڕەتکردنەوەی کاپیتالیزم و سۆسیالدیمۆکراسی نییە. لەبەر ئەوەی د. قاسملوو لەو بڕوایەدایە، کە سۆسیالدیمۆکراسی ڕێگەیەکە بۆ ڕیفۆرمکردنی ئەو سۆسیالیزمەی کە بەرگری لە کاپیتالیزم دەکات و بە بیر و باوەڕی سۆسیالیستییەوە هەوڵ دەدات کە چینی کرێکار کاپیتالیزم قبووڵ بکات و لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە دەیەوێت لە چوارچێوەی کاپیتالیزمدا کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی چینی کرێکار چارە بکات. بە بڕوای من، کە د. قاسملوو لێرەدا سۆسیالدیمۆکراتی دێنێت، بە واتای ئەوە نییە کە وازی لە سۆسیالیزمی ڕیالیستی نەهێناوە. لەبەر ئەوەی کە ئەو، تەنیا باسی لە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک کردووە. بەڵێ دەتوانین بڵێین کە ئەمەی بۆ بەرگریکردن لەو سۆسیالیستبوونەی خۆی گوتووە. بەڵام بۆ ئەوەی کە بڵێین ئەمە مۆدێلێک نییە کە لەسەر ئەو شێوازە سۆسیالیزمە بێت کە هەیە، ئەو بەڵگە و بابەتانەی کە لە سەرەوە دەربارەی بیرکردنەوەی د. قاسملوو باسمان کردن، دەکرێ کیفایەت بن بۆ ئاشکراکردنی ئەمە. خۆ مەشغووڵکردن بە بیناکردنی سۆسیالیزمێکی نوێ و کارکردن بۆ ئەوەی کە ئەمە لەسەر هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی ڕیالیستیک بنیات بنێت، بەسە بۆ ئەوەی کە بڵێین د. قاسملوو وازی لە سۆسیالیزمی ڕیالیستیک هێناوە.

## کۆتایی

لە سەرەتادا دەبێ مافی ئەوە بدەین کە، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو بابەتە کورتەدا کە باسمان کرد، ئاماژەی بە چەند بابەتی گرنگ کردووە، بابەت و ناوەڕۆکی ئەو مژارانەی کە گرنگیی پێ دەدات و هەروەها شێواز و ئامانجی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مژارانە، بەڵگەهێنانەوەی پێویستە لەسەر ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو لە بواری هزر و بڕوا و سیاسەتەوە لەگەڵ

مارکسیست -. سۆسیالیستە کلاسیکەکان جیاوازە و ئەوەندەی کە ئێمە باسمان کردووە، هۆکاری پێویستمان بەدەستەوەیە کە بڵێین دوکتۆر قاسملوو کەسێکی پۆستمارکسیزمە.

لە سەرتاوە باسی بنیاتنانی سۆسیالیزمێکی نوێی کردووە، کە تێیدا سەرجەم پارتە سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ناوەڕۆکێکی دیمۆکراتییان هەبێت و لەوە سەرووتر بن، کە تەنیا چینی کرێکار وەکوو دینامۆی گۆڕانکارییەکان پێناسە بکەن و، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە خۆی وەک کەسێکی پۆستمارکسیزم پیشان دەدات. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەوەی تۆتالیتاریالیزمی چینایەتی لە دژی دیمۆکراسی دەبینێت، پرۆلیتاریای دیکتاتۆری ڕەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکـاتەوە و واز لەو هـزرە دەهێنێـت، ئەو بـابەتەی کە «لاکلائـۆ و مـۆفێ»ش باسـی لێـوە دەکەن، «تایبەتمەنـدیی چینایەتی»، یان «سیاسەتی چینایەتی» بەلاوە دەنێت.
حیزبـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران بە ڕێبەرایەتیـی دوکتـۆر عەبـدولڕەحمان قاسـملوو، خـۆی وەک حیزبێکـی چینـایەتی نابینێت، بەڵکوو خۆی وەک ڕێکخراوێکی «دیمۆکراتی ـ نەتەوەیی» پێناسە کردووە و ڕێک خستووە.

«Wood .M .E» باسی «لاکلائۆ» دەکات و دەڵێت، لاکلائۆ شێوازی «میللی نەتەوەیی ـ خەڵکی نەتەوەیی»، یـان «میللی ـ دیمـۆکراتی»ی بەکـار هێنـاوە و، ئەو کێماسییەی «لاکلائـۆ» سـاڵی ١٩٢٠ لە پـارتی کرێکـاری ئاڵمانیـادا دۆزیـویەتەوە لێپرسینەوە (Interpellation-gensoru) بووە و، لاکلائۆ پاریزگـاریی لە نەتەوە کـردووە و پۆتـانسیەلی بەرگریکـردن لە پۆپۆلیستیی دیمۆکراتیکی لە وڵاتەکەی خۆی، واتـا ئـارژانتینەوە بەدەست هێنـاوە. هەر بەم شێوەیەی «وۆد» لەبـارەی لاکلائۆوە باسی دەکـات، د. قاسملووش لە بەرانـبەر چینـایەتی، نەتەوەگرایـی و لە بەرانبەر ئابووریـدا، سیاسەت بەهەنـد وەردەگرێت و، گرنگـی بە کـۆمەڵگە دەدات.[19] لەبەر ئەم هۆکـارانە دەتـوانین کە دوکتـۆر قاسـملوو وەکـوو پۆستمارکسیسـزم وەسـف بکەیـن. لێـرەدا لە هەڵوێسـتی ئیـدیۆلۆژیک و سیاسیی دوکتـۆر قاسـملوودا ئەو شـتەی کە دەرفەتمـان دەداتـێ ئەو ڕیزبەندییە بکەین، ئەوەیە کە سۆسیالیزمی ڕیالیستی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی کلاسیک بنیات دەنێت. جگە لەمە، لەبـارەی سۆسـیالیزم و بـابەتە جیهانییەکـانەوە زۆر جیـاوازتر لە پـارتی کۆمۆنیسـتی شـوورەوی بیـر دەکـاتەوە و حیزبەکەی خۆیان بە پارتێکی دیمۆکرات و نەتەوەیی وەسف دەکـات، کە دەتـوانن ڕەخنە لە خۆیـان بگـرن .بەم شێوەیە بەر لە هەرشتێکی دیکە، ئەرکی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەسەر شانی ئەوانە، لەبەر ئەوەی بە گوتەی د. قاسملوو، ئەولەویەتی حیزبی کۆمۆنیستی شوورەویش بەژەوەندییەکانی خەڵکی خۆیان بووە.

دوکتۆر قاسملوو کە پلۆرالیزم وەکـوو پێویستییەک بـۆ دیمۆکراسی دەبینێت و لەسەر ئەم بنەمـایەش بەرگری لە ناسنامەی مەزهەبـی، نەتەوەیـی و ژنـان و خەبـاتیـان بـۆ ئـازادی و بەرابەریـی کـۆمەڵایەتی دەکـات، بە تەواوەتـی ئەو بـابەتەیە کە لاکلائـۆ و مـۆفێ باسـی لێـوە دەکەن و دەڵـێن: «فرەوانکردنـی زەمینـەی دیمۆکراسـی و قـۆرخنەکردنی، یـان کـۆنەکردنەوەی دەسەڵات لە خـاڵێکی تایبەتـدا وەکـوو خـاڵ و مەرجێکـی سەرەکیی دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگە دەبینن»[20] و کۆدەنگییەک لەگەڵ ئەم تێزە وەدیار دەخات. ئەو باسەی کە دەتوانین لەو ژنومێردەوە، واتـا لە لاکلائۆ و مۆفێوە پێـی بگەیـن، ئەوەیە کە دوکتـۆر قاسـملوو لە خەبـاتی کۆمەڵایەتیـدا، مارکسیزمی کلاسیک، کە پێگەیەکـی تـایبەت و بەئیمتیـازەوە دەدات بە چینـی کرێکار، تێپەڕ دەکات و جەخت دەکـاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە مەیـدانی سیاسەتدا لەسەر بنەمـای ئانتـاگۆنیزم گرنگـی بە فرەییی ناسنامە و خەبـاتی پیکهاتەکـان بـدرێت، وەکـوو گـۆران تێربـۆرن[21] دەربـارەی لاکلائـۆ و مـۆفێ دەڵێت، ڕوانینـی سۆسیالیستی بەرانبەر بە چینەکان، لە هزری سۆسیالیستی دیمۆکراتیکدا لەلای قاسملوو پیگەیەکـی دیـاری نییە. بەو قسـەی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

کە ئێلن وۆد وەکوو ڕەخنەیەک لەبارەی پۆستمارکسیزمەوە دەیڵێت، دەتوانین بەرگری لەوە بکەین کە د. قاسملوو خۆی لە چینایەتی دزیوەتەوە و لە دژی بووە. جەختکردنی بەردەوام لەسەر ئەوەی کە ئەوان ڕێکخراوێکی چینایەتی نین و خۆیان وەکوو حیزبێکی دیمۆکراتی نەتەوەیی پێناسە دەکەن، دیاریکردنی ئەوەی کە لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا دیمۆکراسی نییە و لەسەر ئەم بنەمایە بە شێوازێکی ڕەخنەییی توند و بە زمانێکی پاراو تەئکید دەکەنەوە کە پێویستە خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ببێتە دەرفەتێک بۆ گەشەکردنی دیمۆکراسی، کە ئەمەش وەکوو نیشانەیەکی دیاری پۆستمارکسیزم دەبینرێت. جەختکردنی د. قاسملوو لەسەر ئەوەی کە دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ، وەکوو بنەمای بیرۆکە سۆسیالیستییەکەی جێ بگرێت و خەبات لەسەر ئەم بنەمایە بێت، هۆکارێکە بۆ ئەوەی د. قاسملوو لە بەرەی لاکلائۆ و مۆفێ جێ بگرێت. ئیسماعیل بازیار یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە دوکتۆر قاسملوو وەکوو ڕێبەر قەبووڵ دەکات، بە درێژاییی ئەو بابەتەی کە نووسیویەتی دەڵێت: «دوکتۆر قاسملوو وازی لە کۆمۆنیزم هێناوە»، «دوکتۆر قاسملوو سنوورێکی دیاریکراوی لە نێوان خۆی و چەپی ڕادیکاڵدا داناوە»، «ئەو، چیتر کۆمۆنیست نییە و بە بڕوای ئەو، چیتر کۆمۆنیزم نەماوە»، «ئەو، ئیدی سۆسیالیستە، دەتوانم بەئاشکرا بڵێم کە ئەو ڕووی کردووەتە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک و بەم نووسینە ماڵئاواییی لە میتافیزکی کۆمۆنیزم کردووە». میتافیزیکی کۆمۆنیزم، چینایەتی وەکوو بنەمای سەرجەم خەباتە سیاسییەکان دادەنێت و باس لە مژارەکانی وەکوو ژنان، نەتەوە و کلتوور ناکات و، هەموو شرۆڤە و ئانالیزی سیاسی و خەباتکردنی لەسەر بنەمای چینایەتییە، کە دوکتۆر قاسملوو ماڵئاوایی لەوە کردووە.

## پەراوێزەکان


Anderson, Perry, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, çev. Bülent Aksoy, İletişim: 2007, Birikim Yayınları.
Behramî Kawe, Tavgeyî Heqîqet, Beşêk Le Behremekanî Diktor Qasimlo, yayın yeri, tarihi ve yayınevi yok.
Demir, Gökhan, Post-marksizm Ve Radikal Demokrasi, İstanbul: 2014, PatikaKitap Yayınları.
Keucheyan, Razmig, Aklın Sol Yarısı, çev. Selen Şahin, İstanbul:2016, İletişim Yayınları.
Laclau Ernesto; Mouffe Chantal, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji: Radikal Demokratik Bir Politikaya Doğru, İstanbul: 2015, İletişim Yayınları.
Monzemi, Ali, Endîşehayî Qasimlo, trc. Keyhan Yusifî, Erbil: 1392 (2013), Îtîhadiyeyî Danişcuyanî Dimokrat Kurdistanî Îran.
Mouffe, Chantal, Siyasal Üzerine, çev. Mehmet Ratip, İstabul: 2013, İletişim Yayınları.
Sol Popülizm, çev. Aybars Yanık, İstanbul: 2019, İletişim Yayınları.
Qasimlo, Ebdurrehman, Çil Sal Xebat Di Riya Azadiyê de, wer. Ziya Avci, İstanbul: 2002, Avesta Yayınları.
Therborn, Göran, Marksizmden Post-Marksizme, çev. Devrim Evci, Ankara: 2011, Dipnot Yayınları.
Wood, Ellen M., Sınıftan Kaçış, çev. Şükrü Alpagut, İstanbul:2011, Yordam Yayınları.


[1] İlgili metin için bkz. Dr. Qasimlû, Kurtebasêk Le Ser Sosyalîzm», içinde"Tavgeyî Heqîqet, Beşêk Le Berhemekanî Diktor Qasimlû, amadekar: Kawe Behramî, Bergî Yekem, basım yeri, tarihi ve yayınevi yok. Aksi belirtilmedikçe Dr. Qasimlo ile ilgili değerlendirmede referans alınmış olan bu eserdir.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

[2] Ebdulrehman Qasimlo, Çil Sal Xebat Di Riya Azadiyê de, wer. Ziya Avci, İstanbul:2002, Avesta Yayınları, s. 133.
[3] Ali Monzemi, Endîşehayî Qasimlo, trc. Keyhan Yusifî, Erbil: 1392 (2013), Îtîhadiyeyî Danişcuyanî Dimokrat Kurdistanî Îran, s. 78-100.
[4] Bkz. http://www.teorivepolitika.net/index.php/arsiv/item/83-aydinlanma-dusuncesi-ve-bat%C4%B1-marksizmi (erişim tarihi: 23. 09. 2019).
[5] Perry Anderson, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, çev. Bülent Aksoy, İstanbul: 2007, Birikim Yayınları, s. 89.
[6] Bkz. http://www.teorivepolitika.net/index.php/arsiv/item/74-post-marksizmin-postulatlari (erişim tarihi: 24. 09. 2019)
[7] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 25
[8] Chantal Mouffe, Sol Popülizm, çev. Aybars Yanık, İstanbul: 2019, İletişim Yayınları, s. 15; Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 26.
[9] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji,s. 28-29.
[10] Chantal Mouffe, Siyasal Üzerine, çev. Mehmet Ratip, İstanbul: 2013, İletişim Yayınları, s. 39
[11]Gökhan Demir, Post-marksizm Ve Radikal Demokrasi, İstanbul: 2014, PatikaKitap Yayınları, s. 167-68
[12] Burada şunu not düşmek gerekir: Dr. Qasimlo politik-idari bir statü olarak otonomiyi nihai ve üst bir merhale gibi görmüyor. Kürt meselesinin gerçek ve asıl içeriği olarak vurguladığı self-determinasyon hakkını gerçekleştirmenin üç biçiminden bahsetmektedir: Bağımsızlık, federalizm ve otonomi. Doğu Kürdistan›ın, İran›ın ve Kürtlerin Ortadoğu›daki mevcut koşullarına kendince «realist» bir şekilde yaklaşıp ilk ikisinin bu koşullara uygun olmadığını söylemektedir. Dolayısıyla otonominin tercih edilmesi, var olan koşulların dayattığı bir zorunluluktan kaynaklanmaktadır.
[13] Kawe Behramî, Duktor Qasimlû: Rêberekî Modern û Şorişgêrêkî Dîmokrat, s.97-99, yayın yeri, tarihi ve yayınevi yok.
[14] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 270.
[15] Ali Monzemi, Endîşehayî Qasimlo, s. 98.
[16] Razmig Keucheyan, Aklın Sol Yarısı, çev. Selen Şahin, İstanbul:2016, İletişim Yayınları, s. 323
[17] Bkz. http://dengekan.info/archives/3902 (erişim tarihi: 18. 09. 2019)
[18] Perry Anderson, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, s. 71-72.
[19] Ellen M. Wood, Sınıftan Kaçış, çev. Şükrü Alpagut, İstanbul: 2011, Yordam Yayınları, s. 45-46
[20] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 272.
[21] Göran Therborn, Marksizmden Post-Marksizme, çev. Devrim Evci, Ankara: 2011, Dipnot Yayınları, s. 174.

سەرچاوە گۆڤاری تیشک ژمارە: ٥٣ پاییزی ٢٧١٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مینا قاسملوو: باوکم وتی "ئولۆف پالْمە" نییە تا پۆلیس پارێزگاری لێ بکات

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ماڵپەڕی "MEMORY OF NATIONS" کە تایبەتە بە گێڕانەوەی بەسەرهات و بیرەوەری تاکە بەرجەستەکان لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، چەند لێدوان و وێنەی تایبەت بە "مینا نۆرلین"، کچی "د.عەبدولڕەحمان قاسملوو"ی بڵاو کردەوە.



A photo of Mína Norlin at that time from a trip to Kurdistan, summer 1990

**کە لەبەر گرینگی بابەتەکە و گواستنەوەی بۆ خوێنەرانی کوردزمان، لێرەدا دەقی لێدوانەکانی بەڕێزیان دەخەینە بەر چاو:**

### لە بارەی "مینا"وە


"مینا نۆرلین" لە ١٩ی ئاوریلی ١٩٥٣ لەدایک بوو، دایکی، "هێلێن کرۆلیچۆڤا" خەڵکی چێک و باوکی "عەبدولڕەحمان قاسملوو" خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. لە پاییزی هەمان ساڵدا، "مینا" کاتێک منداڵێکی شەش مانگان بوو برایە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێران، لەو شوێنەی باوکی لە دژی "شا" لە خەباتدا بوو. لە ماوەی چەند مانگی پاش ئەوە، "هیوا" خوشکی "مینا" لەدایک بوو. لە کۆتایی ١٩٥٧دا، "عەبدولڕەحمان قاسملوو" حوکمی لەسێدارەدانی درا. هەر بۆیە، بڕیاری بەجێهێشتنی وڵاتەکەی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دا و داوای مافی پەنابەری لە چێکۆسلۆڤاکی کرد. بە هۆی سەفەری خێرایان بە پاسپۆرتی بیانییەوە، بنەماڵەکە لە ژێر ناوی ساختە تا ١٩٦٨ لە پراک ژیان. بەم جۆرە، "مینا" هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا پاش ئەوەی ناسنامەی بیانیبوونی بۆ مانەوەی هەمیشەیی پێدرا، لەگەڵ ناوی بنەماڵەیی خۆی بۆ یەکەم جار ئاشنا بوو. لە ١٩٧٣دا، باوکی وەکوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تاراوگە هەڵبژێردرا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا، باوکی چووە دەرەوەی وڵات و لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا بەشدار بوو. هەر لەو کاتەدا، ئەو هەوڵی دا منداڵەکانی لەگەڵ نەبێت لەبەر پاراستنی گیانیان. خاڵێکی وەرچەرخان لە ١٩٧٦ رووی دا کاتێک دەسەڵاتدارانی چێکۆسلۆڤاکی درێژکردنی پێناسی مانەوەیان بۆ بنەماڵەکە ڕەد کردەوە. "مینا" و "هیوا" داوای مافی پەنابەرییان لە سوێد کرد. دایک و باوکیان چوون بۆ پاریس، لەو شوێنەی قاسملوو لە زانستگای "سۆربۆن" دامەزرا. پاش چەند ساڵ مانەوە لە ستۆکهۆڵم، "مینا" هاوسەرگیری کرد و "بیناسازی" خوێند. لە ١٣ی جولای ١٩٨٩دا، "عەبدولڕەحمان قاسملوو" و یارانی لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڤییەن بە بەشداری نوێنەرانی ئێران کوژران. لە ژێر سێبەری ئەم تراژێدییە بنەماڵەییەدا، "مینا" بینی "پەردەی ئاسنین" (سنوورەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو) نەماوە و هەر لە ١٩٩٢دا کاتێک یەکەمین دەرفەتی گەڕانەوە بۆ "پراگ"یان پێدا، دوودڵی نەکرد و گەڕایەوە.

## تیرۆرەکە:


From a family album, Abdul Rahman Ghassemlou with his five-week-old grandson, Stockholm, June 1989
photo: archiv pamětníka


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

"باوکم دەویست بچێتە ئەمریکا بۆ بەشداری لە کۆنگرەیەکی بەرینی سۆسیالیستەکان. تەنانەت بۆ ئەوێ بانگهێشت کرابوو کە مانای وابوو وەکوو نوێنەری بەرحەقی نەتەوەکەی ڕێزیان دەگرت. بە دڵنیاییەوە، ئێرانییەکان ئەمەیان پێ باش نەبوو. کەوابوو، بۆ ڤییەن بانگهێشت کرا و باوکیشم چوو بۆ ئەوێ. ئەو ئێوارەیە ئەوان کۆبوونەوەیەکیان بوو کە لە ئاپارتمانێکدا بەڕێوە چوو. دەگوترێ کە ئەو (باوکم) لەو کاتە بە ئاکامی دانیشتنەکە ڕازی بوو. لە ڕواڵەتدا، هەستی دەکرد بە شوێنێک گەیشتوون. ئەو ئێوارە، ئەوان بانگیان کردەوە تا باسی شتی تر بکەن و بۆ جارێکی تر لە ١٣ی جولایدا بانگهێشتیان کردەوە. دەرکەوت کە تەڵە بوو و هەر سێ کەسەکە بکوژ بوون. نێونجیگەرێک کە لە نێوانیان هەر دوو لایەنەکەدا بوو، باوکم و هاوڕێیانی لەوێ بوون. ژمارەیەک لە دراوسێکان دەنگەکە دەبیستن و پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. ئەو دوو کەسەی کە تەقەکەیان کردبوو، لە لایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کران. یەکێکیان ڕاست بەرەو فرۆکەخانە بردرا و بەرەو ئێران سواری تەیارەیان کرد. ئەوی دیکەیان بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆی لە باڵوێزخانەکەی ئێراندا حەشار دا".

## یاری "من کێم"



A photo of Mína Norlin at that time from a trip to Kurdistan, summer 1990



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"بە پاسپۆرتی عێراقییەوە لە چێکۆسلۆڤاکییەوە چووم بۆ ئەوێ و خۆم بە ئێرانی ناساند. بەڵام هیچ بەڵگەیەکم نەبوو بیسەلمێنم جگە لە پاسپۆرتە ساختەکە. ساڵێک لەوێ چاوەڕێم کرد تا مافی پەنابەرییان پێدام و پاش چەند ساڵێک داوام کرد وەک هاووڵاتی سویدی بناسرێم. لەو کاتەدا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا داوایان لێکردم دەستبەجێ هاووڵاتیبوونی ئێرانی لە کۆڵ خۆم بکەمەوە چونکە لەو کاتەدا هێشتا ئیزنی ئەوە نەدەدرا کە هاووڵاتی دوو وڵات بێت لە یەک کاتدا. بەم جۆرە ورەم وەبەر خۆم دا و چووم بۆ باڵوێزخانەی ئێران. پێمگوتم کە کێشەکەم چیە لە بارەی ئەوەی من کێم. بەڵام هیچ بەڵگەیەکم نەبوو بیسەلمێنم. کارمەندی باڵوێخانەکە قسەی لەگەڵ کردم و بەردەوام پرسیارێکی لێدەکردم و دەچوو لە پشتی درگای داخراوە لەگەڵ یەکتر باسی بکەن. بە بۆچوونم زۆری خایاند چونکە نزیک کاتژمێرێک دەبوو لەوێ بووم. دەمزانی دەزانن من کێم، بەڵام خەریکی یاریکردن بوون لە بارەی ناسنامەکەوە. کێشەم نەبوو چونکە نەمدەویست بچمە نێو هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسی لەگەڵیان. لە کۆتاییدا، کارمەندەکە هاتە لام و وتی ئەگەر هیچ بەڵگەیەکم نیە نیشانی بدا من کێم و خوازیاری سڕینەوەی هاووڵاتیبوونەکەمم بەبێ بەڵگە، ئەویش دەتوانێ بەبێ هیچ بەڵگەیەک بیسڕێتەوە. وەڵامەکە بۆ من زۆر باش بوو بەڵام پێویست بوو لەم مەسەلەدا، پۆلیسی سوێد بەفەناعەت بگەیەنم. کەوابوو، داوام لە کارمەندەکە کرد زانیارییەکانی پەیوەندی پێوەگرتن لەگەڵیم پێبدا و قسەکەی بە پۆلیسیش بڵێ. نازانم پۆلیس و باڵوێزخانە دواجار چییان کرد، بەڵام دواتر هاووڵاتیی سوێدیان پێدام".

## لەوێ خۆشم لە هیچ نەهات

"ئەوە بۆ من جۆرە مردنێک بوو چونکە نەمدەویست ئەوێ بەجێ بهێڵم. هێشتا پێموابوو ئەوە خراپتێگەیشتنە لەوەی کە من دەگەڕێمەوە. یەکەمین کارێک کە کردم ئەوە بوو کە چووم بۆ باڵوێزخانەی چێکۆسلۆڤاکی و داوای ڕوونکردنەوەم لێکردن. بەپێی هەندێ لە پاراگرافەکان، پێیان گوتم کە من ئەو مافەم نیە. کە چووم بۆ ئەوێ بە چێکی، ڕووسی و بڕێک فەڕانسەوی لەگەڵیان دوام. هەموو ئەوانەی لە دەورووبەرم بوون بە سوێدی یان ئینگلیزی دەدوان و منیش خۆشم لەو شتەیان نەهات. لەوێ خۆشم لە هیچ شتەیەکیان نەهات. ماوەیەکی زۆری پێچوو نزیک بە ساڵێک. خۆشم لە وڵاتەکەش نەدەهات، خۆشم لە خەڵکەکەشی نەدەهات، ئەگەرچی بەڕاستی مرۆڤی گەورە بوون. ڕاستە کە هیچ وڵاتێکی تر منی بەو شێوە قەبووڵ نەدەکرد، بەڵام ئەوە باری دەروونیم بوو. تەنیا دەمویست لە پراگ بم، لە کۆماری چێک".

## باوکم "پاڵمە" نیە

"کاتێک باوکم لە ١٩٨٦ سەردانی ئێمەی کرد، پێویستی بوو ماوەی ڤیزاکەی درێژ بکاتەوە. بە فەرمی وەکوو میوانم لەوێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

بوو، کەوابوو ناچار بووین پێکەوە بچین بۆ ئیدارەی پۆلیس. لەوێ زانیم کە ئەوان دەزانن باوکم کێیە و چ پێگەیەکی هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە، پێشنیاری ئەوەیان پێکرد کە پۆلیس بیپارێزێت. باوکم ڕەتی کردەوە و وتی ئەو "پاڵمە" نیە. بۆیە ئەمەی گوت چونکە "پاڵمە" ساڵێک پێشتری کاتێک دەچووە سینەما لە ستۆکهۆڵمدا تەقەی لێکرابوو. ئەویش هیچ ئیسکۆرتێکی لەگەڵ نەبوو. بەڵام ڕاستە کە لەو کاتەدا من نەمدەزانی باوکم ژیانێکی پڕمەترسی هەیە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بە بۆنەی دەستوێڕاگەشتن بە دوو وێنەی دوو ڕێبەری سیاسی کورد، قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق،




**حەسەن قازی**

**هەتا زانیاریمان لە سەر ڕووداو و دیاردەکان زیاتر بێ، وەچەی ئێستا زیاتر هاندەدەین بۆ خەبات و دەستەبەر کردنی سەرکەوتن.**

بە بۆنەی دەستوێڕاگەشتن بە دوو وێنەی دوو ڕێبەری سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش وایە بە وێستگەکانی ژیانی سیاسیان دا بچینەوە، بۆ ئەوەی لە بۆنە و تاریخی هەڵگیرانی ئەو وێنانە نزیک بینەوە. جێی ئاماژەیە خانمی مینا نورلین کە لە ماڵپەرەکەی دا ئەو وێنانە وێنەی دیکەی بنەماڵەیی بڵاو کردووەتەوە نەیزانیوە ئەو کەسەی کە لە دوو لە وێنەکان دا لەگەڵ دایک و بابی دەبیندرێ شەهید ئەحمەد تۆفیق (عەبدووڵای ئیسحاقی) یە. من پێنجشەمە شەو درەنگانێک ئەو دوو وێنە و چەند وێنەی دیکەم دیت کە بەڕێز ئازاد ئێلخانیزادە لە فەیس بووک دا بڵاوی کرد بووەوە و گەورەیی نیشان دا لە سەرچاوەی وێنەکان ئاگاداری کردم.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەشی چوارەم(کۆتایی)



A photo of Mína Norlin at that time from a trip to Kurdistan, summer 1990




photo: archiv pamětníka        1950   وێنە:  مینا قاسملوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)




- لەکۆتایی ١٩٤٠ کانی هەتاوی لە کالیجی ئەلبورز لە تاران دەخوێنێ

- دوای وەرگرتنی دیپلۆم لەگەڵ برای گەورەتری ئەحمەد قاسملوو دەچنە لای برای گەورەتریان حوسێن قاسملوو لە تورکیا و لەوێوە دەگەنە پاریس.

- هەر دووکیان دەبنە ئەندامی حیزبی توودە. بە بووڕسی حیزبی توودە قاسملوو لە وڵاتی چێکۆسلۆڤاکی لە پراگ دەست بەخوێندن دەکا.

- لە ساڵی ١٩٥٠ یان ١٩٥١ لەگەڵ هاوژین و منداڵێکی دێتەوە ئێران.

- سارمەدین سادق وەزیری کە یەک لە ئەندامانی کۆمیتەی کاک (کۆمیتەی ئەیالەتی کوردستان - ئازەربایجان)ی حیزبی توودەی ئێران بووە بۆ یارمەتیدانی چالاکییەکانی حیزبی قاسملوو دەینێرێ بۆ مەهاباد.

- لە دوای کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژ تا چەند ساڵ هەر بە نهێنی لەکوردستان ئێران (تاران) دەبێ. لە زەمانی سەرتیپ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

**تەیمووری بەختیار ماوەیەک دەگیرێ ودوایە بەر دەبێ دەچێ بۆ باشوور و عێراق.**

**- ئەو سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ بووژانەوەی چالاکی کورد لە باشوور قاسملوو لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا کار دەکا.**

**- عەبدولرەحمانی قاسملوو و کەریم حیسامی لە بەغدا و عێراق دەر دەکرێن، قاسملوو دەچێتەوە پراگ و لە ناو حیزبی توودە دا درێژە بە چالاکییەکانی دەدا، بەڵام لە گەڵ کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دانیشتووی شوورەوی. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئوڕووپاش لە پێوەندی دا دەبێ.**

**- لەو سەروبەندە دا لە پڕاگ بە هاوکاری حەسەن قزلجی، کەریم حیسامی، محەمەد موهتەدی چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەر دەکەن.**

**- لە ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە عێراق، پێوەندی لەگەڵ بارزانی و کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان دا دەمەزرێنێ. لە هەمان کات دا لە وەزارەتی تەختیتی عێراق دادەمەزرێ و لە باشوور بە ناوی عەبباس ئەنوەری دەناسرێ.**

**ە کۆنفرانسی سییەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) کە لە کۆیە لە ٢١ - ٦ - ١٩٧١ بە بەشداری ٣٢ نوێنەر بە سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ.**

**- لە ساڵی ١٩٧٥ بە تەواوی چێکۆسلۆڤاکی بەجێ دێڵێ و لە پاریس نیشتەجێ دەبێ و لە ئێنالکۆ (مەدرەسەی ژیاری و زمانانی ڕۆژهەڵات) لە بەشی سۆرانی دا دەرس دەڵێتەوە و یارمەتی پرۆفێسۆر جۆیس بلۆ دەدا.**

**- لە ساڵی ١٩٧٨ چەند مانگ بەر لە ڕووخانی حکوومەتی کوڕی ڕەزاخان بە نهێنی دێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**- قاسملوو لە ساڵی ١٩٧١ وە تا تاریخی تێرۆر کرانی ژووییەی ١٩٨٩ یانی ١٨ ساڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە.**

**- لەبەر پێوەندی بنەماڵەیی لە تەمەنێکی کەم تێکەڵاو بە سیاسەت دەبێ.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

- لە زیندوو کردنەوەی چالاکییەکانی حیزب دا شەو و ڕۆژ دەکاتەوە یەک.

- لەبەر ئازایەتی و لێوەشاوەیی پلەی حیزبی بەرز دەبێتەوە و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی.

- لە بەر هەڵسووڕانی سیاسی و بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست پۆلیس هەر لە ساڵی ١٩٥١ - ١٩٥٢ ژیانی نهێنی دەست پێ دەکا.
- دواتر دەچێتە باشووری کوردستان.

- لە باشوور بە کردەوە سەرکردایەتی ئەو کوردانە دەکا کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون. لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و هەر وەها مەلا مستەفا پێوەندییەکی چڕ دادەمەزرێنێ و دژایەتی باڵی "چەپ"ی ئەو حیزبە بە سەرۆکایەتی هەمزە عەبدوڵا دەکا.

-بە دەسپێکردنی شەڕی چەکداری لە باشووری کوردستان، هەتا دێ لە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد دوور دەکەوێتەوە و لە مەلا مستەفا نزیک دەبێتەوە.

- یەکەم ڕۆژنامەنووسیی بێگانە، دانا ئادام شمید لە بەیرووتەوە بۆ سەردانی باشوور و پێشمەرگە دەهێنێتە کوردستانی عێراق.

- بە کردەوە چارەنووسی خەباتی ڕۆژهەڵات بە باشوورەوە دەبەستێ و لە هەموو کێشەکانی نێو حیزبی دا مەلا مستەفا پشتی دەگرێ.

- لەماوەی ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٤ (کاتی بەسترانی کۆنگرەی ٢) و ماوەیەک دواتریش ڕێبەری بێ ئەملا و ئەولای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- بە پێی نووسینی پرۆفێسۆر جەمیل حەسەنلی ئەحمەد تۆفیق لە نامەیێک کە لە ٢٠-ی مارسی ١٩٦٠ دا بۆ ڕەحیم قازی نووسیوە داوای لێ دەکا حەول بدا بۆ تەرتیبی دیداری خۆی و ئەندامێکی دیکە وەک ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی شووڕەوی. سەرەڕای حەولەکانی قازی، شێئۆلیف یەک لە ئەندامانی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی شووڕەوی ئەو داوخوازە وەدوایە دەداتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

ئەو نامەیەش دەنگۆی دژی شووڕەوی بوونی ئەحمەد تۆفیق تا ڕادەیەکی زۆر دەڕەوێنێتەوە.

- لە ساڵی ١٩٦١ یان ١٩٦٢ لە سەفەرێکی نهێنی بۆ تاران دەتوانێ ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران پەیوەست کا بە تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات.

- کۆنگرەی دووەم، هەر چەند وەک سکرتێر هەڵی دەبژێرێ، بەڵام دوای ماوەیەک کێشەکانی نێوخۆیی حیزب قووڵتر دەبنەوە.

- خۆی و ژمارەیەک لە پێشمەرگە و خزمانی بە ئەمری بارزانی ڕادەگوێزرێن بۆ کونەماسی لە ناوچەی بادینان.

- دواتر لەوێ هەڵناکا، لەگەڵ چەند پێشمەرگە دەچێتە بەغدا و دەبێتە پەنابەری سیاسی.

- لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٢ دا لەگەڵ دەستەی پەناهیان کار دەکا و لە ڕۆژنامە کوردی ئەو گرووپە دا بابەت دەنووسێ.
- بانگەوازی حیزبی دێمۆکرات بۆ دەست پێ کردنەوەی چالاکی بە توندی ڕەد دەکاتەوە، چونکە شەرعییەتیان بە ڕەسمی ناناسێ.

- باڵێکی حیزب لە ژێر ڕێبەریی مەلا سەید ڕەشید حوسێنی پشتیوانی لێ دەکەن، ئەوە هەر ئەو گرووپەیە کە "کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان" یان پێک هێنا.

- ئەحمەد تۆفیق هەر چەند لەگەڵ تاکتیک و بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ نەبوو، بەڵام لە نامەیەک دا کە لە بەرواری ٦/٧ ژانوییەی ١٩٦٩ بۆ مەلا ڕەسوڵ پێشنەمازی نووسیوە تەسلیم کردنەوەی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی بە ڕێژیمی ئێران مەحکووم دەکا و دەنووسێ:

"... بەڵێ ئەوانە بوونە مایەی عەزابی ویژدانی و خوێن خراپی ئێمە بۆ ئەو حاڵەی کە وا ئێستا دەیبینین وەک مەڕی پەروار دە و دە و پۆل پۆل تەسلیم بە قەساب باشی هەتیوی قوڵیان دەکەنەوە. جنوونی قائیدی و پاڵەوانبازی فایقی بە جۆرێک سەرخۆشی کرد بوو کە هیچ نەسیحەت و ڕێنوێنی نە من و نە هەڤاڵانی تر هیچ فایدەی نەبوو. هەر وەکی هیچ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

محاوەلە و داوا و پاڕانەوەش ناتوانێ بەڕێوەبەرانی شۆڕش لەو کردەوە ناشیرینە واز پێ لێ بێنێ کە تەسلیم کردنەوەی کورد بە جەندەرمەکانی شای نە مەعقوولە و نە قانوونە و نە عورفە و نە... خۆتان بیان کووژن هەر وەک جەلالی و ٦٦ شان دەکووژن ئەوانەش خۆتان بکووژن باشترە لە تەسلیم کردنەوە..."

- لە ساڵی ١٩٧٢ ئەوە زاندراوە کە بەعس گرتوویە، لە زیندانی نوگرە سەلمان بیندراوە. لە زەمانی نازم گزار سەرۆکی ئیستیخباراتی نیگریسی بەعس لە بەغدا کووژراوە.

- هێندێک لایەن حیزبی دێموکرات، قاسملوو و بەتایبەتی نەمر حەمەدەمین سیراجی کە خزمایەتیشی هەبووە لە گەڵ ئەحمەد تاوانبار دەکەن کە دەستیان بووە لە کوشتنی دا و تەنانەت ئیدیعا دەکەن سیراجی ئەشکەنجەی ردووە، بەڵام ئەوەی ڕۆژێک حەمەدەمین سیراجی دیتبێ دەزانێ ئیدیعایەکی ئەوتۆ هیچ فڕی بەڕاستییەوە نییە.

تکایە ئەگەر هەڵەیەکی فاکتی لەم نووسینە دا دەبێننەوە بۆم ڕاست کەنەوە چونکە هەر وەک لە سەردێڕی ئەم ووتارە دا نووسیومە: هەتا زانیاریمان لە سەر ڕووداو و دیاردەکان زیاتر بێ، وەچەی ئێستا زیاتر هان دەدەین بۆ خەبات و دەستەبەر کردنی سەرکەوتن.
بە پێی دووسەرچاوەی جیاواز دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو دوو وێنەیە لە مانگی ئووت یان سێپتامبری ساڵی ١٩٥٧ هەڵگیراون.

حەسەن قازی

حەسری خانەگی!

٣-ی ئاوریلی ٢٠٢٠

سەرچاوە: لاپەرەی فەیسبووکی نووسەر

لینکی وتووێژەکەی مینا نورلین (قاسملوو)

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەگەکان - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# تێڕوانینێکی مافناسانە لەسەر دۆسیەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی



**فاراز فیروزی**

بۆ لێکدانەوەی ڕووداوێکی حوقووقی، پێویستە بۆچوونەکان لەسەر بنەمای فاکت و داکیۆمێنت ڕاوەستابن. لەسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو، بە پێچەوانەی دۆسیەی میکۆنۆس، تەنانەت لانیکەمی زانیاریی فەرمیش لەسەر هەڵسووڕانی فایلی دادوەریی ڕووداوەکە لە سیستمی دادوەریی ئۆتریشدا لەبەر دەست نییە. هەر بۆیە ئەم دەقە بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆسیە، زیاتر خۆی لە گێڕانەوەکاندا دەبینێتەوە.

لە سێزدەی ژووئیەدا، قاسملوو و قادری ئازەر، بێ ئەوەی پارێزەریان لەگەڵدا بێت و بێ ئەوەی ڕێوشوێنی ئەمنییان لەبەرچاو گرتبێ بۆ لینکە بانگاسەی ژمارە پێنج، شوێنی وتووێژ بەرێکەوتن. دەسپێکی وتووێژ پێنج و نیوی دوانیوەڕۆ دەبێت. دانیشتن لەو ئاپارتمانەدا دەبێ کە لەلایەن فازڵ ڕەسووڵەوە دابین کرابوو و جگە لە خۆی کەس لەو بابەتە ئاگادار نەکراوەتەوە.

ئامادەبووان ئەم کەسانە دەبن: موحەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، مستەفا مستەفەوەی (ئاجوودی)، غەفووری دەرجەزی (ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان ئەسل)، فازڵ ڕەسووڵ، عەبدوڵا قادری ئازەر و عەبدولڕەحمان قاسملوو.

سەحراڕوودی و موستەفەوی تیمی وتووێژن و بۆزۆرگیان وەکوو بەرپرسی پاراستنیان لە دیوی تەنیشتی دانیشتنەکە دەمێنێتەوە. وتووێژ دەسپێدەکات و بێ ئەوەی کەس بزانێ لەلایەن قاسملووەوە لەسەر کاسێتێک تۆمار دەکرێت. دانوستان بە ئاکام ناگات و لەلایەن قاسملوو و ڕەسووڵەوە پێشنیار دەکرێ کە لە ڕۆژی چواردەی ژووئیە، کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆ درێژەی پێ بدرێت (لە دەنگی تۆمارکراوی سەر کاسێت وەرگیراوە). تۆزێک پاش ئەم دەنگە دەنگی تەقە لە دوو چەکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جۆری کۆڵت بەرز دەبێتەوە.

فیشەکە دەرچووەکان تەوێڵ، بناگوێ و قوڕگی قاسملوو دەپێکن و سێ جار بەر سەر و دوو جار بەر قوڕگی ڕەسووڵ دەکەون. هەردوو دەسبەجێ گیانیان لەدەست دەدەن. لەوە ئەچێ قادری ئازەر تەنیا کەسێ بووبێ کە توانیبێتی لە خۆی بەرگری بکات؛ یەک فیشەک لە سەر، دوو لە نێوقەد، یەکێک لە بناگوێ، یەکێک لە قوڕگ، یەکێک لە شان و یەکێک لە قامکی دەستی ڕاستی ئەویش دەدرێت. بکوژەکان بۆ دڵنیابوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان، یەکێ یەک فیشەک لە هەرکامە لە پێکراوەکان دەدەن، بە جۆرێ کە ئاسەواری پێست و ئێسکی کوژراوەکان لەسەر (دەنگبڕ)ی چەکەکان دەمێنێتەوە.

پاش ئاگاداربوونەوە، پۆلیسی ویەن بە دەسبەسەرکردنی دەرجەزی و سەحراڕوودی - کە لە نەخۆشخانە دەبێ - لێکۆڵینەوەکانی تاوانەکە دەسپێدەکات.

ئەوەی لێرەدا زۆر سەیر و نامۆیە، داخستنی دۆسیەکە و ڕادەستکردنی تۆمەتبارەکانە بە باڵوێزخانەی ئێران.

پاش تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن هاوژینی دوکتور قاسملوو، دادگا ڕادەگەیەنێت کە تۆمەتبارەکان بەهۆی ئەوەیکە بەڵگەی پێویستیان لەسەر نییە و ناکرێ وەکوو تاوانبار بناسرێن، ئازاد دەبن. لە نۆڤەمبری ١٩٩٢دا دادگای بەرزی ئۆتریش ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکە بەجێ دەزانێت بەڵام ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە لە کاتی پێڕاگەیشتنی دادوەری بە دۆسیەکە؛ ناڕوونی لە بەڵگە و هۆکارەکانی تاواندا هەبووە.

ئێستە پرسیاری سەرەکی لای ئێمە ئەوەیە کە ئاخۆ دەکرێ لە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی دووروودرێژ، دەکرێ دۆسیەکە دیسانەوە وەگەڕ بخرێت؟

لە وەڵامدا دەبێ بوترێت کە تاوانە تێرۆریستییەکان لە ڕیزی مەترسیدارترین تاوانە دژەمرۆییەکانن و لەو بۆنەوە ڕێسای "تێپەڕینی کات" (statutory limitation) نایانگرێتەوە و دەشێت لە هەر کاتێکدا بە دەسخستنی بەڵگە و داکیۆمێنتی نوێ، دۆسیەکە وەگەڕ بخرێتەوە.

**بەم پێیە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە:**

١- لەبەر ئەوەیکە تاوان لە چوارچێوەی سنووری نیشتمانی ئۆتریش ڕووی داوە، تەنیا دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە شیاوی پێڕاگەیشتن بەو دۆسیەن و بە لەبەرچاوگرتنی پێشێلکاریی بەردەوامی مافە نێودەوڵەتییەکان لە پرسی "مارالبییان"دا، ناکرێ چاوەڕوانی هەنگاوێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆسیەکە لەڕووی حوقووقییەوە بین. بەداخەوە دەوڵەتی ئۆتریش لەو کاتەدا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

جگە لە ژینۆساید تاوانەکانی پەیوەندیدار بە حوقووقی نێودەوڵەتیی لە چوارچێوەی ناوخۆیی خۆیدا بە تاوان دانەناوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ بە پەیوەستبوونی بە دیوانی کەیفەریی نێودەوڵەتیی، گشتایەتیی تاوانەکانی دەقی ئەساسنامەی دیوانی لە چوارچێوەی ناوخۆییدا گونجاندووە.

هەروەها لەسەر بنەمایەکی گشتی، مافە نێودەوڵەتییەکان بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستمی دادوەریی خۆی دەزانێت. لەم پێناوەدا دەبێ پێشێلکاریی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن، پەسەندکراوی ١٩٦١ بەشێوەی تایبەتی لەبەرچاو بگیردرێ، لەبەر ئەوەی کە تیمی تێرۆر بەگشتی بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە وەکوو فەرمانبەری باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن، چوونەتە ئۆتریش و لە پارێزبەندیی دیپلۆماتیک (diplomatic pouch) کەڵکیان وەرگرتووە و چەکە بەکارهێنراوەکانیان بردووەتە نێو ئەو وڵاتە. ئەمە بە واتای پێشێلکاریی ئاشکرای کۆنڤانسیۆنی ڤییەنە کە هەم ئۆتریش و هەم ئێران پێی پێبەندن.

٢- ئۆتریش لە ڕێککەوتننامەی هاوکاریی ئامریکا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزمدایە. لە ساڵی ٢٠١٦ یاسای دژە تێرۆری ئۆتریش، ڕێوشوێنی بەرفراوانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر پێشبینی کرد. بە خستنەڕووی ئەم یاسایە، دەبێ لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی ئامریکا لەسەر بەدواداچوون بۆ کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو کەڵکی پێویست وەربگیردرێ.

٣- تیمی تێرۆر ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی سپای بەدر بووە کە ئێستا بە سپای قودس دەناسرێ و ئەم ڕێکخراوەش بەپێی دوایین لیستی پەسەندکراوی ئامریکا، ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە. هەربۆیە لە میکانیزمەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان بە پێبەندی دەزانن ڕەنگە بکرێ بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی دۆسیەکە کەڵک وەربگیردرێ، ئەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی پرسە سیاسیەکان.

لە کۆتاییدا بەگشتی دەبێ بوترێت کە بابەتی تێرۆر و هەروەها کەمتەرخەمیی دەوڵەتی ئوتریش لە پێداپرژانی دۆسیەکە هۆکاری بازرگانی، سیاسی و ئەمنیەتیی بووە و لە ئێستەدا بە ناساندنی سپای پاسداران وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی و هەروەها میکانیزمە کارامەکانی چاوەدێریی دیوانی دادوەریی ئوروپا و دادگای مافی مرۆڤی ئورووپایی، هەرچەند زەحمەتە بەڵام ڕەنگە دەرەتان بدۆزرێتەوە کە داوای پێڕاگەیشتن و پێداپرژانی دادوەری بە دۆسیەکەدا بکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# من سێ ڕۆژ لەگەڵ قاسملوو لە بەهەشت بووم



**بیرەوەری و نووسینی: تەمووری خەلیل**

**هەڵگەڕاندنەوە بۆ کورمانجیی ناوەڕاست: هادی عەزیزی**

چەندین ساڵ لەمەوبەر لە ئاهەنگی یادی بیست و پێنج ساڵەی دامەزراندنی ئەنستیتۆی نەتەوەیی کورد لە پاریس، جوامێرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی "خەسرەو عەبدوڵلاهی" بۆ لای من هات و وتی:

خانمێک دەڵێت: ڕەنگ و ڕووی ئێوە بۆ ئەو گەلێک ئاشنایە، بەڵام وەبیری نایەتەوە کە لە کوێ ئێوە یەکترتان بینیوە.

منیش لێم پرسی: ناوی ئەو چییە؟

وتی: ناوی نەسرینە.

من هیچ خانمێکم بە ناوی نەسرین نەدەناسی. من بەرەولای ئەو ڕۆیشتم و دەستێک بە سەرەوە تێگەیشتم کە ئەو هێلێن خانمی عەبدوولڕەحمانی قاسملوویە کە بە کوردی پێی دەڵێن نەسرین و ئێمە سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە پراگ یەکترمان دیتبوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

ئێمە یەکترمان لە ئامێز گرت و هەر بڵێی حەسرەتی سی و پێنج ساڵانمان لەسەر یەک هەڵگرت.

ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ ئەو خانمە بەڕێزە، منی بۆ سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر و سەردەمی گەنجیەتی گەڕاندەوە، من بیرەوەریی خۆشم لەو دیتنە هەیە و هیواداریشم ئێوەش چێژی لێوەربگرن:

ساڵی ١٩٧٤ بوو، من تازە ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو. من دەمویست لەگەڵ خێزانەکەم، بۆ سەیران بەرەو وڵاتێکی ئورووپایی بڕۆین. لەو ساڵانەدا گەڕان لە ئورووپا بۆ دانیشتووانی سۆڤییەتی ئەو کات قەدەخە بوو، بەڵام هەندێک ڕێگاش هەبوون کە لەگەڵ کاروانە گەڕۆک و توریستییەکاندا، بۆ وڵاتە سۆسیالیستە ئورووپاییەکان بڕۆین، هەر بۆیە ئێمەش لەو ڕێگەیە کەڵکمان وەرگرت.

لە بەر ئەوەی دایک و باوکی من، ساڵی ١٩٧١ بە بانگهێشتی سەرۆکی گۆڤاری "کێشەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم" بۆ چێکۆسلۆڤاکی چووبوون و لەوێ چەند کوردێک وەک، ئاوازدانەری سروودی ئەی ڕەقیب، قادر دیلان و ئەوانیان دیتبوو، ئێمەش بڕیارمان دا بەرەو ئەو وڵاتە بڕۆین.

ئێمە لەنێو کاروانێکی گەنجاندا، بەرەو چێکۆسلۆڤاکی بەڕێ کەوتین. یەکەم شار کە لە پێشەوە گەیشتینە ئەوێ، پێتەختی ئەو وڵاتە "براتیسلاڤا" بوو.

چوونکە کاروانی ئێمە هەموو جەوان بوو، میوانخانەیان بۆ نەگرتین و لە خانوویەکی خوێندکارانی وڵاتە دەرەکییەکان جێیان بۆ دابین کردین. من کە ڕەنگ و ڕووخساری کەسەکانی نێو ئەو خانوویەم دەدیت، هەستم کردبوو کە دەبێ لێرەش کوردی لێ بێت.

ئیدی شەو بوو. من چوومە نێو حەوشەکەوە، دیتم کچ و کوڕێک پێکەوە دانیشتوون و دەدوێن.

نازانم چ بوو؟ دەموت، تۆ بڵێی ئەوە عەرەب بێت؟

بڕیارم دا لێی نزیک ببمەوە و پرسیاری کوردانی لێ بکەم کە لەو خانوویەدا کوردی لێیە یان نا؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوجار، نە من عەرەبی و چێکی دەزانم، نە ئەویش ڕووسی و ئەرمەنی دەزانێت؟!

من لە ناکاو یەکسەر لێم پرسی؟

عەرەب؟

ئەویش وەڵامی منی داوە و وتی: عەرەب!

منیش لێم پرسی: کورد، کورد، ئەکراد

وتی:

من کوردم...

وەک دەڵێن پشووم هاتەوە سەرخۆ و دواتر پێکەوە دەستمان بە قسەکردن کرد. ئەو پێی وتم کە لەو خانوویەدا ١٧ کوردی لێیە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە چێکۆسلۆڤاکیش هەر لێرەن.

هەمان ئێوارە، من زۆرینەی کوردەکانی ئەوێم ناسی و من و خانمەکەم سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە. ئێمە لەگەڵ کاروانەکە بۆ هیچ شوێنێک نەدەچووین و تەنیا لەگەڵ کوردەکان دەگەڕاین.

ئەو ڕۆژەی کە ئێمە لە براتیسلاڤاوە دەمانویست بۆ پراگ بڕۆین، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکاران، دوکتور خەلیل ئیبراهیم، ژمارە تەلەفۆنی کوردێکی لەسەر کاغەز بۆ نووسیم کە لە پراگ بوو.

کاغەزەکەی پێدام و وتی: ئەگەر دەرفەت هەبوو، تەلەفۆنی بۆ بکەم و بیبینم.

ئێمە ماڵاواییمان لە کوردەکانی براتیسلاڤا خواست و بەرەو پراگ هاتین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

من کاغەزی ئەو هاوڕێیەم دەرهێنا، هەتا ناوی ئەو جوامێرە و تەلەفۆنەکەی بزانم، کە تەلەفۆنی بۆ بکەم.

لەسەر کاغەزەکە ناوی ئەو جوامێرە ئەوە بوو، "عەبدوولڕەحمانی قاسملوو".

من دەموت: ئەویش هاوڕێیەکە وەکوو ئەوان، بەو فکرەوە تەلەفۆنم کرد.

خانمێک تەلەفۆنەکەی وەلام داوە و وتی: من هێلێنم.

ئەو بە سۆرانی وەلامی منی داوە و ئەو کاتە کە زانی خەڵکی سۆڤیەتم و بە کورمانجی قسە دەکەم، ئەو جار بە کورمانجی وەلامی دامەوە و وتی: بەداخەوە ئێستا، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ماڵ نییە، هەر بێتەوە پێی دەڵێت.

لە بەر ئەوەی ئێمە لە پراگیش لە ماڵی خوێندکاران دەماینەوە و تەلەفۆنمان نەبوو، من ناونیشان و ماڵ و ژمارەی ئۆدەکەشم پێدا.

دوای دوو کاتژمێر، عەبدوولڕەحمانی قاسملوو و هێلێن خانم، بۆ لای ئێمە هاتن.

ئەوان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی دیکە جیاوازییان هەبوو و ڕەنگی ئوروپا زۆرتر لە ئەوان دەکالاوە، ماقووڵ بوون.

ئێمە بە ماشینە فیاتە پۆڵۆنییەکەی ئەوان، هەندێک لەنێو شاردا گەڕاین، ئێمە زانیمان کە هەردووکیان مامۆستای زانکۆن.

ڕۆژی دواتر بۆ میوانی بۆ ماڵی ئەوان چووین.

لەوێ قاسملوو کتێبەکەی خۆی بە ناوی "کورد و کوردستان" کە بە سۆرانی بوو، لەگەڵ چرایەکی تەباخ کە بە دەست نەخشێندرابوو (ئێستاش لە ئۆدەکەمان لە جێیەکی بەرچاوە)، پێشکەش بە ئێمە کرد و دوای سێ ڕۆژ گەڕان و بەیەکەوەبوون، ماڵاوایيمان لە یەکتر کرد و بە بارێک پڕ لە حەسرەت لە دڵماندا، ئێمە بەرەو وڵاتی خۆمان ئەرمەنستان، گەڕاینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

لە بەر ئەوەی ئێمە سێ ڕۆژ لەسەر یەک پێکەوە بووین، من وام هەست کرد کە ئەوان ئێمەیان خۆش دەویست.

ئێمە بۆ "ڕەوان" هاتینەوە و من دەرحەق بە یەکترناسینی خۆمان و عەبدوولڕەحمان قاسملوو و خانمەکەی بۆ هەموویانم گێڕاوە، لەنێو ئەواندا کارمەندانی "ڕێیا تەزە"ش. ئەوان دەیانوت: کێ دەزانێ ئەوان کێ بوون؟

من ئەو کات نەمدەزانی کە ئەو قاسملووی گەورەیە کە لە دوای پراگ ماڵی خۆیان بۆ فەڕانسە گواستووەتەوە کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە پاریسی بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە چیاکانی کوردستان کە لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی خۆیان بن.

نە کوردەکانی چێکۆسلۆڤاکیا و نە بۆ خۆشیان لەسەر ئەوەیکە قاسملوو سیاسەتمەدارێکی گەورەیە، هیچیان بە من نەوت. ڕەنگە ئاوا بیریان کردبێتەوە، کوردن، بەخێر بێن سەر چاومان، بەڵام کێ دەزانێت، ڕەنگە بۆ خێر نەهاتبێن و هەندێک کەس ئەوانیان بۆ لای ئێمە ناردبێت.

ئێمە لە پاشان، لە ساڵی ١٩٧٩دا بەسەر ئەوەوە چووین کە ئێمە کێمان دیتبوو، ئەو کاتەی هەموو ڕۆژنامەکانی سۆڤییەتی جاران کە بەناوبانگ بوون و لەسەر شۆڕشی ئێران و بەرگری و قارەمانییەتی کوردەکان بە سەرۆکایەتیی عەبدوولڕەحمانی قاسملوودا دەیاننووسی.

ئەو زانیارییانە بۆ ڕۆژنامەی "ڕییا تەزە"ش بەڕێ دەکران و لە بەر ئەوە لە ڕووسیدا "ئە(ع)،ق" نەبوو، بە ئا، کاسیملوو دەنووسرا.

لێرەدا وەبیر خەباتکارانی ڕۆژنامە کەوتەوە، کە من چوار ساڵ لەمەوبەر باسی ئەو مێرخاسەم کردبوو و ناوەکەیان بە ڕاستی دەنووسییەوە، ع. قاسملوو.

ساڵی ١٩٨٩ بوو، من و هاوسەرەکەم و دوو کچەکەم، لە ڕەوانەوە بە شەمەندەفەڕ بەرەو مسکۆ دەچووین، هەتا چەند ڕۆژ سەرمان سووک بێت و کەیفێک بکەین.

لەسەر سنووری گورجستان - ئەبخازییا شەمەندەفەرەکەی ئێمە چەند کاتژمێرێک ڕاوەستا، بە منیان وت: لە نێوان گورجی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

ئەبخازیدا شەڕ رووی داوە. ئێمە دەبێ چەند کاتژمێر یان چەند ڕۆژان لێرە بین، هەتا شەڕ کۆتایی دێت.

ڕۆژەکەی دیکە من لە بەر بەتاڵی چوومە نێو شار هەتا ڕۆژنامە بکڕم، هەتا ئاگاداری دۆخی دنیا بم. لە ڕۆژنامەی "ئیزڤێستیا"دا من خوێندمەوە کە سەرۆکی کوردستانی ئێران، عەبدوولڕەحمانی قاسملوو بە دەستی چەتە و تێرۆریستان، لە ئۆتریش شەهید کراوە.

دوای ڕۆژێک بە ئێمەیان وت کە شەمەندەفەرەکەمان، بەهۆی شەڕی بەردەوام ناتوانێت بچێتە مسکۆ و دەبێ بۆ "ڕەوان" بگەڕێتەوە.

لە ڕێگادا من تێدەفکریم: هێزێکی گەورە و نادیار بڕیاری داوە کە ئێستا کاتی خۆشی نییە، بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆتان...

http://buyerpress.com/kurdi/?p=9383

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٧٢٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە ورمێ تا ڤییەنا



**پەیسەرپرێس**

٣١ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ڤییەنای پایتەختی نەمساو لە قوڵایی خاکی ئەورووپادا، لە شوقەیەکدا سێ کەس پێکەوە تیرۆرکران، عەبدولرەحمانی قاسملو و قادری ئازەرو فازڵ ڕەسووڵ ، هەواڵەکە هەمووانی تووشی شۆککرد، دوای 31 ساڵ لەو ڕووداوە هێشتا زۆر شت بە نهێنی ماونەتەوە، دەسەڵاتی دادوەریی و پۆلیسی نەمسا دۆسیەکەیان فەرامۆش کرد، ئەوەی مایەوە بوونی گۆڕی ئەو شەهیدانەیە لەسەر خاکی فەرەنسا و کتێب و بۆچوونە سیاسیەکانی ..

عەبدولرەحمان قاسملو لە کۆتا شەوی وەرزی پایزو یەکەم شەوی زستانی (شەوی یەلدا)و لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ زایینی لە شاری ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە بنەماڵەیەکی خاوەن موڵکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایک بووە. باوکی د.قاسملو، "محەممەدئاغای وسوق" یەکێک بوە لەگەورە پیاوانی ناوچەی ورمێو لەفیودال –دەرەبەگ-ەکانو ئاغایەکی گەورە بوەو تایفەیەکی گەورەش بون. دیارە ناوی "قاسملو"ش لەکوڕو کچەکانی محەممەدئاغای وسوقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوە کە لەدۆڵی قاسملو هەڵکەوتوە، بۆیە ئەو ناوە لەوەوە هاتوە، عەبدولرەحمان لە ژنێک لە دایکبووە کە مەسیحیەکانی شاری ورمێیە، باس لەوە دەکرێت کە موسڵمان بوویێت ئەوجا محەمەدئاغا مارەی کردبێت، بەڵام وەک قاسملو باسی دەکات ئەو هەر لەسەر ئاینی خۆی مابوویەوە تا ئەو کاتەش کە لەدونیا دەرچووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

### هاوسەرگیری:

هیلێن خانم کە هاوسەری عەبدورەحمانی قاسملویە کە پێیدەڵێین نەسرین بۆ خوی باسی کردوە، لەوتوێژێکدا لەزانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبنو لەپاشان بریاری هاوسەرگیریی دەدەن.

وەک عەبدوڵای حەسەن زادە باسی دەکات نەسرین خانم کە د.قاسملو شەهید بو مایەوەو مێردی نەکردەوە. ماوەیەک لەپراگ دەژیا لەبەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەڕایەوە پاریسو دو سێ ساڵ لەپاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگو ڕەنگە بۆ هەمیشە لەپراگ بمێنێتەوە. نەسرین گەرچی بە ڕەگەز ئەوروپی بووە بەڵام خەباتی زۆری کردووە لەگەڵ دکتۆرقاسملوداو جێگە دەستی بە زۆر شتەوە دیارە، لەوانەش دروستکردنی ئارمی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. لەگەڵ ئەوەشدا وەک حەسەن زادە باسی دەکات هیچ یەکێک لە کچەکانی پەیوەندییان بەکاری حیزبی وتێکۆشانی نەتەوەیی کوردەوە نییەو سەرقاڵی ژیانی خۆیانن.

### کچەکانی چی دەکەن؟

قاسملو دو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە، مێردی کردوە بەپیاوێکی سویدی کە ماوەیەک لەسوید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پراگ پایتەختی چیکە. کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردووەو مێردەکەشی سویدییە. خۆیو کچەکەی ئێستا لەفەرەنسا دەژین.

### هەر لەمنداڵییەوە:

هەرلە منداڵییەوە کە لەگەڵ مەسەلە سیاسیەکان ئاشنا بووەو بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکیدا جووڵاوە. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا دەنووسێت: "هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم".

بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەند(شەکر)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپرێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆڤیەتییەکان قەند و تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە راستەو رەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟

### ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و سیاسی عەبدولرەحمانی قاسملۆیە.

### چوونە ناوکۆڕی سیاسەت:

عەبدولرەحمان قاسملو ساڵی ١٩٤٥ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە مەهاباد رووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٩٤٨ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرەنسا.

گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانکۆی تاران کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا.

بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانیيەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا قاسملو بە درێژی لە دژی شاو رێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی نارەزاییان بۆ محەممەدرەزا پەهلەوی نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرەنسا بۆ سەر قاسملو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێ و وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چێکۆسلۆڤاکیا. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرەنسا بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"یان دامەزراند.

ساڵی ١٩٥٢ لە سەردەمی حکوومەتی میللی دکتۆر محەممەد موسەدیق دا عەبدولرەحمان قاسملو پاش ئەوەی لە زانکۆی پراگ لیسانسی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەی ئێراندا لە رووی رێکخستنەوە یەکیانگرتبوو. قاسملو پاش شەش مانگ تێکۆشان لە تاران هاتەوە مەهاباد و لەوێ بەرپرسایەتی کاری حیزبی دیموکراتی گرتە ئەستۆ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### ژیانی نهێنی:

پاش کودەتای ١٤ی ئابی ١٩٥٣ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوە و بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولڕەحمان قاسملو سەرپەرستی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتی ئەو پێک هات.

### خەباتی سیاسی:

عەبدولڕەحمان قاسملو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٩٥٨ جارێکی دیکە چۆوە چێکۆسلۆڤاکیا، ساڵی ١٩٥٨ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان قاسملو لەگەڵ چەند ئەندامی بەرپرسی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنی هێندێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (باشوور) لەو کارەدا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٩٥٨ عەبدولڕەحمان قاسملو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو ولاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پڕاگ.

### خوێندنی باڵا:

ساڵی ١٩٦٢ قاسملو لەزانستگەی پڕاگ دکتۆرای زانستی ئابووریی وەرگرت و هەتا ساڵی ١٩٧٠ لە زانستگەی پڕاگ وەکمامۆستا وانەکانی ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیۆریی هەڵدانی ئابووری ی گوتەوە.

### کتێبەکانی:

لەو ماوەیەدا دکتۆر قاسملو چەندین کتێب و نامیلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی کوردستانو کوردەو تا ئێستاش وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی مێژووی کورد ئەژمار دەکرێت. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی:ئینگلیزی سلۆڤاکی، پۆڵەندی، عەرەبی و کوردی و فارسی و هیندی وچەند بەشێکیشی بە فەڕەنسی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

### زمان زانین:

ئەوانەی کە لەبارەی عەبدولرەحمانی قاسملووەوە قسەیان کردووە گوتوویانە بە هەر زمانێک قسەی بکردایە، بەرامبەرەکەی هەستی نەدەکرد لەو نەتەوەیە نییە، دکتۆر قاسملو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، چێکۆ ـ سلۆڤاکی، ڕووسی بە باشی دەزانیو بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەڵمانی و زمانەکانی سلاڤ تا ڕادەیەک ئاشنا بوو، بۆیە کار ئاسانیەکی زۆرباشی بۆ دەکرد بەمەبەستی پەیوەندیەکانی.

### سکرتێریی حیزب:

ساڵی ۱۹۷۰ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ۱۱ی ئازار و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق ، بواری تێکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بوو.

لەو کاتەدا دکتۆر قاسملو لە ئەورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۹۷۱ گیرا، دکتۆر قاسملو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێرا.

قاسملو بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لە پلەی یەکەمی بەرپرسیارێتی یەکەمی کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ئەستۆدا بووە تا ئەو کاتەی شەهید کراوە.

### لە سنووری عێراقدا:

لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دەرکەوتنی حیزبەکانی دیکە لە ئێران ، حیزبی دیموکراتیش وەک هەموو حیزبەکانی دیکە کەوتە چالاکی کردن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی تازە هاتووی دوای ڕژێمی شا و کۆماری ئیسلامی دانی بە هیچ حیزبێکی دیکەدا نەدەنا، دوای چەندین شەر و بەریەک کەوتن ناچار بوون بە جێهێشتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوویان کردە وڵاتی دراوسێ (عێراق) کە سەرەتاکانی جەنگی هەشت ساڵە بوو، هەرچەندە قاسملو حیزبەکەشی لە سنووری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاکی عێراقدا بوو بەڵام خۆپارێزیی کرد و تەنها یەک وێنەی لەگەڵ سەدام حسین نەگرت، وەنەبێت ئەم کێشەیە تەنها بەرۆکی ئەوی گرتبێت و لە ترسی دوژمنێک پەنایان بۆ یەکێکی دیکە بردبێت، ئەو کاتانەی قاسملو حیزبی دیموکراتی ئێران نەیاندەتوانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بچووکترین چالاکی بکەن، حیزبەکانی باشووری کوردستان لە رۆژهەڵات بوون و بە هەمان شێوەش پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە سنووری عێراقدا خەباتیان دەکرد، دۆخێک هاتبووە پێشەوە کە دەبوو کورد نەبێت بە سووتەمەنی ئەو شەڕە.

## ئەخلاقی خۆی نەفرۆشت:

فیلیپ بولانژێ، پرۆفیسۆری فەرەنسی لەبارەیەوە دەڵێت: " عەبدولڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕات، ئاکادیمیەکی ناسراو بوو، نە تەنیا بابەت و وتاری ئاکادیمی دەنووسین لە بواری تیۆرییدا، بەڵکو بەڕاستی مرۆڤێکی یەکجار زۆر بەکردەوە بوو، واتە نەتەنیا ڕێبەرێکی سیاسی دور لە مانۆڕدان و بەرپرسێکی بە ئەزموونی حیزب نەبوو، بەڵکوو سەرۆکێکی چریکییش بوو کە دەنگی کەلاشینکۆڤ نەیدەترساند. ئەو شایانی ستایشە چونکە هیچکات بنەمای ئەخلاقی خۆی نەفرۆشت و کوالێتیەکانی ئەخلاق بەرزی بە هاوچەرخەکانی خۆی نیشان دا.

## تەنها شاخەکان دۆستی کوردن:

لەیەکێک لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس (١٦ شوبات ١٩٨٨ / BAGHDAD85588_a) دا هاتووە: بەرپرسی بەشی سیاسی گوتی کە تەعاتوفێکی گشتی لە ئەمریکا بۆ دۆخی کورد هەیە، بەڵام زۆر لە سەر ئەم پرسە نەزانراوە، قاسملۆ بە ڕێگەی رۆژنامەگەرەکانەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات. قاسملۆ گوتی ئەمجارە کە لە بەغداد یەکێک لەو شتانەی کردویەتی داواکردنی ڤیزا بو بۆ (JONATHAN RANDAL) پاریس، گوتیشی کە ڕانداڵ خەریکی نوسینی کتێبێکە لە سەر کورد و بۆ ماوەی ١٤ سەعات چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردوە. قاسملۆ گلەیی ئەوەی کرد کە " سۆڤیەت دەڵێن کە ئەمریکا پشتگیری حزبی دیموکراتی ئێران دەکەن و ئەمریکیەکانیش گومانیان هەیە کە سۆڤیەت پشتگیریمان دەکەن"،. لە راستیدا حزبی دیموکرات دۆستی نیە،

"شاخەکان تەنها دۆستی کوردن" .



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

### بەئەندازەی سەدکەس فێر دەبوو:

عەبدوڵای حەسەن زادە، سیاسەتمەدار و نوسەرو وەرگێرو هاوڕێی دەڵێت: قاسملو ئینسانێک بو کە ئێستاش تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر ببن. پیاوێکی بەفەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بو. بەقەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەو حالە بەقەد سەدان کەس لەئێمە موتالای دەکرد، هەمیشە لەحاڵی فێربوندا بو.

### تیرۆرکردن لەسەر مێزی گفتوگۆ:

دکتۆر قاسملو ڕۆژی ١٣ی تەمموزی ١٩٨٩ لە کاتێک دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ چەند نوێنەری حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەورووپا بە دەستی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. هەر لەو تیرۆرە دا دکتۆر فازل ڕەسووڵ، هاوڵاتی باشووری کوردستان شەهید بوو.

دکتۆر قاسملو لە کاتێکدا تێرۆر کرا کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی گەلی کورد لە ئێران و بۆ وەدەستەهێنانی مافە سیاسی و مرۆییەکانی گەلی کورد چووبووە ئەم دیدارە. سەرەڕای بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی کاتی تێرۆرە کە دەوڵەتی نەمسا ڕێگای بە پۆلیس و دەزگای قەزایی خۆی نەدا لێکۆڵێنەوە و بەدواداچوونەکان بە ئەنجام بگەیەنن؛ لە ئاکامدا ئەم تاوانە کەم وێنەیە کە لە نێو دڵی وڵاتێکی دیموکراتیکی ئەورووپا دا ئەنجام درابوو بێ سزا مایەوە و دۆخە یاساییەکەی هیچ کات چارە نەکرا.

### بۆچی کەوتە داوەکە:

**لێرەدا پرسیار ئەوەیە: دکتۆر قاسملو لەگەڵ ئەو هەموو شارەزایی و ئەزموونداریەی هەیبوو چۆن کەوتە ئەو داوەی کە پێشتر چەندین سەرکردەی تر لە ئەنجامی نەشارەزایی و کەم ئەزموونی کەوتوونەتە ناویەوە؟**

بۆچی ئەوانەی کە پێشتر لەگەلی بوون ڕۆژی تیرۆرکردنەکە لەگەڵی نەبوون؟ لایەنی سێیەم کێ بوو؟ کێ زەمینەی ئەو دانیشتن و گفتوگۆ نەهێنیەی نێوان دکتۆر قاسملو وبەرپرسانی ئێرانی ڕێکخستبوو؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

**دکتۆر قاسملو چۆن متمانەی کردبوو لەگەڵ ئێرانیەکان بچێتە سەرمێزی گفتوگۆ؟**

**ئەوانەی دەستیان هەبوو لە ڕووداوەکەدا چۆن گەشتنەوە ئێران ؟**

**بۆچی تائێستا وڵاتی نەمسا ئەو دۆسییەی فەرامۆش کردووە؟**

ئەو پرسیارانە دوای تێپەڕبوونی (٣١) ساڵ بەسەر تیرۆر کردنیدا هێشتا بێ وەڵام ماونەوە، ئەوە لە کاتێکدا پێویست بوو وەڵامیان درابایەوە، گەرچی عەبدولرەحمانی قاسملو سیاسەتمەدارو سکرتێری حیزبێکی دیاریکراو بوو، بەڵام توانا زۆرەکانی و شارەزاییە باشەکەی لە بواری زمان و مێژووی کورد بووە هۆی ئەوەی کاتێک شەهید کرا، هەموو کورد وا هەست بکات قاسملو موڵکی حیزبێکی دیاریکراو نەبووە و موڵکی میللەتێکی چەوسێنراوەیە کە لەناو قوڵاییەکانی ئەوروپاو لەکاتی دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆش هێشتا تەمای گیانیان دەکرێت و دەیانەوێت هەناسەش نەدەن...

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەرپرێس - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠٢٠










سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم



**مەلا بەختیار**

سوپاس بۆ لیژنەی یووبیلی ئەڵماسی کە بۆ ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی حیزبی دێموکرات، لە منیان ڕابینی، بەشدارییەکی بچووک لەم یادەدا بکەم. هەوڵیش بدەم، ڕۆڵی د. قاسملوو، هێندەی دەیناسم، باس بکەم.

پێش هەموو باسێک ئومێدەوارم، ئەم ساڵڕۆژی پیاهەڵدانی ئەڵماسی نەبێ، لە باسکردنی حیزبی دێموکرات و ڕابەرە هەڵکەوتووەکانی لەو مێژوویەدا، هەڵوێستەی هەڵسەنگاندن بێ بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانەوە!

### خەسڵەتی گرنگ

گرنگترین خەسڵەتی دێموکرات، کە جیای دەکاتەوە لە زەمینەی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، هاوزا لەدایک بوونێتی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان، کە بە کۆرپەیی، دۆشاودۆش لەبەر بەرژەوەندیی زلهێزەکان و کۆنەپەرستیی ئەو سەردەمە، سەریان بڕی.

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، دەیان حیزب و گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون. زۆربەیان تیا چوون، ئێستا


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

مەگەر تـوێژەران لە گۆشـەی تـوێژینەوەدا، ئامـاژەیەکی پـێ بـکەن. بەڵام کۆمـاری کوردسـتان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و حوکمڕانییەکەی شێخ مەحموودی حەفید، لە باشووری کوردستان، لە ویژدانی هاوبەشی نەتەوەی کورددا، زینـدوو مـاونەتەوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە حەسرەتی نەبـوونی دەوڵەتـی سەربەخۆی کوردستان، کەرامەتـی نەتەوایەتیـی کـورد و کوردستانە. وەچە دوای وەچە ئەم حەسـرەتە وەکـوو هـاوخەم و خەبـاتی نەتەوایەتـی لە نێـو نەوەکانمانـدا، بەشـێکە لە کولتـووری سیاسییمان.

حیزبـی دێمـوکرات، لەو سۆنگەیەوە، ئۆرگانیـک گرێـدراوی کۆمـاری کوردسـتانە. کۆمـار و دێمـوکراتیش، هەژمونییـان لەسـەر کێشەی نەتەوایەتیمان تا ئێستاش، بویسترێ و نەویسترێ، ماوە!

ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، هاوکات لەنێو چوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا و یونـان، لە ڕۆژهەڵاتـی نیزیـک و ئۆرووپـادا، یەکەمین خیـانەتی ئینتەرناسیۆنالیستی شـۆڕەوی و سـتالین بـوو، دەرهەق بە مافە دێموکراسییەکان. بێگومان بڕیـاری یەکەم و کۆتـاییش هەر ستالینی دیکتـاتۆر، داویەتـی. جێی داخیشە ئەو خیـانەتە، لەو سەروبەندەدا، نەک لە لایەن کۆمۆنیستەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تـایبەتی، ڕەخنەی لـێ نەگیـرا، بەڵکوو بە پاساوی سەرکەوتنی لەشکری سووری شۆڕەوی، بەسەر نازیزمدا، کۆمۆنیستەکان، بە سەرمەستیی سـەرکەوتن، دۆخەکەیـان هەڵسەنگاند و ستالینیشیان لەسەر بەرزترین لووتکەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، دانا.

هەمیشە سەرکەتن، لۆژیکی ڕەخنەی سیاسیی لاواز دەکات. چاوپۆشین لە هەڵە و خیانەتیش، دەبێتە بەشێکی سیاسـەتی ئەو لایەنانەی لە ئایدیۆلۆژیەتدا دۆگمن.

### پاشکۆیەتی!

ئەوەی مـایەی سـەرنجی بەنـدەیە، تەنـانەت حیـزبە دێموکراتەکـانی ڕۆژهەڵات و باشـووریش، هەر وەکـوو کۆماریـان نەڕووخێنـدرابێ... دوای ئەو خیـانەتە گەورەیە لە کورد و کۆماری کوردستان، بە شـانوباڵی شـۆڕەوی و سـتالیندا، هەڵیـان دەدا. بەڵکوو دێموکرات زیاتر لە سێ دەیە، لە لایەن هەندێک سەرکردەی دێموکراتەوە، کە لە تێکۆشـاندا درێغییـان نەبـوو، بەڵام لە تێگەیشتنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییدا، بەبێ بەرامبەر، دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی حیزبی توودە کە ڕاستڕەوترین حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە بوو!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

حیزبی توودە کە لە بزووتنەوەی موسەدیقەوە (١٩٥٣ - ١٩٤٩) ماهییەتی ڕاستڕەوێتیی دەرکەوت و مـاڵی خەبـاتی دێموکراسی و نیشتیمانی ئێرانـی وێـران کـرد؛ هەم دژی بـزووتنەوەی موسـەدیق و هەم دژی کۆمارەکـانی کوردستان و ئازەربایجـان بـوو. حیزبێـک تـا ئێسـتەش ئامـادە نەبـوو مـافی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەی کـورد بسـەلمێنێ، کەچـی بەشـێکی بەرچـاوی سەرکردایەتیی دێموکرات، حیزبی دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی خۆبەخشی تـوودە! تەنـانەت، هەتـا دوای ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێران، گرووهی (٧) نەفەری، لەو پاشکۆیەتییە دەستیان بەر نەدەبوو. لێرەدا...

### ڕۆڵی کاریزما

ئیتـر ڕۆڵـی سـەرکردەی هەڵکەوتـوو، دەر دەکەوێ و ڕابەری بەتوانـا و ڕابەری بێتوانـا، لەو بـوارە سیاسـییانەی قۆنـاغ کە دەپەڕنەوە، لێک جودا دەبنەوە!

د. قاسملوو، یەکێک لە بڕیارە مێژووییەکانی ئەوە بوو، بێدوودڵی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوی پڕوپاگەندەکانی پێشتر بۆ توودە و سەرووی توودەش، لێبڕاوانە ڕەگی گوڵیی ئایدیۆلۆژییەتی پاشکۆیەتی بۆ تـوودەی نـاتوودە، هەڵکێشا و هەڵکشا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دێموکرات؛ لە سەردەمێکیشدا هێشتا هەژموونگەری پڕۆ شۆڕەوییەکان لە تەواوی جیهانـدا لە جەنگی ساردیشدا بەهێز بوو؛ بە ڕای من قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی – ئایدیۆلۆژیی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەست پێدەکـا کە د. قاسملوو، دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.

### شەوارەی تیۆری

زۆرجار، ئەوانەی بەر شەوارەی تیۆری کەوتوون، لەو ڕاستییە تێناگەن کە کاریزما، چ کاریگەرییەکی چارەنووسـازی لە نێـو ڕووداوەکاندا هەیە. هەمیشەش کاریزما، ڕابەرێکە نەک ڕابەرایەتیی بەکۆمەڵ.

هەڵـبەتە لە دوائاکامـدا ڕابەری کاریزمـا دەبـێ لە ڕێـگەی ڕابەرایەتیـیەوە بـێ؛ ڕابەرێتیـی کـارامەی خـۆی بسـەلمێنێ و بەرنامەکانی سەر بخات. ئەگەر وا نەکات بە چەمکە زانستییەکەی نابێتە کاریزما، بەڵکوو دەبێتە ملهۆڕ!

لەدوای شەهید پێشەواوە، دێموکرات لە سەردەمی د. قاسملوو کرایەوە ئەو حیزبە دێموکراتەی لە نێوهاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کوردستانـدا، بەڵکوو لە سـەر ئاسـتی نێـونەتەوەیی سۆسیال-دێموکراتیشـدا، فرەڕەهەنـد کـاریگەر بـێ. پێشـتر لەنێـو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

بـازنەیەکی داخـراودا، دێمـوکرات گیـری حیزبـایەتی لە دۆخـی نالەبـاری پەنجاکـان هەتـا حەفتاکـان خواردبـوو بەڵام بەو حاڵەش، لەو دۆخەدا، لە نێوان بەرداشی فشاری (ئێران- شۆڕشی ئەیلول - حکوومەتە دژەدێموکراسییەکانی عێراق)ـدا لە کاتێکدا ئاسان نەبـوو کـومیتەی ناوەنـدیی حیـزبەکە و سکرتێرەکەی دانیشـتنێکی ئاسـایی بۆئاسـتەنگ بـکەن، پاراسـتنی دێموکرات خۆی لە خۆیدا بـایەخ و بەهـای مێژوویـی هەیە. مایەی ئەو بەهـا و نـرخە بـوو، دێمـوکرات ئامادە بـوو لە دۆخـی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا وەکوو یەکێک لە حیزبە سیاسییە ڕەسەن و ئازادیخوازەکان، دابەزییە مەیدان.

### لە ژێرزەمینەوە بۆ سەرزەمین

**ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩ – ١٩٧٨) دوو ڕووداوی گەورەی مێژوویی خولقاند:**

**یەکەمیان**: ڕووخانی ڕێژیم و سیستمی سەڵتەنەتی بوو. دووەمیشیان: سەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامی - شیعەگەرایە.

**یەکەمیان**، نەک پێشبینیکراو بوو بەڵکوو ئامانجی سەرەکیی لایەنە سیاسییەکانیش بوو، هاتیشە دی.

**دووەمیشیان**، نەک پێشبینیکراو نەبـوو، بەڵکوو پێچەوانەی ئامـانجی تەواوی چەپ و دێموکراتەکـانی ئێـران وکوردستانیش بوو؛ ئەمیش هاتە دی.

ئەمەیە، دۆخـی سیاسـیی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بەڵکـوو تەواوی کیشـوەری ئاسـیاش زۆر جـار ئامـانجە چاوەڕواننەکراوەکـان هاتوونەتە دی، بە پێچەوانەوە ئامانجە خەبات لە پێناوداکراوەکان نەهاتوونەتە دی!

ئەگەر مێژووی خەبات و ئەرشیڤی ئەدەبیاتی سیاسیی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە دوای بزووتنەوەی مەشرووتەوە، بـۆ بـزووتنەوەی موسەدیق، هەتـا سـەرەتاکانی ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێـران، لێـک بـدرێنەوە، دەر دەکەوێ کە تەواوی حیـزبە چەپ-دێموکرات، نیشتمانپەروەر-ناسیۆنالیست و پانئێرانییش لە هاتنە سەر کـاری ئەلتەرنـاتیڤی شـادا بە هەڵەدا چووبـوون نە دێموکراتەکانی ئێران نە لیبراڵەکان، نە ناسیۆنالیست و چەپەکان، هیچیان نەهاتنە سەر کار تەنـانەت لە هەڵبژاردنـی یەکەمین پەرلەمان. سەرۆکایەتیی ئێران و پەسەندکردنی دەستووری ویلایەتی فەقیهییشدا، کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو.

**تێزە سیاسییەکانی قاسملوو**

لەم دەورانەدا، کە ئەدەبیـاتی دوای سـەرکەوتنی ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێـران دەخـوێنمەوە، لەنـاو جەنجـاڵی ئەو دۆخەدا، لە گەرمەی خرۆشانی هەست و هەڵوێستی خەفەکراوەکاندا، تێزە سیاسییەکانی د. قاسملوو، بە ڕیالیستی دەبێنم. تەرحەکـانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ چارەسەری سیاسی، لۆژیکی و ئەقڵانی بوون، بەڵام بە داخەوە بزووتنەوەی بەرینی خۆڕسکی خەڵک و ئامانجی سەرووی تواناکان ئەوکاتە بەسەر شەقامی سیاسییدا زاڵ بووە.

کە دەخوێنمەوە د. قاسملوو نامە بۆ ئیمام خومەینی بە ناوی "حەزرەتی ئیمام" دەنووسێ، ئەمە لای من ئازایەتیی ئەقڵانییەتی سیاسیی د. قاسملوو بووە، کە لە نێو وروووژان و خرۆشانی خەڵکدا لە بەردەم لافاوی دروشمبازییدا بوێرانە نامەیەکی ئاوەها دەنووسێ و داکۆکی لە مافی خودموختاریی ڕیالیستی دەکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕەگەزە هەستیارەکانی دۆخەکە و قۆناغەکە و ئەرکە سیاسییەکە، تێگەیشتبوو بۆیە:

- پێموایە دوو ساڵی دوای ڕووخاندنی شا، هێشتا لە هەموو بارێکەوە لێک نەدراوەتەوە.
- جارێ قووڵتر نەزانراوە ئایا سیاسەتی کوردایەتیی چەکدارانە ڕاست بوو یان نا؟
- ئایا شەڕی سەنگەربەندیی نێو شاری سنە ڕاست بوو؟ یان ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی سنە بۆ مەریوان؟
- ئاخۆ ساڵەهای دیکە بە بەرەوە نەمابوو دۆخی دانوستان و خەباتی مەدەنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بێ؟
- لە دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد [کوردستان]ەوە (٣٢) ساڵی ڕەبەق دیموکرات پشووی درێژ بوو و خەباتی چەکداریی نەکرد (جگە لە بزووتنەوەی کومیتەی شۆڕشگێڕیی دیموکرات) ئەی بۆ لە دوای ڕووخاندنی شادا تەنها دوو ساڵ خۆی گرت و خەباتی چەکداریی دەست پێکرد؟

## ڕوانگەی دوور لە گۆشەگیری

### ئەو پرسیارگەلە دەبێ دوور لە ڕوانگەی گۆشەگیریی حیزبایەتییەوە وڵام بدرێنەوە.

ئێستا، کە (٧٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دیموکراتدا تێدەپەڕێ، دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە بە خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار کراوە داخوازییە دیموکراسییەکانی گەلانی ئێران جێبەجێ بکا، نە جەنگی ٨ ساڵەی عێراقیش دژی ئێران، حکوومەتی شیعەی ئێرانی ڕووخاند. ئەوەتانێ ساڵەهایە گەمارۆ سەپێنراوەکانیش دژی ئێران، ئێرانی وەکوو دۆخی گەمارۆدانی عێراقی سەردەمی سەددامیش لێ نەکردوە. وای دەبینم ئێران کەوتۆتە بەردەم دوو ڕێیانێک:

- یان گۆڕینی حکوومەتی ئێستای ئێرانە.
- یاخود چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد و گەلانی دیکەشە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئێرانی وا دەخوێنمەوە سازشێکی نێودەوڵەتی - ئیقلیمی بەڕێوەیە، بۆ ڕێکەوتنێکی ستراتیژیی نوێ چەشن. جەخت دەکەمەوە ئەگەر بەڵێ -ئەگەر- پرۆژەیەکی وا بێتە پێشەوە (وەکوو ئێستای سووریە - ڕۆژئاوای کوردستان) هەق وایە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەستخەڕۆی دروشمی دوورکوژە نەبن بە پرۆژەیەکی ڕیالیستیی خۆیان بۆ ئەگەرێکی ئاوها ئامادە بکەن بەرپرسیارێتییەکە پێکەوە بخەنە ئەستۆ!

من دڵنیام د. قاسملوو بمابا هەموو توانای خۆی بۆ پرۆژەیەکی ئاوهای هاوبەش، بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەخستە گەڕ.

پیرۆزتان بێت ساڵڕۆژە ئەڵماسییەکەتان بە هیوام لەم ساڵڕۆژەدا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە، بۆ خەبات و فۆرمیلاکردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ٧٥ ساڵەتان بە ڕەخنە لەخۆ گرتنیشەوە، بکەنە خەڵات و بەراتی یادەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردایەتیی دوکتور قاسملوو



## باسێک لەسەر کتێبی کوردستان و کورد

**شەهلا دەباغی**

دوکتور قاسملوو، بە ڤین و بە ستایش لەلایەن نەیار و هەوادرانی بەردەوام یاد دەکرێتەوە. بەتایبەت ئێستا بەهۆی دۆخێک کە کورد لە هەر کات زیاتر پێویستی بە ڕێبەری چوست و چالاک هەیە، زۆر جار دەبیسین کە بریا دوکتور قاسملوو زیندوو با. بەڵام بیرۆکەی من لەم نووسینەدا لە دەرەوەی نیگای حیزبی، ڕق یا خۆشەویستییە و لێرە تەنیا دەپەرژێمە سەر دەق. دەق وەک دێکیۆمێنت. دەقەکان هەمیشە کاری خۆیان دەکەن و مانا و پەیام و ژیانی خۆیان جیا لە دەسەڵاتی دانەر و نووسەران دەخەنە بەردەم خوێنەر. بۆ خوێندنەوەی دەقەکانیش، هیچ تیۆرییەک باشتر لە خودی "خوێندنەوە" نییە. خوێندنەوە بە بێ پێشداوەری، پێمان دەڵێ دەق چ پەیامێکی هەیە. لە کتێبی بێ وێنەی Mimisses دا لەمەڕ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، ئێریک ئاورباخ پێشنیار دەکا کە هەمیشە لە "دەق"-ەوە حەرەکەت بکەین، چونکە دەق دەتوانێ هەموو تیۆرییەکان تێپەڕ بکا (Auerbach Mimisses,1999). لێرەدا پێموایە "حەرەکەت لە دەقەوە" بۆ کتێبێکی سیاسی زۆر گونجاوتریشە. دیارە نە دانەر و نە خوێنەریش هەرگیز بێ لایەن نین و کۆڵەپشتیی ڕابردوویان کپ ئاخندراوە.

دەق، بە گوێرەی جولیا کریستێڤا پۆلیفۆنییە، واتە موزاییکی چەند ڕەنگە و لەنێوان خەتەکانی دەق دا



https://serchawe.com

**intertextuality زۆر مانای شاراوە هەن. مانا شاراوەکان زۆر جار ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر دایک (Kristeva, 1990)، یا بە مانایەک نووسین تاسەی گەڕانەوەیە بۆ دایک و زێد.**

**جولییا کریستێڤا، بیرمەند و فەیلەسووفی بولغاری - فەرانسەوی، بە لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئاڵووگۆڕی بەسەر ڕوانگەمان بۆ بنیاتی زمان، نیگا بە چۆنێتی و چییەتی و کارکردی زماندا هێنا. بەڕای کریستێڤا زمان تەنیا بریتی نییە لە وشە و سیستەم و زمان تەنیا ڕەهەندێکی باوک/پیاوسالار نییە، بەڵکوو زمان بریتییە لە ئاهەنگ و ڕیتم و گەرمای ناو سیستەم و زمان. ئەوسا کە منداڵ لە ناو زگی دایکیدا لەگەڵ یەکەم ڕیتمەکان و مۆسیقای زمان ئاشنا دەبێ، ئەو هەست و زانستە لەگەڵ خۆی دەگوێزێتەوە دنیای دوای زێدانی دایک. بە ڕای کریستێڤا، مانا لە تێکڕای هێماکان و سیمبۆلەکان دەکەوێتە دەست. زمان هەم نیشانەیە و هەم سیستەم. و بەمجۆرە دەق بریتییە لە سیستەمێکی نیشانەیی کە هەڵگری هەم گەرما و ترپەی دڵ و ڕیتمی دایکانەیە، هەم ڕۆح و دەسەڵاتی باوکانە. زۆر جار خۆکوتانی دەق بەرەو دایک، یا بە مانایەک بەرەو زێدان و نیشتمانە.**

**کتێبی کوردستان و کورد، زۆر لەوە ناسراوترە کە من بمهەوێ بیناسێنم. ناساندنی کوردستان و کورد بە کوردان وەک "زیرە بە کرمان بردن"ـە. نا، مەبەست لێرەدا تەنیا بەرجەستەکردنی "ڕۆحی کوردایەتی"ی ناو کتێبەکەیە. بۆ ئەم کارەش چەند پاراگراف لە خودی کتێبەکە وەک بەڵگە دەهێندرێتەوە.**

**کتێبە ناسراوەکەی دوکتور قاسملوو، کوردستان و کورد، (١٩٦٣)، هەوەڵ بە چێکی نووسراوە و قەرار بوو ئاکادیمیای زانستی چێکوسلۆواکی چاپی بکا بەڵام لەسەر داوای بنکەی بڵاوکردنەوەی سیاسی، داواکرا بە سلۆواکی چاپ بێ چونکە هەموو سلۆواکی دەزانن و بەمجۆرە ساڵی ١٩٦٤چاپ دەبێ.(ل. ٩)**

**دواتر ساڵی ١٩٦٥ کتێبەکە دەکرێتە ئینگلیسی و هەمان ساڵ بنکەی کۆلێتزی لەندەن چاپی دەکا.(ل. ١٠) ساڵی ١٩٦٧ لە ڕووی چاپی ئینگلیزییەوە دەکرێتە عەڕەبی. ساڵی ١٩٦٩ لە لایەن بنکەی بڵاوکردنەوەی پۆلۆنی وەردەگێردرێتە سەر پۆلۆنی. دە ساڵ دواتر ئینجا کتێبەکە دەکرێتە کوردی.(هەمان لاپەڕە)**

**دوکتور قاسملوو بۆخۆی لە پێشەکیدا دەنووسێ کە "ئارەزووم ئەوە بوو کە کتێبەکەم هەرچی زووتر بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە. زۆر بەختیارم کە ئاواتەکەم هاتە دی، هەرچەند دە ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیوە."(ل.١٠)**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام چونکە کتێبەکە لە عەرەبی ڕا کراوەتە کوردی و عەرەبییەکە لە ئینگیسییەوە وەرگیڕاوە و هێندێک شوێن ورد نەبووە، ناچار نووسەر بەسەر کوردییەکەدا چۆتەوە و هێندێک جێ دەقیق کراوەتەوە.(ل. ١١)

هاوکات چونکە زۆر وشە و زاراوەی زانستیی پێویست، ئەو کات زۆر لە کوردیدا نەبووە ناچار دانەر و وەرگێڕ هەوڵیان داوە هێندێک وشە دابنێن، تا بەڵکوو لە داهاتوودا کەسانی دیکە بێن و وشەکان باشتر بکەن.(هەمان لاپەڕە)

نووسەر ئاماژە بەوە دەکا کە کوردستان و کورد بۆ غەیری کورد کە هیچ لەبارەی کورد و کوردستان نازانن نووسراوە تا ئەم دوو وشەیە باشتر بە خوێنەر بناسێنێ.(ل. ١٣)

کاتێک دەست بە خوێندنەوەی کوردستان و کورد دەکەین، دەست بەجێ دەزانین کە ئەم کتێبە بە پێی یاساکانی نووسینی ئاکادێمیکە و دەتوانێ وەک کتێبی وانەیی بگوترێتەوە. دیارە ئەم کتێبە بە گوتەی خودی دانەر "باسێکی ئابووریی سیاسییە" بەڵام ناچاربووە "بەشی یەکەمی بۆ باسێکی جوغرافیایی ومێژوویی" تەرخان بکا.(ل. ١٣)

کتێبی کوردستان و کورد جیا لە پێشەکی بۆ چاپی کوردی و پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیسی، سێزدە فەسڵ و هەر فەسڵێک چەندین برگە و بابەت لەخۆ دەگرێ. خودی نووسینەکە لە پێڕست هەتا ژێدەرەکان ٣٠٦ لاپەڕەیە. نووسەر لە فەسڵی یەکەم بە باسی جوغرافیا و ئاو و هەوا و دانیشتووان دەست پێدەکا هەتا بە چواردەورەی کوردستاندا دەخولێتەوە و باسێکی مێژویی- سیاسی- ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکا و زور چەمکی وەک ناسیۆنالیزم، داگیرکەر، شۆوێنیست، سۆسیالیزم، مارکسیزم، ئیمپریالیزم، مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بە فراوانی بەکار دێنێ. نووسەر لە ئاخر و لە کۆتاییی کتێبەکەیدا "ئەنجام"گیرییەک دەکا.

### هەوەڵ پاراگرافی کتێبی کوردستان و کورد بەوە دەست پێ دەکا:

"کوردستان، وڵاتی کوردان لە ئاسیای ڕۆژئاوا، کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ پێک نەهاتووە، چونکە خاکی کوردستان لە نێوان ئێران و عیراق و تورکیا و سووریادا بەش کراوە. وشەی کوردستان بە ڕەسمی و بە شێوەیەکی نێونەتەوایەتی دانی پێدا نەنراوە و لە نەخشە و کتێبە جوغرافیاییەکاندا بەرچاو ناکەوێ. وشەی کوردستان بێجگە لە ئێران کە تەنیا بۆ ناوچەی سنە بەکاری دێنن، لە هیچ شوێنێکی تر بەڕەسمی بەکار نابرێ. "(ل. ١٥)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

سەبارەت بە ئاماری دانیشتووانی کوردستان نووسەر باس لەوە دەکا کە چۆن دوای کوشتاری ١٩٢٠ و ١٩٣٠ لە تورکیا، زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ و کورد بە تورکی کێوی دادەندرێ و زۆر کورد بە تورک لەقەڵەم دەدرێن. قاسملوو دەنووسێ:

"بەم جۆرە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە لەبارەی کوردەکانی تورکیاوە ناتوانین ئاگادارییەکی ئەوتۆ لە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە وەربگرین کە دڵمان ئاوی لێ بخواتەوە. لە ئێرانیش کە حکوومەت کوردەکان بە ئێرانی، واتە فارس دادەنێ، بەڵکوو بە ئێرانییەکیان دادەنێ کە خوێنی پاکی ئێرانی لە دەمارەکانیان دا دەجووڵێ، هەر ئەو نەخش و نیگارەمان دێتە بەرچاو. شۆوێنیزمی پان تورکیست و پان ئێرانیستەکان کە شانازی بە مەزنایەتیی رابردوویانەوە دەکەن، کارێکی وای کردووە کە بە هیچ جۆرێک، ئەژمارەیەکی ڕەسمیی راست لەبارەی ژمارەی کورد لەو دوو وڵاتەدا دەست ناکەوێ." (ل. ٢٣)

**لە ئاخر دێڕەکانی کوردستان و کورد لە سەر باسی دانیشتووان و ئاماری کوردستان دا هاتووە:**

"سەدا هەشتاوپێنجی دانیشتوانی کوردستان کوردە و ئەوەکەی دیکە دەتوانین بەم جۆرە دابنێین: ٤٠٠٠٠٠ تورک، ٣٠٠٠٠٠ ئازەربایجانی، ١٥٠٠٠٠ فارس، ٢٥٠٠٠٠ عەرەب، و ٢٠٠٠٠٠ کەس لە هۆزەکانی دیکە وەک تورکمان و ئاسوری و ئەرمەنی. [...] گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە لە ئێران کە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ١٥٠٠٠٠ کەس، پاشان کەرکووک لە عێراق، ٧٨٦٤٨ کەس و دیاربەکر لە تورکیا ٦٣١٠٨ کەس.*"

**لە پەراوێزێک کە بۆ ئەم پاراگرافە داندراوە دوکتور قاسملوو دەنووسێ:**

"شۆوێنیستە مەزنیخوازەکانی تورکیا، بێهوودە هەوڵ دەدەن ئیسبات بکەن کەرکووک شارێکی تورکمانی واتە تورکییە. شتێکی ئاشکراشە کە شاری کەرکووک شارێکی زۆر کۆنی کوردە و هەمیشە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون. [...]" (ل.)

**نووسەر لە بەشی "زمان و ئەدەب"دا، باس لە فەرهەنگی لەمێژینە دەکا و ئاماژە بەوە دەکا کە کورد سەردەمانێک ژیانی سەربەخۆیان بووە و دوور لە دەسەڵاتی بێگانە ژیاون:**

"نەتەوەی کورد شانازیی فەرهەنگێکی لەمێژینەی هەیە، بەڵام داگیرکەرە بێگانەکان بەتایبەتی تورک و فارسەکان کە نەخشەی بێشەرمانەی تواندنەوەی کوردیان بەدەستەوەیە، بەرهەمە فەرهەنگییەکانی کوردیان یا داگیر کردووە یا لەناویان بردوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا [...] پاشماوەی سەردەمەکانی ڕابردوو دەریدەخا کە کوردە "کێویژییەکان"ی ئەمڕۆ شارستانیەتیەکی پێشکەوتوویان هەبووە و بە ژیانێکی سەربەخۆو دوور لە دەسەڵاتی بێگانە ژیاون." (ل. ٣٢)

قاسملوو لەسەر هەمان باس بەردەوام دەبێ و دەنووسێ:

"ئەدەبی کوردی پڕە لە چیرۆکی نەتەوایەتی. ئێستا دەتوانین زۆر شێعری ئەوتۆ پەیدا بکەین کە بۆ چەرخی حەڤدە دەگەڕێتەوە و باسی بەربەرەکانێی پەلاماری عەرەب دەکا. سەیر ئەوەیە ئەو شێعرانە کە بە زمانی ئەو ڕۆژگارە نووسراون، ئێستاش خەڵک تێیان دەگا." (ل. ٣٣)

لە فەسڵی دووهەمدا سەبارەت بە ڕەسەنی کورد دوکتور قاسملوو دەنووسێ:

"نەتەوەی کورد دەچێتە سەر کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە لانکی شارستانیەتی کۆن دەناسرێ.[...] هێندێک لە "مێژووناسان" بە ئانقەست ڕاستییە مێژووییەکان بەراوەژوو نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بەهێنانەوەی هێندێ بەڵگەی بێ ئەساس، ئیسبات بکەن کە کورد لە ڕەگەزی سامییە یان تورکە. هێندێکی تر خزمایەتیی نێوان زمانی فارسی و کوردی و ئەوە کە هەر دوو زمانەکە دەچنەوە سەر لقی زمانە ئێرانییەکان دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە کورد بە فارس دابنێن. بە کورتی دان بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ دانانێن و پەرەئەستاندنی مێژوو بەراوەژوو نیشان دەدەن." (ل. ٣٧)

لە لاپەڕە ٤١ ی کوردستان و کورد دا سەبارەت بە کورد لە سەدەکانی نێوەڕاستدا هاتووە:

"لە پاش چەند شەڕێکی سەخت لە ماوەی نێوان ١٧٥٢ - ١٧٩٥ دا بنەماڵەیەکی پاشایەتیی گەورەی کورد بە سەرۆکایەتیی کەریم خانی زەند لە ئێراندا دامەزرا. [...] بەڵام هەروەک سەلاحەدین بوو بە سەرداری چەند نەتەوەی تر، کەریم خانیش بوو بە فەرمانڕەوای هەموو ئێران"[...] .

دوکتور قاسملوو لە "فەسڵی دووهەم، ئاوڕێک بۆ سەر مێژوو"دا، باسی زۆر لە ڕاپەڕینەکانی کورد دەکا کە بۆ "ڕزگاری" بوون؛ لەوانیش میری ڕاوەندز، شۆڕشی شێخ عبیدالەی شەمزینی، یەزدانشێر و هتد. (ل.٣٧ - ٤٧)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

**لە فەسڵی سێهەمدا، د. قاسملوو باس لە دابەشکردنی کوردستان دەکا و بەشێکی زۆر لە باسەکەی لەسەر ڕاپەڕینەکانی کورد و چۆنێتیی بەرانگاربوونەوەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و یەک لەوان تورکیەیە. کاتێک باسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ١٩٢٥ی شێخ سەعید دەکا دەنووسێ:**

**"هێزەکانی تورکیا وەک لەشکرێکی ئیمپریالیستی دەستیان کرد بە خاپوورکردنی کوردستان. هەزاران هاونیشتمانیی بێ تاوان کوژران کە زۆریشیان ژن و منداڵ لەنێودا بوون، ٢٠٦ دێ وێران کرا، ٨٧٥٨خانوو سوتێندرا و ١٥٢٠٠ کەس کوژران. ئەو ڕاپەڕینە ٢٠ میلیۆن لیرەی زیان لە حکوومەتی تورکیا دا. ئەوانە بوون ئەو ڕێگا گڵاوانەی کەحکوومەتی تورکیا بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین گرتبوونیە پێش. کار گەیشتە رادەیەک کە ڕۆژنامەی (وقت) بە بێ شەرمی یەوە نووسی: "لە هەر جێیەک سەرنێزەی تورک هەبێ، مەسەلەی کورد نیە"." (ل. ٥٧)**

**لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا کە ساڵی ١٩٦٣ بۆ ئورووپاییەکان نووسراوە تا کورد و کوردستان بناسن، دەنگێک ڕوو بە جیهان دەڵێ کورد لە تورکیا زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە عیراق زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە سووریا زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە ئێران زوڵمی لێ دەکرێ. لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا پشتی شۆڕشەکانی کورد لە هەر چوار پارچە گیراوە و دەنگێک بە ئاشکرا دەڵێ ئێمە یەک نەتەوەین و دابەش کراوین و سەربەخۆیی مافی خۆمانە. لە هیچ کوێی ئەم کتێبەدا شتێک دژی بەشێکی دیکەی کوردستان نەنوسراوە، بگرە لە هەر کوێ سەرکەوتنێک بووبێ، وەک هەنگاوێک بەرەو پێش چوون دیتراوە کە یارمەتیی هەموو پارچەکانی دیکە دەکا. گەواهیی ئەم بۆچوونەم لاپەڕەکانی "دوا قسە بۆ چاپی کوردی"یە کە ڕۆحی کوردایەتیی ناو کتێبەکە تێیدا چەند قات بەرجەستە دەکرێتەوە. واتە لەم چەند لاپەڕەیەدا (٢٩٥ هەتا ٢٩٨)، نووسەر پێداگری لەسەر مافی کورد لە هەر پارچەیەک دەکا و بەیانییەی یەکی مارسی ساڵی ١٩٧٠ وەک هەنگاوێک بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافانە لە گۆشەیەکی کوردستاندا دەبینێ و پێی وایە دابینکردنی مافی کورد تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ئاشتی و برایەتییە، و دەنووسێ:**

**"سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە بۆ چارەنووسی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکجار زۆر گرنگە. گەلی کورد لە ئێران و تورکیا و سووریا بە ئاواتەوە سەیری وەزعی کوردستانی عیراق دەکا و هیوای ئەوەیە کە حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی کە هێندێ هەنگاوی زور بەنرخی وەک میللی کردنی نەوتی کەرکووک، دانانی پەیماننامەی نیشتمانی و ڕێگا خۆش کردن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەنێو هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی عیراقدا هەڵێناوەتەوە، پێکەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق، گیروگرفتی کورد لە عیراق بە شێوەیەکی دێموکراتی و بە ئاشتی و تاسەر چارەسەر بکەن." (ل. ٢٩٨)**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

مێژوویەکی پڕ لە پرسیار و ناحەقی و نامێهرەبانی کە بەشێکی زۆری دەستکردی داگیرکەران بووە و ئێمەیان لێک دوژمن کردووە، بەڵام کوردستان و کوردی قاسملوو پێمان دەڵێ کە قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی نەک کێبەرکێی لەگەڵ بەشەکانی تری نیشتمان نەبووە، بگرە ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی، و کتێبەکەشی لە ساڵی ١٩٦٣دا ڕوو بە ئورووپاییەکان هەر بۆ خزمەت بە سەربەخۆیی کورد بووە. سەربەخۆییخوازیی دوکتور قاسملوو لە کوردستان و کورددا پەنگی داوەتەوە و دەنووسێ:

"کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە. بۆ نموونە جێبەجێ کردنی مافی دانانی چارەنووس لە عیراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عیراق نیە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عیراق لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیایە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. ئەگەر هەلومەرجی کوردستان وەک لە فەسڵی پێشوودا باسمان کرد لەبەر چاو بگرین، بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم ڕوانیندا بە شتێکی خەیاڵی دێتە بەرچاو. ئێمە لەمەودوا دێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە. بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوور و ناڕاست بێتە پێش چاو، هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. چونکە ئیعتراف بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی و بێ لەبەرچاوگرتنی زۆر و کەمیی نەتەوەکە و قۆناخی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی نەتەوەکەی تێدا دەژی، ئیعترافە بە ئوسوولی ئینتێرناسیۆنالیستی و مافی وەک یەک بوونی نەتەوەکان. ئەوە کە هەلومەرجی عەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە یان نییە، ئەوە کە سەربەخۆبوونی نەتەوەیەک، یا مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکیتر لایەنی باش یا خراپی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا و ئەوە کە ئەو داخوازە لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەدارییشدا جێبەجێ دەبێ، یا تەنیا لە ڕێژیمی سۆسیالیستیدا، هیچ کام لەوانە نابێ ببنە هۆی ئەوە کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. پەروەردەکردنی ئەنتێرناسیۆنالیستی زەحمەتکێشانی وڵاتە زۆردارەکان دەبێ زیاتر لەسەر ئەو نوختەیە بێ کە مافی جیابوونەوەی وڵاتە زۆرلێکراوەکان رابگەیەنن و پشتیوانیی لێ بکەن. ئەم داخوازە ئەملاو ئەولای نیە، تەنانەت ئەگەر جیابوونەوە پێش سۆسیالیزم لە هەزار حاڵ لە یەک حاڵدا ئیمکانی وەدیهاتنی هەبێ." هەر بۆیەشە کە حیزبەکانی چینی کرێکار لە کوردستان سەرەڕای ئەو وەزعە سەخت و نالەبارە دروشمی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردیان بەرز کردۆتەوە." (ل. ٢٧٦ هەتا ٢٧٧)

نووسەر سێ لە چواری کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی کورد لە تورکیە، سووریا، عیراق. لە هەر فەسڵێک هەوڵ باسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا و دوایە دێتە سەر باسی کورد لە ئێران. نووسەر بە عەشق و ئەوین باسی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا. لەسەرانسەری کتێبەکەدا، داکۆکی لە حیزبەکانی پارچەکانی دیکە دەکا و قامک بۆ چاوچنۆکیی ئیمپریالیسم و ئینگلیس و فەڕانسە و داگیر کەران ڕادەدێرێ.

هەمیشە دوو لایەن قاسملوو تاوانبار دەکەن؛ ئەوانەی دەڵێن قاسملوو زۆر چەپ بووە و باوەڕی بە کوردایەتی و ناسیۆنالیزم نەبووە، و ئەوانەی کە پێیان وایە قاسملوو کوڕە دەوڵەمەندێک بووە و باوەڕی بە کۆمۆنیزم نەبووە. بەڵام کوردستان و کورد پێمان دەڵێ کە قاسملوو وەک کوردێکی چەپ باوەڕی بە سۆسیالیزم و مافی سەربەخۆیی بووە:

"هێندێک جار داخوازیی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بە دڵخوازێکی کۆنەپەرەستانە دادەنرێ و کۆمۆنیستەکان دێنێتە سەر ئەو باوەرە کە بەرهەڵستیی بکەن. ئەوانەی خاوەنی ئەم هەڵوێستەن، زۆرجار ئەوە دەکەنە بیانوو کە دەترسن دەرەبەگەکان لەو دەوڵەتەدا دەسەڵات بگرنەدەست و دیارە ئەوانیش دوژمنی دێمۆکراتی و سۆسیالیزمن و بەم جۆرە کوردستان دەبێتە قەڵای کۆنەپەرەستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام ئەو هەڵوێستە بە تەواوی هەڵوێستێکی ناڕاستە و لە تێنەگەیشتنی باری ئێستای کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. [....] نابێ لە بیرمان بچێ کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، بەبێ خەباتێکی ڕزگاریخوازیی سەخت کە بورژوازیی نیشتمانی و هێزە شۆڕشگێڕەکان نەخشی سەرەکیی تێدا وەئەستۆ دەگرن، دانامەزرێ." (ل ٢٧٨)

**یا لە وڵامی چەپەکاندا کە بیانوو دێننەوە دەنووسێ:**

"وا دێتە بەرچاو کە جیابوونەوەی کوردستان دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەوڵەتیکی بچووک و لەباری ئابوورییەوە لاواز، کە ئەوەش لەباری پەرەئەستاندنی ئابوورییەوە پەسەند نیە. بەڵام بێجگە لەوە کە هەر ئێستا زۆر دەوڵەتی لە کوردستان بچووکتر هەن، سەربەخۆیی نەتەوایەتی هیچ کاتێک نابێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای یەکیەتیی ئابووری لە داهاتوودا، یا پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئابووریی گەورە کە چەند دەوڵەتێک لەخۆیدا کۆ بکاتەوە.[...]" (ل.٢٨١)

قاسملوو لە کوردستان و کورددا، ئاکادێمیسییەنێکی کارامە و ڕێبەرێکی مەیدانی عەمەلە. دوکتور قاسملوو بە فکر چەپ بوو و پێی وا بوو تا لە لایەک ئەم ئیمپریالیزمە دڕە هەبێ، سەختە کورد بە مافەکانی بگا و لە لایەکی تر، داگیرکەرانی شۆوێنیستی دەدی و لە دەنگی ئورووپاییەکان بۆ کێشەی کورد دەگەڕا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی هەر دوو بوار کە پێشتر باسمان کرد، کوردستان و کورد پێمان دەڵێ کە قاسملوو، کوردستانی بوو؛ کوردستانییەکی چەپ کە ئەوەی بۆی کرا کردی و گیانی لەسەر دانا. ڕەنگە گەورەترین ڕەخنە لە قاسملوو ئەوە بێ بۆ تەنیا و بێ پەروا بۆ وتوویژ چوو و ئێستا مابا زۆر شت لەسەر پاشنەیەکی دیکە دەسووڕا.

لە کردەوە و لە مەیدانی سیاسەتیشدا، دیارە کە دوکتور قاسملوو بێ ڕەخنە نەبووە، بەڵام کێ هەیە ڕەخنەی لەسەر نەبێ. ئێمە تەنیا دەبێ لە ڕابردوو دەرس وەربگرین و بگەینە سەربەخۆیی و کەرامەتی تاک و نەتەوەییمان. هەمان سەربەخۆیی کە ئاواتی دوکتور قاسملوو و زۆر ڕێبەر و پێشمەرگەی شەهیدی هەر چوارپارچەی کوردستان بووە. کوردستان و کورد لە تاراوگە نووسرا و گەڕانەوەیەک بوو بۆ دایک و بۆ زێد. دەقێک بۆ بەڕەسمییەت ناسینی مافی کوردستانیان و ئاسوودەییی نیشتمانی دایک.

### ژێدەرەکان:


کوردستان و کورد. وەرگێڕ، ماموستا حەسەن زادە. کتێبفرۆشی هەرزان، ٢٠٠٤، ستۆکهۆڵم.

Auerbach, Mimsses 1999


سەرچاوە: گۆڤاری تیشک - ڕێکەوتی: ٢٤ نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**د. هۆشمەند عەلی**

ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتیی د. قاسملوو بکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەند خاڵێکی جەوهەری و بە ئاگاهییە لەو قۆناغە بڕوانین کە ئەو تێیدا ژیاوە، نەک بە چاوی ئێستای دوای ڕووخانی بلووکی سۆسیالیستی و گۆڕانی جیهان بە یەک ئاراستە و یەک جەمسەری و هێژموونیی سەرمایەداری. خەباتی دوکتور قاسملوو دەبێ بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین: خەبات لەدژی ڕێژیمی پەهلەوی و خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. لە هەر دوو قۆناغەکەدا د. قاسملوو ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەبووە. هاوکار قۆناغی سەردەمی پەهلەوی و قۆناغی خەباتی نهێنی، قۆناغی خەباتی دەربەدەری و ئاوارەیی لە ئێران و لە بەغدا تا چوونی بۆ ئورووپا دەکرێ بە چەند وێستگەیەکی جیاوازتریشدا دابەش بکرێ. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە، تا هاتنیان بۆ باشووری کوردستان، ئەو قۆناغەی کە دەگوترێ باڵی نەتەوەخوازی زاڵە بەسەر باڵی چەپ و سۆسیالیستیی حیزب کە بووە هۆی دوورخرانەوەی د. قاسملوو هەتا دەگەینە قۆناغی بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی کە دوکتور قاسملوو ڕۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا.

د. قاسملوو ئەو کاتە کە لە دەرەوەش بوو باڵوێزی کورد بووە لە ئورووپا و لە کاری دانیشگاهی و مامۆستایەتیدا هەمیشە هەوڵی داوە دۆست و هاوکار و یار بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پەیدا بکا. تەنانەت بە تەنیا و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی بەدەر لە ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، ٢٦ ژمارەیان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەر کردووە کە شیکردنەوەی گوتاری حیزب و سیاسەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی بووە بۆوەی خەڵکی ئورووپایی و ڕۆژئاواییەکان ئاگادار بکەنەوە لە زوڵم ستەمەی پەهلەوی بەرامبەر بە کورد دەیکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

لە دەیەی ٧٠ ی زایینیدا ئەو دەرفەتە ڕەخسا کە د. قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستان و حیزبی دێموکرات بکاتە ئەو حیزبە مۆدێڕن و پێشەنگە و هەروەها میراتێکی گەورە بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ بێڵێ. ئەو لەو قۆناغەدا توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بخاتەوە سەر پێی خۆی، لە ڕووی بەرنامە و پێڕەو، لە ڕووی فکر و سیاسەت و بەرنامەدانان بۆ ئەو حیزبە بەپێی هەلومەرجی ئەوکات. چونکە ئەو قۆناغەی کە ئەو تێیدا حیزبی دێموکراتی ڕێک خستەوە و بەرنامە و مەرامنامەی بۆ دانا، قۆناغێکە کە زۆربەی حیزبەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان کاریگەریی بیری چەپ و مارکسیزم لینینیزمیان بەسەرەوە بوو. بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو ڕێچکەیەی بەو شێوەیە سووڕاندەوە کە لەگەڵ باوەڕمەندبوونی بە خەباتی چەپایەتی و بۆ یەکسانیخوازی و دادپەروەری و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی خستە بەرنامەی حیزبی دێموکراتە کە لە ڕەوتێکی چەپە گۆڕیی بۆ ڕەوتێکی چەپی نەتەوەخوازی کە وەکوو میراتێک لە کۆماری کوردستانەوە بۆیان مابۆوە و لە بیر نەتەوەخوازێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شەبەنگی دەداوە.

قۆناغی دەیەی کۆتایی تەمەنی دوکتور قاسملوو، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئەو ڕۆژەی تیرۆر کرا، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە بەهێزترین حیزب لە ڕووی پێگەی جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێراندا. بەڵام بەداخەوە لە قۆناغی دوای دوکتور قاسملووەوە هەتا ئێستاکەش چەند بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ئەو حیزبە دروست بووە و ئەم حیزبە بە زۆر هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و بە خۆشییەوە ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو لەسەر خەباتەکەی و ڕێبازەکەی بەردەوامن.

### بۆچی دوکتور قاسملوو لەنێو ڕێبەرانی کورددا بەرچاوترینیان بوو؟

ئەگەر چاو لە مێژووی کورد دەکەین کێشەیەکی گەورە لە بەردەم جووڵانەوەکان ئەوە بوو کە بە نەمانی سەرکردەکان، بە نەمانی سەردارەکان شۆڕش و ڕاپەڕینەکان یان چارەنووسی حیزب و ڕێکخراوەکان بەرەو هەڵدێری نەمان ڕۆیشتووە. بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو سەرکردەیەی سەردەمی خۆیەتی کە پێی دەگوترێ ڕێبەرایەتیی مۆدێڕن. ڕێبەرایەتیی بەدەر لە عەشیرەگەری و بەدەر لە شێخ و مەلا و ئەو قۆناغەی کە سەرکردەی مۆدێڕن لەنێو کورددا دروست دەبێ. ڕێبەری مۆدێڕن بە باوەڕی من لە ئاستی باشوور کۆچکردوو مام جەلال و لە ئاستی ڕۆژهەڵات شەهید دوکتور قاسملووە. ئەوانە لە قۆناغی خۆیاندا سەرکردەی مۆدێڕن بوون و ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیان تێدا بووە، کە بتوانن ببنە باڵیۆزی کورد لە ئاستی جیهاندا. دوکتور قاسملوو زۆر لە پێش سەردەمی خۆی بوو. ئەوکات کە دوکتور قاسملوو لە دەیەی ٦٠ لە باری فیکرییەوە باسی لە بەهاری پراگ و پرسی چێکۆسلواکی دەکرد و ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرت، ئەمە بە کوفرێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

زۆر گەورە دادەندرا. بەڵام چەند ساڵ دوای مەرگی د. قاسملوو بوو کە دەرکەوت بیروئەندیشەکانی ئەو چەندە کاریگەر و چەندە لەجێی خۆیدا بوون. بێگومان ئەگەر دوکتور قاسملوو کورد نەبوایە، هەم خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ دەبەخشرا و هەم پەیکەری برۆنزی لە ڕێکخراوە و ناوەندە جیهانییەکان بۆ دروست دەکرا.

سەرکردەی خاوەن ئیدئۆلۆژی و خاوەن فیکر ئەوەیە کە وەکوو دوکتور قاسملوو توانیی بەربەرەکانی بەرامبەر بە ڕێژیمێک بکا، کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە مافی کورد نەبوو. دوکتور قاسملوو لە مێژووی بڕیار و هەڵوێستەکانیدا سەلماندوویەتی کە دژی شەڕە، بەڵام کە شەڕ یەخەی گرتی، ناچاری بەگژیدا بچیتەوە. ئەوەی لەو ماوە کورتەی قۆناغی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدەست هات، ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملووی ئەوەندە بەسەرە بوو کە توانیان لە ڕێگای ئەنجوومەنی گوندەکانەوە و لە ڕێگای بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بتوانن خەڵک فێری ئازادی و دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەری بکەن. ئەو خۆسەری و خۆبەڕێوەبەرییە کە ئێستا لە ڕۆژئاوا و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەیانەوێ بیگرنە بەر و باسی لێدەکرێ، من میراتەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمانی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سکرتێریی دوکتور قاسملوو. زۆر گرینگە بتوانی لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی، بە هەموو سیاسەتە توندوتیژەکەی چ لە ڕووی سەربازی، چ سیاسی و هێرش و پەلامار و تێرۆر، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات توانیان تا نیوەڕاستی ١٩٨٥ لە نێوخۆی وڵاتدا خۆیان ڕابگرن و بەربەرەکانی بکەن و دواتر خەباتی پارتیزانیش هەتا کۆتایی دەیەی ٨٠ی درێژە پێبدەن.

دوکتور قاسملوو باوەڕێکی زۆری بە دێموکراسی هەبوو. هەرچەند نەیاران و ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکەن کە مادام ئەوەندە پێداگر بووە لەسەر دێموکراسی، بۆچی هەتا ئاخری ژیانی هەر سکرتێر و کەسی یەکەمی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەوە؟ بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرت لێرەن و شایەتیم بۆ دەدەن کە بە درێژایی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، تاوەکوو مەرگی دوکتور قاسملوو هیچ جارێک یەکەم دەنگی لە کۆنگرەکاندا بەدەست نەهێناوەتەوە. بەڵام لەنێو ئەندامانی ڕێبەریدا وەکوو سکرتێر و پێشەنگ هەڵیان بژاردۆتەوە. لەبەر پێویستیی قۆناغەکە و پێویستیی زەمەنەکە، تێگەیشتنی بۆ تەعامول لەگەڵ بزووتنەوەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا. بەشێک لە هاوڕێیانی کە لە سەرەتای دەیەی ٨٠ لێی جودا بوونەوە، باوەڕیان وا بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران خودموختاری بە کورد دەدا و نابێ بەربەرەکانی و دژایەتیی و شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ. دوکتور قاسملوو زۆر لەوان پێشتر تێگەیشتبوو کە کۆماری ئیسلامی ئەو دەوڵەت و سیاسەتەی نییە کە ددان بە لانیکەمی مافەکانی گەلی کورد تەنانەت مافی کولتووریشی دابنێ. دواتر ئەوانیش لە ١٩٨٤وە پەرتەوازە بوون و چوونەوە نێو حیزبی توودەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە ئاشتی و وتوویژ بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لەگەڵ بوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڵام بۆ دواجار ڕێژیمەکانی داگیرکەر لە کوردستان هەر دەبێ لەسەر ڕێگای مێزی وتوویژ، چارەسەری پرسی کورد بکەن. جگە لەوە دوکتور قاسملوو ڕۆڵێکی گرینگی دیکەی هەبوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەتا ئەوکاتی باوەڕی وابوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئێرانییەکان و فارسەکان لە دەرەوی کۆماری ئیسلامی ددان بە مافەکانی کورد دادەنێن، هاوسەنگی هێزی لەگەڵ ڕاگرتن. بەڵام کە بینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر بیری ڕەگەزپەرستی ئامادە نین لە ئۆپۆزیسیۆن بوونیشیاندا دان بە مافەکانی کورد دابنێن، وەلای نان و ئەوە خاڵێکی گرینگ بوو.

خاڵێکی دیکە: دوکتور قاسملوو ڕێچکەیەکی دامەزراند بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشانازییەکی گەورە بۆی بمێنێتەوە کە نەکەوتە ژێر هێژموونیی ئیقلیمی سیاسەتی وڵاتان، بەتایبەتی عێراق کە دەروازەی هاوکاری و دەروازەی، تێپەڕین و دەروازەی پارمەتیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، وەکوو ئەوەی کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. بەڵام لەسەر پاراستنی بنەمای کەسایەتیی سیاسی خۆی و سەربەخۆیی خۆی و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. من جارێکی دیکە لە قەڵای دێموکرات لە سمینارێکدا لە یادەوەرییەکدا لەسەر دوکتور قاسملوو گوتم، کە ئەوکاتەی ساتەوەختی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی "موخابراتی" عێراقی بوو، هەتا وەکوو ئەوڕۆکەش ئێمە بەڵگەنامەیەکمان نەدیوە لەسەر ئەوەی لایەنگریی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێژیمی بەعس بەسەلمێنی بە دژی پارتەکانی باشووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەشێک لە پارتەکانی کوردستانی عێراق کەوتنەوە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و دژایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**لەسەر دوکتور قاسملوو دەتوانم بە کورتی بڵێم:**

- دوکتور قاسملوو توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخاتە سەر ڕێچکە و پێگەیەک کە هەتا ئەمڕۆکەش بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە بەردەوامە.

- دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی میراتێکی مەعنەویی زۆری بۆ حیزبەکەی بەجێ هێشت. باوەڕمەند بوون، سەربەخۆیی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی پرسی کورد لە چوار بەشی کوردستاندا. ئەوەی کە ئێستا بەشێک لە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان کێشەن بۆ پارچەکانی دیکە دەیانەوێ لەو ڕێبازە لا بدەن. بەڵام ئەوەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو، و ئێستاش وەک میراتێکی مەعنەوی ماوەتەوە، سەربەخۆیی سیاسییە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستێوەرنەدانە لە کاروباری پارچەکانی دیکە کوردستان.

- دواخاڵ تێهزرین و باوەڕە سیاسییەکانی د. قاسملووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا برەویان هەیە و لەگەڵیان دەژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# داهێنانێکی بوێرانە و سەردەمیانەی دوکتور قاسملوو لە گوتاری چەپدا



**هیوا کوردی**

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە هەبووە. بەڵام کە کۆمەڵگاکان بەرەو وەرزێری و پیشەسازی ڕۆیشتن ستەمە جۆراجۆرەکان زۆرتر سەریان هەڵدا. ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزی و ... . بەرداشتی ڕووکەش لە ئایین ئەم ستەمانەی قووڵتر کردەوە.

کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگاکانی تر ئەم ستەمە جۆراجۆرانە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشێک لەم ستەمانە وەک زۆرداریی ڕەگەزی لە هەناوی فەرهەنگی کۆمەڵگا هەڵقووڵاون. داگیرکەرانی کوردستان بە یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکان چەسانەوەی نەتەوەیی و ڕەگەزییان قووڵتر کردووە.

بەشێک لە چەوسانەوەکان وەک چەوسانەوەیی نەتەوەیی دوای دابەشبوونی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوە چووە و هەر وا درێژەی هەیە.

حیزبی دێموکرات لەسەر ئەساسی لابردنی ستەمە جۆراوجۆرەکان وەک نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزی دامەزرا. لە یەکەمین بەرنامەی حیزبدا باسی ماڤی نەتەوەیی، ژنان کرا. زۆر بە ڕوونی چەوسانەوەیی نەتەوەیی بۆ خەڵک شی کراوە و بەرنامەیحیزب بوو بە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری حیزب بۆ خەبات بە دژی ئەم زۆرداررییانە. بۆ نموونە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرکۆماری کوردستان بواری دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی پێک هێنا. خێزانی ئەو لەم بارەوە پێشەنگ بوو. ژنان کە ئەو کاتی کۆماری کوردستان سەدی نەود و پێنجی نەخوێندەوار بوون لە بواری جۆراجۆر دا چالاکیان دەنواند.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی بیری چەپ زاڵ بوو و لە شۆڕشەکانی کوردستانیش ڕەنگی دابۆوە.حیزبی توودە لە ئێران هژموونی زۆر بوو. کوردستان دوای ڕووخانی کۆمار هەم لەباری هزری و هەم ڕێکخستن لە ژێر کاریگەریی توودە دابوو. تا کۆنفڕانسی دووهەم حیزبی دێموکرات لەباری ڕێکخستن و گوتارەوە بەشێک بوو لە حیزبی توودە

دوکتور قاسملوو لە ناوەندی ڕا کتێبی چەپی دەخوێندەوە. مامۆستاکەی کتێبی مارکس و ئێنگلسی وێ دەدا و دوکتور بە تامەزروویی دەخوێندەوە. لە دوا ناوەندی لە تاران لە باری گوتار و ڕێکخستنەوە لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودە دابوو.

دوکتور قاسملوو کەسێکی ڕەخنەگر و داهێنەر بوو. گوتاری چەپی بە وردی دەخوێندەوە و ڕەخنەی لێ دەگرت. جەمسەربەندیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا شەڕی سارد لەنێوانیاندا هەبوو. لە جەمسەری ڕۆژهەڵات گوتاری چەپی لنین مارکسیستی بە نوێنەرایەتی مۆسکۆ زاڵ بوو. دیارە حیزبی توودە شاخەیەک بوو لە مۆسکۆ. ڕەخنەگرتن لە فەزایەکی ئاوادا وەک ئەوەی وابوو بەرد بە کابە دادەی. دوکتور هاوکات کە لە ژێر کاریگەریی گوتاری توودەدا بوو ،ڕەخنەگرانە ئەم بۆچوونەی ڕەخنەکاری دەکرد و ڕەخنەگرانە هەڵسوکەوتی دەکرد.

دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژ زەبر و زەنگی حەمەڕزا شا زۆرتر بوو و ئەندامانی حیزب کەوتنە فشاری زۆرتر. بۆیە ئەندامەکانی حیزب حاڵەتی نیوە نەهێنیان گرتە پێش. دوکتور قاسملوو ماوەیەک لە ماڵی پێشەوا قازی مایەوە و کتێبخانەی پێشەوا قازی بوو بە قەڵەمبازێکی فکری و ڕێکخستنی ناوبراو. ستەمی نەتەوەیی بوو بە کەڵکەڵەی دوکتور قاسملوو. بەوە گەییشت کە بیری توودە بۆ چارە ئەساسی کێشەی کورد وڵام دەر نەبوو.

لە کۆنفڕانسی دووی حیزبی دێموکراتدا کومەڵە کەسێک کۆ دەبەنەوە کە ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە توودووە جیا کەنەوە. دوکتور قاسملوو یەکێک لە ئەندامانی کۆنفڕانس دەبێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## دوکتور کە لەم کۆنفڕانسە دەنگ بە سەربەخۆیی ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە حیزبی توودە دەدا.

## دوو حاڵەت بۆ بیری توودەیی دوکتور قاسملوو دێتە پێش:

١- بەر لە کۆنفڕانسی دوو بە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە خۆی لە بیری توودە جیا کربێتەوە.
٢- دوای ئەوەی بڕیاری لەسەربەخۆیی ڕێکخستنی حیزب لە حیزبی توودە داوە، بیری لەسەربەخۆیی فکریش کردووەتەوە و هەوڵی جیدی بۆ داوە.

چونکە سەربەخۆیی تەشکیلاتی سەربەخۆیی گوتاری بەدوای خۆیدا دێنێ. پێچەوانەکەشی هەیە سەربەخۆیی گوتاری سەربەخۆیی ڕێکخستنیش بە دوای خۆی دا دێنێ.

کێها لەم حاڵەتانە ڕاست بێ، دوکتور قاسملوو دوای کۆنفڕانسی دووهەم بڕیاری کارکردن بۆ سەربەخۆیی هزریشی دەست پێ کرد و خەریکی داهێنانێکی بێ وێنە بوو. بەڵام ئەم داهێنانە بوێرانەیە پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی یەکجار زۆر هەبوو.

دەبا چیا بنج و بناوانی کۆمەڵگای کوردستان و پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستانی ناسیبا. دیارە کە داوتر کوردستان و کورد وەک تێزی دوکتورای خۆی هەڵدەبژێرێ ئەم کارە لە ڕاستای ئەم لێکوڵینەوەیەوە و خوێندنەوەیە دابوو.

لێکوڵینەوە تێروتەسەل لەسەر گوتاری مارکسیستی و لیبراڵیش هەر دەخزمەت خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە گوتاری چەپدا بوو. بۆیە دواتر خوێندنی دوکتورایەکەی کە ئابووریی سیاسی بوو ئەم بوارەشی پێکا.

لە ساڵی ١٩٥٨ کە گوڕانکارییەکی گەورە لە عێراق و باشووری کوردستان ڕوو دەدات. بارزانیی نەمر لە لە چێک دوکتور قاسملوو دەبینێ و دوای لێ دەکا بگەڕێتەوە باشوور. بە گەڕانەوەی بارزانی بوار بۆ کوردەکان دەرخسێ. دان بە شەریکبوونی کورد و عەرەب لە عێراق و کوردستان دەهێندرێ.

ئەم ئاڵوگۆڕە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆر دەبێ و هەستی کوردایەتی دەبووژێتەوە. کومەڵێک ئەندامی حیزب بەهۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زەبر و سەرکوتی لەڕادەبەدەری ناوەندگەرای فاشیستیی تاران ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن. دیارە دوکتور قاسملووش دەگەڕێتەوە.

بە گەڕانەوە و دەست بە خەباتکردنی دوکتور قاسملوو ،کێشەیەک لە نێوان دوکتورقاسملوو و ئەحمەد تۆفیق ڕوو دەدات. هەندێک لێکۆڵەری مێژوویی ئەم کێشەیە دەگەڕێنەوە سەر ئەوە چونکە دوکتور قاسملوو توودە بووە ئەحمەد تۆفیقیش دژی توودە بۆیە ئەم کێشەیە سەری هەڵدا و لە ئەنجامدا دوکتور لە ژێر فشاری ئەحمەد تۆفیق و هەندێک لایەن ناچار کرا عێراق و باشووری کوردستان بەجێ بهێڵێ.

## ئەم بۆچوونە بەم بەڵگانەی خوارەوە هەڵەیە:

١- کاتێک دوکتور قاسملوو لەساڵی ١٣٣٤ لە کۆنفرانسی دوو بەشدار دەبێ و دەنگ بە سەربەخۆیی حیزب لە توودە دەدات چۆن دواتر پاشگەز دەبێتەوە؟

٢- دوکتور کەسێکی بە نەزم و دیسیپلین بوو ڕێزەکی گەورەی بۆ بڕیاری بە کۆمەڵ هەبوو. کاتێک لە کۆنگرەی دوو بەشێک لە ڕێبەرایەتی دەیهەوێ ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دەرکەن دوکتور قاسملوو دەڵێ: "هاوڕێیان زۆرتر لە هەموو کەس ئەحمەد تۆفیق منی ئازار داوە تەنانەت بە جاسووسی داناوم بەڵام ئێمە بەرنامەیەکمان پەسند کردووە پێش هەمووان دەبێ خۆمان پێی پابەند بین. ئێستا ئەو بڕیارەی ئێوە دەیدەن دژی ئەم بەرنامەیە دەبێ. بچن قسەی لەگەڵ بکەن ئەگەر ڕازی بوو لەم چوارچێوەیە کار بکا ئەوە با بێتەوە. ئەگەریش خوی ڕازی نەبوو ئەو بڕیاری دەرکردنی لە حیزب دەدەین و بڵاوی دەکەینەوە."

**کەوابوو دوکتور قاسملوو یەکەم کەس بووە کە لە حیزبی دێموکرات پابەندی ئوسوول و پرەنسیپ بووە. ئەگەر کەسێک بڵێ لە بواری بیر و ڕێکخستنەوەی توودە بوو قسەکەی بێ بنەمایە.**

٢- دوکتور قاسملوو کەسێکی دیپلۆمات بوو لەگەڵ زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دژایەتی ماڤی خەڵکی کوردستانیان نەدەکرد پێوەندی هەبوو حیزبی توودەش یەکێک لەو حیزبانە بوو.

٣- کێشەی ئەحمەد تۆفیق و دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە بوو کە ئەحمەد تۆفیق باوەڕی بە ناسیۆنالیستی ڕووت هەبوو و کوردایەتی لەسەر کوردایەتی دەکرد بەڵام دوکتور قاسملوو دەیهەویست کوردایەتی لەسەر بیرێکی ئینسانی و جیهانی بکا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بەشی چوارەم(کۆتایی)**

بۆیە زۆر وڵاتی سوسیالیستی پشتیوانیان لە حیزبی دێموکرات دەکرد. تەنیا لە کوردستان بە پیر بانگەوازی بیری ئەحمەد تۆفیق دەهاتن.

بۆیە دەکرێ بڵێین دوکتور هەم لە باری هزروە و هەم لەباری ڕێکخستنەوە خۆی لە حیزبی توودە جیا کردەوە. پێوەندی دواتری لەسەر پێوەندی دوو حیزب بوو. ئەو وەک ئەندامێکی حیزب دێموکرات لەگەڵ ئەندامانی توودە پێوەندی هەبوو.

کونگرەی دووی حیزبی دێموکرات لە ژێر شوێندانەریی بەشێک لە ڕێبەرایەتی ئەو کات و پارتێکی کوردستانی بەرەو ناسیۆنالیستی ڕووت ڕۆیشت و ناسیۆنالیست ڕووت بۆ بە بنەمای فکری حیزبی دێموکرات. هەروەها حیزب بوو بە پاشکۆی حیزبێکی کوردستانی و دووبارە سەربەخۆیی حیزب چوو ژێر پرسیار. دیارە ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی بازنەی ڕاکێشانی چین و توێژی جۆراجۆر بۆ لای حیزب بەرتەسک بێتەوە و کوردایەتی لە جیاتی ئەوەی لەسەر بیرێکی ئینسانی بکردرێت لە سەر ئەساسی ناسیۆنالیستی ڕووت دەکرا.

دوای کۆنگرەی دووی حیزب کە چەند خوێندکاری وەک شەهید ئیسمایل شەریف زادە، شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر و... لە ڕیزەکانی حیزبدا لەژێر تەئسیری چەپی مائۆیی بوون و ویستیان شۆڕشێک بە دژی ناوەندگەرای فاشیستی تاران بەڕێوە بەرن و گۆمی مەندی حەمەڕەزاشا بشڵەقێنن و ماف و داخوازیی لەمێژینەی خەڵکی کوردستانیش دابین بکەن.

ئەم بۆچوونەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات ناسیۆنالیستی ڕووتی دایە پاش و چەپی مائۆیی بوو بە بنەمای فکری خەبات بۆ چەوسانەوەی نەتەوەیی. دیتمان شۆڕشی ٤٧ - ٤٦ بوو بە لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی حیزب.

دوکتور قاسملوو کاتێک لە کۆنفڕانسی ٣ سوکانی حیزبی دێموکراتی وەئەستو گرت و بوو بە سکرتێری حیزب، سەربەخۆیی حیزبی گەڕاندەوە و بیرێکی ئینسانی و دێموکراتیکی کردە بنەمای خەبات دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی. بەم جۆرە سەرنجی دونیای بۆ لای کێشەی کورد ڕاکێشا.

بەرلە کۆنگرەی دوو دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ دوکتور قاسملوو داهێنانێکی بوێرانە لە گوتاری چەپدا کرد کە لە جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ وێنە بوو. هەر وەک گوتمان دوکتور لە ١٣٣٤ بە جیدی کاری بۆ ئەم داهێنانە فکرییە مەزنە کردەوە تا بەر لە کۆنگرەی ٣ بە ئاکام گەییشت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

لە کۆنگرەی ٣ی حیزب سوسیالیزمی دێموکراتیک لەلایەن دوکتور قاسملوو بە ئەندامانی کۆنگرە پێشنیار کرا کە لە کۆنگرە پەسند نەکرا و هەوڵدان بۆ کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی لە کوردستان دەنگی هێناوە. لە کۆنگرەی ٣ هەتا کۆنگرەی ٦ سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ لابردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی، ستەمی چینایەتی جەختی لەسەر دەکرایەوە، کە سەرئەنجام دوای شیکردنەوەی تێروتەسەلی سوسیالیزمی دێموکراتیک کە بە کورتەباس ناوبانگی دەرکرد، بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب و ئەندامانی کۆنگرەی ٦ شی کراوە. دوای باسێکی تێروتەسەل و ڕەخنەگرتنی بێ بنەما بە پەسندی زۆرینەی کۆنگرە گەییشت.

کاتێک ئەم داهێنانە گەورەیەی کاک دوکتورمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕەخنە لە چەپ لە جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان باسی سەر بوو؛ وەک ئەوە بوو بەرد بە کابە دادەی. بەڵام دوکتور قارمانانە و ڕەخنەگرانە ئەم داهێنانەی مەزنەی کرد کە بۆ مێژووی کورد و کوردستان و هەموو شۆڕشێکی ئازادیخوازانەی بێ وێنە بوو.

ڕووحی ئەم ڕێبەرە مەزنەمان شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.


ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوولای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملووی ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر




### بۆ چی ئەم بابەتەم بڵاو دەکەمەوە؟

ئەمشەو لە ڕێگەی پۆستێکی فەیسبووکی د.ئاسۆ حەسەنزادە، ئاگادار بووم کە مارک کراڤێتس، ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی فەرانسەیی و دۆستی د.قاسملوو، ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبر(دوێنێ) کۆچی دوایی کرد. ئەم وتارەی خوارەوە لە نووسینە جوانەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە کاتی خۆی بە دوای تیرۆری د.قاسملوو لە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"دا بڵاوی کردبۆوە. ساڵی ١٩٩٩(١٣٧٨) لە ١٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا، زیندەیاد کاک فەتاح کاویان لە سەر داوای من، ئەم نووسینەی لە ئینگلیزییەوە کرد بە فارسی. منیش لە فارسییەوە کردم بە کوردی. کوردی و فارسییەکەی ئەم وتارە لە ژمارە ٢٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. وەک یادکردنەوەیەک لەم دۆستە بەنرخەی بزووتنەوەی کورد و وەک وەفایەک بۆ خزمەتەکانی کراڤێتس بە پرسە ڕەواکەمان، هەر وەها بۆ ئەوەی نووسەران و توێژەرانی سەردەمی ئێستا دەستیان بە وەرگێڕاوی ئەم نووسینەی ڕابگا، پێم باش بوو بە بۆنەی کۆچی دوایی مارک کراڤێتس دووبارە بڵاوی بکەمەوە.

قادر وریا ٣٠ - ١٠ - ٢٠٢٢

عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩لە ڤییەن تیرۆر کرا، هەم وەک ڕێبەری یەکێک لە کۆنترین و ڕەسەنترین بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجڕاکێشبوونی کەسایەتییەوە، هەروەها لە باری ئیعتیبار و نفووری نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتوویی یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێ وێنەیەی لە شیکردنەوەی دابونەریتەکان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لە توێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا کە بریتین لە: ئازادی، دێمۆکراسی و ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو. بەڵام بۆ خەڵک [ی جیهان] ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوون و مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون و نە ژیانێکی نهێنی و پڕڕەمز و رازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر رێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باس کردن و هەبوونی پێوەندیی گەرم و گوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ باشتر ناساندنی، سەفەری بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین ـ لە قووڵایی دۆڵێک و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقیدا زیاتر پێ خۆش بوو ـ ناوچەیەک کە زوو زوو ناچار بە گوێزە گوێز و گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لە گەڵ بوو.

ئۆگر و ئەویندار کتێب و شەڕابی چاک بوو. دیارە زۆر بە هاسانی دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا. هەروا کە زۆر بە سانایی لە سەر مێزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی یەش تەنیایی و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکان دا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیک ٦٠ ساڵی ـ لە دیسامبری داهاتوو دەبوو بە ٥٩ ساڵ ـ سەفا و گەرم و گوڕی و خۆمانە بوونی ئینسانێکی وریای رۆژهەڵاتی لە گەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کۆڕی زانیاری) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو رادەیە کە لە سەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندەش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بە هاسانی دەیتوانی توند و تیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی ـ چەکدارانە لە گەڵ شک و گومانێکی سەرچاوە گرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتە و یەکدیگر بکا.

قاسملوو لە بواری ئابووریدا پلەی دوکتۆرای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی، فارسی و عەرەبی دا، شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکانی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلیر، واڵت ویتمەن یا تی . س . ئیلیۆتی بە نموونە دێناوە . ئینسانێکی سەمیمی، بێ فیز و خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بە پاراوی و بە هاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لە گەڵ هەر کەس دوابا و هەڵسوکەوتی هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە ]ی ژێررێبەرایەتی]ی خۆی، چ رووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و راست، هەستێکی وەک یەکی تێدا پێک دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لە گەڵ بووبێ، پێ لەم راستییە دەنێن کە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

كـردوون و بـۆ لای خـۆی ڕایكێشـاون. لـه‌م سـه‌ده‌یه دا كـه‌م كـه‌س هه‌یـه ئـه‌و هـه‌موو ئینسـانه جۆراوجـۆره لـه بـاره‌ی شه‌خسییه‌ته‌كه‌یه‌وه هاوده‌نگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وه‌ک كۆمۆنیستێک و له حیزبی تووده‌ی ئێراندا ده‌ست پێ كرد و هه‌تا ئاستی ڕێبه‌رییش له‌م حیزبه‌دا چووه پێش. پاش پازده ساڵ گوتنه‌وه‌ی ده‌رسی ئابووری له [زانستگه‌ی] پراگ، له ئوتی ١٩٦٨ له سه‌ر مه‌سه‌له‌ی ده‌خاڵه‌تی شووره‌وی له كاروباری چیكوسلۆواكی‌دا، وازی له حیزبی كۆمۆنیست هێنا . ئه‌گه‌رچی بیروڕای تێكه‌ڵ به ده‌مارگرژی و دووگماتیكی ماركسیزمی وه‌لانا، به‌ڵام قه‌ت حاشای له ڕابردووی خۆی نه‌كرد. به‌ڵكوو به هه‌ڵه‌كانی خۆیدا چۆوه و بۆ تێگه‌یشتنی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه كه له كوێ و كه‌نگێ دادپه‌روه‌ری له گه‌ڵ بێعه‌داڵه‌تی و ڕاستی له گه‌ل درۆ و ـ ته‌نانه‌ت له گه‌ڵ تیرۆر و وه‌حشه‌ت ـ دا ئاوێته‌ی یه‌ک بوون، هه‌لومه‌رج و بارودۆخه سیاسی یه جیاوازه‌كانی شی ده‌كرده‌وه و لێک ده‌دایه‌وه. ئه‌و به تایبه‌تی زیره‌كی و هه‌ستێكی ئه‌وتۆی هه‌بوو كه گیروگرفته‌كانی خه‌باتی سیاسی له كۆمه‌ڵێكی "دواكه‌وتوو" دا به باشی تێ ده‌گه‌یشت (بۆخۆی هه‌موو جارێ وشه‌ی دواكه‌وتووی به‌كار ده‌هێنا). كۆمه‌ڵێک كه به هۆی نه‌بوونی هه‌رچه‌شنه پێوه‌ندییه‌ک له گه‌ڵ دنیای ده‌ره‌وه‌دا و به هۆی بێبه‌شی له مافی بیروڕا ده‌ربڕین و بڕیاردان، ته‌نانه‌ت له بواری ده‌ستراگه‌یشتن به فه‌رهه‌نگه‌كه‌ی خۆشیدا، وه‌دوا كه‌وتوه. به‌ڵام ئه‌و ئاماده نه‌بوو ئه‌م دواكه‌وتوویيه بكا به بیانوویه‌كی ئیدئۆلۆژیكی به مه‌به‌ستی په‌نا بردن بۆ زێده‌ڕۆیی جۆراوجۆری وه‌ک بره‌و پێدانی توند و تیژی ته‌نیا له به‌ر نه‌فسی توند و تیژی، بره‌و دان به په‌رستنی شه‌خسییه‌تی ڕێبه‌ر (كیش شخصیت) له ڕێكخراوه‌یه‌كی سیاسیدا، یان دیكتاتۆری حیزبی سیاسی به سه‌ر گه‌لێک و هتد دا.

جگه له مه‌ش، له گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌دا نه‌بوو كه گرینگ نییه له پێوه‌ندییه گشتییه‌كان و له وتوویژ له گه‌ڵ ڕاگه‌یه‌نه گشتییه‌كاندا، به جۆرێک بدوێ، به‌ڵام له مه‌یدانی كرده‌وه دا ئه‌و قسانه‌ی كردوونی له بیر خۆیانی به‌رێته‌وه.

شانازیی گه‌وره‌ی كه هیچ كات له دووپاتكردنه‌وه‌ی ماندوو نه‌ده‌بوو، ئه‌وه بوو كه ئه‌وه‌نده‌ی ده‌گونجێ ده‌بێ بایه‌خ و ئیده‌ئاله ئینسانی یه‌كان له تێكۆشان و كاروباری ڕۆژانه‌ی بزووتنه‌وه دا، ڕه‌نگدانه‌وه‌یان هه‌بێ. حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران هیچ كات له گه‌ڵ زیندانییه‌كان به خراپی ڕه‌فتاری نه‌كردوه. له پێوه‌ندی و هه‌ڵسوكه‌وت له گه‌ڵ خه‌ڵكدا په‌نای بۆ فشار و زۆره‌ملی نه‌بردوه. قه‌ت بارمته‌ی نه‌گرتوون، هیچ كات فڕۆكه‌ی نه‌ڕفاندوه یان له نێو ئوتوبووسێک، بازاڕێک یان یه‌كێک له شاره‌كانی دوژمندا بۆمبی نه‌ته‌قاندۆته‌وه. دیاره حیسێبی شوێن و ناوچه نیزامییه‌كان جوێیه.
قاسملوو ئه‌گه‌رچی ئینسانێكی بێباک و نه‌ترس بوو، به‌ڵام له باری ئوسوولییه‌وه دژی تیرۆریزم بوو، ئه‌گه‌رچی ده‌یزانی ده‌بێ چ نرخێكی گران بابه‌تی هه‌ڵوێستێكی له‌م بابه‌ته ببژێرێ. هه‌ر بۆیه زۆر جار وێڕای ئیشاره كردن به‌م مه‌سه‌له‌یه،



سه‌رچاوه Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

زۆر بە داخەوە نارەحەتی لەوە دەردەبڕی کە راگەیەنە گشتییەکان گرینگییەکی ئەوتۆ بە مەسەلەی کوردەکان نادەن. جارێک لە جێیەک نووسیبووی: تاقمێکی بچووک دەتوانێ لە رێگای بارمتە گرتنەوە، یان دانانەوەی بۆمبێک ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بزووتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکان کە پەنا بۆ تیرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر کراون.

نوامبری ١٩٧٩، هەر لە یەکەم رۆژی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاراندا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای دوکتور قاسملوو، رزگاریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان ڕزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەر وەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسییە کە ئازادی و دێمۆکراسیی بۆ هەمووان بە دواوەیە.

بەم حاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی رێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاوڕێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لە شەڕی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق ( ١٩٧٥ - ١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتیژیکییانەی کی سینجێر شییان دەکاتەوە و لە مێشکی خۆی دا بە نیازخراپییەوە بیریان لێ دەکاتەوە، دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێک بەر لە مردنی کە ڤیزای سەفەر بۆ ئامریکای پێدرا، قەت رێگای چوون بۆ ئەمریکای پێ نەدرا. راست لە رۆژەکانی بەر لە سەفەری ڤییەن، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێک کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەر چی لە سەر ئاکامە سیاسییەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناڕوون نەبوو.

ئەو چاک دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێک لە خوێندەوارانی جیهان لە گەڵ کێشەی کوردەکان (نەک هەر لە گەڵ پێنج میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لە گەڵ ٢٥ میلیۆن کورد کە بە سەر چەند وڵاتدا، دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بێ، بە هیچ جۆر ناتوانێ دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسییە ئوروپاییەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لە جێ دا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیان دان.

ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم راستی یەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بە گشتی رێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕ و کۆمەڵە رەسمییەکاندا وەردەگیرا. لە باشترین حاڵەتدا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لە مێژینە و پێوەندیی [حیزبەکەی] خۆی لە گەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنی یان لە رێگای دوستێکییەوە، گیروگرفتێک کە بۆ وی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکاردێستەن، بە هەستێکی تا رادەیەک دۆستانەوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەردەمێک دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیویێتی فەرهەنگێکی فەرانسە ـ کوردی کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارە بوو، سەر لە نوێ چاپ بکاتەوە.

قاسملوو ئینسانێکی ریئالیست بوو. باش لە بیرمە جارێکی گوتی لە کۆتایی سەدەیەکدا کە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیر کردنی ناسیۆنالیزمێکی لەرزۆک و ناقایم، لە تایبەتمەندییە بە چاوەکانیەتی "هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە کە ئیجازە بە کوردەکان بدرێ لە سەر وێرانەکانی سێ نەتەوەی دیکە، وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بێنن" ناتوانێ شتێکی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەویست نەک سەربەخۆیی بۆ کوردەکان. بەڵام دوژمنەکانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاکتیکێکی فریو دەرانەیە، تاکتیکێک کە بە شێوەیەکی ناشیانە بۆ شاردنەوەی بیروڕای جیاوازیخوازانە کە ناوێرێ دەری ببڕێ و یەکەم هەنگاوە بۆ پێکهێنانی "کوردستانی گەورە" و یەکگرتوو کردنی کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و تەنانەت کوردەکانی سووریە و یەکیەتیی شووروەوی، کەڵکی لێ وەردەگرێ. لەم بارەوە تەنانەت کەسێکی نائاخوندی وەک بەنی سەدریش لە گەڵ ئاخوندە بنیاتگەراکان تەواو هاو بیروڕا بوو.

دەستووری کوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە کە وەک تەنیا کەسی غەیرە ئاخوند بۆ مەجلیسی "دامەزرێنەران" هەڵبژێردرا و، لە بەر هۆی ئەمنییەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست، درا بوو. ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنیدا بە ئاشکرا بە داخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی: "خۆزگە هاتبا. من وام دانا بوو ئەگەر هاتبا لێرە رامگرتبا".

سێزدەهەمی ژوئییە رۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان [جێژنی قوربان] بوو، هەروەها شیعەکانیش لەم رۆژەدا، رێزیان لە چلەمین رۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بە رێکەوت بوو؟ ئایا ئەو بکوژانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان کردبووە بەر و، لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانییەوە مەئمووریەتیان پێدرابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە کە ویلایەتی (وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) ئیمزای کردبوون، لە تارانەوە هاتبوون، بە ئەنقەست لەم رۆژەدا کە رۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند؟!


**لە ژمارە ٢٧٢ی رۆژنامەی "کوردستان"، تایبەتی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو هەر وەها لە کتێبی "قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە"دا(ساڵی ٢٠٠٥) بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## عەبدولڕەحمان ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا وەک ئاڵا چەقیوە و بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە.



ن: مووسا عەنتەر

و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی

دوو گەنجی کوردی خەڵکی ورمێ لە ئیستانبوڵ دەیانخوێند؛ حوسێن قاسملوو لە بەشی ناوخۆیی زانکۆی تەکنیکی دەژیا و لەو زانکۆیە دەیخوێند. ئەحمەد قاسملوو'یش لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند و لەو بەشی ناوخۆییە دەژیا کە من دامەزراندبوو. پێم وابێت ساڵی ١٩٤٥ بوو، ڕۆژێک حوسێن گەنجێکی تازەپێگەیشتووی چاوگەش و بلیمەتی بۆ لای من هێنا و گوتی: "کاک موسا، ئەمەیش عەبدولڕەحمانی برا بچووکمانە".

عەبدولڕەحمان ئەو ساڵە لە ئێران قۆناغی ئامادەیی تەواو کردبوو و بۆ خوێندن هاتبوو. گەنجێکی چوست و بەرچاو بوو. لە سەرتاپای جەستەی وزەی کۆمەڵایەتی هەڵدەقوڵا. برا گەورەکانی، ئەحمەد و حوسێن وەک ئەو نەبوون.

عەبدولڕەحمان هەرەزیاد مەیلی بەلای هونەرەوە بوو. دەیویست لە کۆلێژی ئەدەبیات سۆسیۆلۆژی بخوێنێت. لەوێ ناونووسم کرد. لە بەشە ناوخۆییەکەی من دەمایەوە. زۆربەی ئەو کاتانەی وانەی نەدەبوو، لای من کاتی بەسەردەبرد. ئەو بەردەوام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا.

دوای نزیکەی پێنج مانگ ئارەزووی لە کۆلێژی ئەدەبیات نەما و سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەستی پێ کردەوە. لە هەموو هەلێکدا بە منی دەگوت خوازیارە بچێت بۆ ئەورووپا. ئەو سەردەمە، ڕۆژی هەینیی یەکەمی هەموو مانگێک دەچوومە مالی دادە مەزیبەت خاتوونی خوشکی کامەران بەدرخان لە شیشلی و لەوێوە تەلەفۆنمان بۆ کامەران بەگ دەکرد کە ئەو کاتە لە پاریس دەژیا. ڕۆژێک باسی ئارەزوو و لێهاتوویی ئەم گەنجەم بۆ کامەران بەدرخان گێڕایەوە. گوتی: "سەر سەر و سەرچاو. کوڕی خۆم، بۆم بنێرە. من لێرە بورسێکی بۆ دابین دەکەم." کاتێک ئەم مزگێنییەم بە عەبدولڕەحمان گەیاند، فرە شادمان بوو. پێم گوت: "بەلام مەرجێکم هەیە؛ ئەگەر برا گەورەکانت ڕازی بن..." وەک ئاگر وابوو. هەر ئەو ئێوارەیە هەر دوو برا گەورەکانی گەیاندە کنم. هەردووکیان ڕازی بوون، بەلام گوتیان پارەی پێویستیان پێ نییە و نامە بۆ ئێران دەنێرن و پاشان عەبدولڕەحمان بۆ ئەورووپا بەڕێ دەکەن.

گوتم: "پارەتان لێ ناخوازم. من ئەم ئەرکە دەگرمە ئەستۆ. برای ئێوەیە، برای منیشە." عەبدولڕەحمان بە ماوەیەکی کورت ناوی خۆی لە زانکۆ سڕییەوە، بەلگەنامەکانی ئامادە کرد و لە وێستگەی سرکەجییەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێمان کرد. بێگومان شەڕی دووەمی جیهانی بەکۆتا هاتبوو.

عەبدولڕەحمان پاش ئەوەی گەیشتە پاریس، چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی ئەدەبییەوە پەیوەندی لەگەل من نەپچڕاند. دوای ئەوەی بە جوانی فێری زمان بوو و دەوروبەرێکی گونجاوی دۆزییەوە، هەر بابەتێک دەربارەی ئاشتیی جیهانی هەبوایە و هەر بابەتێکی زانستیی ناو کتێبخانەکانی ئەوێ کە بۆ من سەرنجڕاکێش بوایە، نامە بۆمی دەنارد. کامەران بەگیش پێی سەرسام بوو. عەبدولڕەحمانیش بێ سنوور ڕێزی لە کامەران بەگ و هاوسەری پۆلۆنیایی وی دەگرت. ئەویش حسێبی کوڕی خۆی بۆ عەبدولڕەحمان دەکرد.

کامەران بەگ لەبەرئەوەی خالی هاوسەری من بوو، منی بە خوارزا ناودەبرد و جارێک لە تەلەفۆندا گوتی: "کوڕم، لەبەرئەوەی مندالم نەبوو، خەمگین بووم. بەلام تۆ و عەبدولڕەحمان ئەو کێماسییەتان بۆم پڕ کردەوە. ئێستا زۆر بەختەوەرم. بشمرم، وەجاغم ڕۆشنە." کامەران بەگ بەو قسەیە شەرەفی پێم بەخشی و لە ژیانمدا گەورەترین میهرەبانی بۆم نواند. مەحالە بتوانم بە وشە گوزارە لەو شەرەف و شکۆیە بکەم. دوای نواندنی ئەو میهرەبانییە بەردەوام وا هەستم دەکرد وەک ئەوەی کوڕی کامەران بەگ بم. بە درێژایی ژیانم هەموو هێز و توانای خۆم خستە کار بۆ پاراستنی ئەو شەرەفە. ئێستایش کەسایەتیی شکۆداری ئەو کلاوڕۆژنەی ژیانی منە. پێم وایە ئامۆژگارییەکانی کامەران بەگ لە بواری هەستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی چوارەم(کۆتایی)

نەتەوەییدا ڕۆڵێکی گەورەیان لەوەدا هەیە کە من توانیومە تا ئەمڕۆ لە سیاسەت و ئاکاردا لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم. ئەگەر سەرنج بدرێت، عەبدولڕەحمانیش لەسەر هەمان بیر و باوەڕ بوو. بەڵام ئەو لە من بەختەوەرتر بوو، چونکە مردنەکەیشی شەرەفمەندانە بوو. وای چەند بەختەوەر دەبم ئەگەر منیش شانسم هەبێت و وەک ئەو لە پێناوی گەلەکەمدا شەهید بکرێم! عەبدولڕەحمان ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا وەک ئاڵا چەقیوە و بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە. ئەدی مەگەر ئەمە ترۆپکی شەرەف نییە؟!


سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




https://serchawe.com